# ڕیشی حەیدەر

# ڕیشی حەیدەر


نووسەر: ئارام حەسەن

بابەت : ڕۆمان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : ئومێد محەمەد

هەڵەچنی: سەلام مستەفا

ساڵی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٩

چاپی دووەم ٢٠١٩

تـــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ( ٥٠٠٠ ) دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٢٥٣ )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

رۆمان

# ڕیشی حەیدەر

ئارام حەسەن

چاپی دووەم
٢٠١٩

## بۆ وازمان لێناهێنی کاکەی نووسەر

تۆ هەقت چییە بەسەر کۆنەچاڵی ئەقڵمانەوە، خاڵییە یان خاڵی نییە بەتۆ چی!

ئەی ئەوە نییە لەبری باگردێن، سینی سەتەلایتمان لە سەربان داناوەو لەجیاتی گۆرەوییبازی و کڵاوێن پۆپجی ئەکەین...

ئەوە نییە کەرەڕێ و باریکەڕێ و تولەڕێمان کردووە بە ئەتووبان، دیوەخان و تەویلە و گەوڕیشمان گۆڕیوە بە ئاپارتمان و مارکێت و کۆگای بازرگانی...

ئەوەتا... بابۆڵەمان کرد بە پیتزا و شاورمە و فنگر و کنتاکی، فتیلەمان گۆڕی بە سورەییا و چرای ڕەنگاوڕەنگ، شێخ و مەشایخ و کوێخا و مەلا و ئاغامان کردووە بە وەزیر و سەرۆک و مەرۆک و بەڕێوەبەری گشتیی، لەبری یەک حوجرەش، یەک دنیا زانکۆ و سەنتەر و ناوەندی رۆشنبیریمان هەیە...

لەوە زیاتر چیت ئەوێ تۆ؟!

ئارام حەسەن
٢٠١٩-٢-٢٥

ڕیشی حەیدەر:
پێشکەشە بە کۆمەڵگەی کوردەواری

# بەشی یەک:

# کەر بە جۆ بمرێ... شەهیدە

نـادراوا...

گوندێکی جوان و دووره دەست بوو، ئەو چەند منداڵەی خرابوونە بەرخوێندن، ڕۆژانە بەدەم ڕاوڕاوێن و پێکەنین و گاڵتەوگەپەوە دوو سەعات ڕێیان دەبڕی تا دەگەیشتنە قوتابخانەکەی گوندی (مێشوولان)...

وەختێ گزنگی بەرەبەیان نادراوای ڕۆشن دەکردەوە، ئەو دارەبەنانە دەردەکەوتن، کە مینەی حەکیمەگێژ ساڵانە بەکرێ دەیدان بە بنێشتکەرە هەورامییەکانی شارۆچکەی بیارە...

(مەلا بەدرەدین)ی بە ئەسڵ بانەیی... مەلای مزگەوتە بچووکەکەی نـادراوا بـوو، لەسەرسکی خەڵکی نـادراوا دەژیا...

ئاواییەکی بە دارودەوەن تەنراو، هەموو نسارەکان گەلاجاڕی چڕووپڕ بوون، لە دوای جەژنی نەورۆز، هەندێک لە کچان و ژنان بە کنگر هەڵکەندنەوە سەرقاڵبوون، هەندێکیش بە بێڵەکان گیا سالمەیان هەڵدەکەند، دواتر وشکیان دەکردەوە و لەناو دۆدا دەیانکوڵاند، لە دوای وشککردنەوە بە پارەیەکی باش دەیانفرۆشت بە خەڵکی شار، چونکە بۆ هەوێنی دۆندرمە بەکاردەهێنرا...

گشت خانووەکان لە یەکتر دەچوون، شەوان تا درەنگ چەند گەنجێک لە سەربانی مزگەوت، بە چەپڵەوە گۆرانی شادییان دەگوت، هەندێکی تریش هەر شەوە لە ماڵێک کۆدەبوونەوە، بەدەم گۆرەوییبازی[١] و گامەلاس[٢] و گەڕەلاوژەوە[٣] شەوگاریان دەکرد بەدوو کەرتەوە.

لە نادراوا یەک ئاشی ئاو هەبوو، سابەگێڕ و حەمەهەتیو دەیانگێڕا... سۆفی سەلیم هەموو بەیانییەک پێش مەلا بەدرەدین دەگەیشتە مزگەوت، سۆنەئاسا خۆی لە حەوزی

---

١- گۆرەوییبازی: یاریەکی کوردەوارییە، بە پێنج جووت گۆرەوی لەنێوان دوو کەس یان زیاتر دەکرێت.

٢- گامەلاس: یاریەکی کۆنی کوردەوارییە، لە نێوان دوو کەسدا دەکرێت، لە ژوورێکدا چاویان دەبەستنەوە، هەر یەکەو دەستێکی بە دەستی ئەوی ترەوە دەبەستریتەوە، دوو پشتێنی جلی کوردی لە شێوەی گورز گرێ دەدرێت و دەدرێتە دەست هەر یەکێکیان، دواتر دەکەونە سەر چۆک، هەر جارەو یەکێکیان بانگی ئەوی تر دەکات و بەپێی ئاراستەی دەنگەکە گورزێک دەوەشێنێت، ئیتر یان بەر شان و مل یان کەللە سەری ڕکابەرەکەی دەکەوێت یان ناکەوێت، پێویستە هەردوولا زیرەکانە گورزەکە بوەشێنن، چونکە ئەوەی کە وەلام دەداتەوە جێگۆڕکێ دەکات، بۆئەوەی گورزەکەی بەرنەکەوێ.

٣- گەڕەلاوژە: یارییەکی کوردەوارییە و لە مەجلیسدا دەکرێت، پێویستە بە ڕیز هەر یەکە و گۆرانییەک بڵێ، یان لاسایی کەسێک یان ئاژەڵێک بکاتەوە، یا چیرۆکێک بگێڕێتەوە ئەگەر نا بە هەموان ڕووتی دەکەنەوە و گاڵتەی پێدەکەن.

مزگەوت هەڵدەکێشا و لەشپیسیی لە خۆی دەردەکرد، تەنانەت لە زستانیشدا ئیشی خێری شەوبوێر نەدەکرد، هەموو بەیانییەک خۆیدەکرد بە ژێر سەهۆڵی ئەو حەوزەدا کە تایبەت بوو بە دەرکردنی وسڵی لەشپیسیی...

(پیرێژن گلێن) دەکەوتە ئەوبەر ئاوایی، هەرکەس تەماشای کردبا، کتوپڕ ئەو ئێوارەی وەبیر دەهاتەوە کە هێسترەکەی نالەجۆڵا بە بارەوە کەوتە خوارەوە و هەپروون هەپروون بوو.

مینەی حەکیمەگێژ...

یەکێک بوو لە گوندنشینانی نادراوا، باوو باپیرانی لەوێ ژیابوون و هەر لەوێش مردبوون، زۆر بە زەحمەت دەژیا، وەختێ بە هەزار کوێرەوەری جامانەیەکی تازەی دەکڕی، دەیکرد بە دوو پارچەی یەکسانەوە، پارچەیەکیانی لەسەر دەبەست و ئەوی دیکەشی لە کوڕەکەی دەشاردەوە بۆ دوای ئەو.

تازە بەتازە پەڵەی دابوو، بەیانییەک تاریک و ڕوون مینەی حەکیمەگێژ نوێژی کرد و بەرەو ماڵی یارئەحمەد ڕۆیشت، جووتە گاکەی لێوەرگرت بۆئەوەی دێبەرەکەی خۆی بکێڵێت...

وەختێ ڕەحمەی ژنی بە بوخچەیەکەوە گەیشتە دێبەرەکە، مینەی مێردی دوانزە هێڵ زەوی کێڵابوو، هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای هاواریکرد:

- «خوا تۆفیقتبا ئەمین»
- «جەرگت نەسووتێ یاخوا، خێرا چاییەکە دەمکە، پسام لە برسا»

باوەشێک کەڕەگەڵا[٤]و چیلکەوچەوێڵی هێنا، ئاگری کــردەوە، بـە فـوو ئـاگـرەکـەی خـۆشـکـرد، قۆرییـە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی لە نزیک ئاگرەکە دانا، نان و چایی ئامادەکرد، بەدەم بەرچایی کردنەوە مینە لێیپرسی:
- «حەیدەر لە ماڵ بوو؟»

- «ئەرێوەڵڵا، کە هاتم لەسەر بانیژەکەوە لە نارنجی ئەڕوانی»
- «ئاخ خوایە بە قوربانتبم، چۆن گیرم خواردووە بە دەست ئەم کوڕەوە، پارەم نییە پارە، ئەگینا سوبحەینێ شاییم بۆ ئەگێڕا، دڵیشم نایە ئیش و شتی پێبکەم، هەر ئەو تاقە کوڕەمان هەیە»
- «خوا کەریمە، ئیشەڵڵا کوڕەکەمان بە مرایی خۆی ئەگا»
- «کچێ ڕەحمە خۆزگە بمزانیایە ئەم هەتیوەی من بۆ ئەونە شێت و شەیدای ڕیشە، لە فکرت ماوە کە مناڵ بوو لە کۆشما دائەنیشت، دەسی بە ڕیش و سمێڵما ئەهێنا و ئەیوت باوەگیان کەی ڕیش و سمێڵی منیش ئەڕوێ؟»

٤- کەڕەگەڵا: وشکەگەڵا یاخود گەڵای ڕزیو.

- «ئەرێوەڵڵا باشم لە بیرە، بە منالّیش حەزی لە تووک و مووک بوو، حەمدوسەنا بۆ خوا ئێستە گەورەیە شکوور، بە ڕیش و سمێڵی خۆی شادبووە، ڕۆژی سەدجار بە شانە دارەکەی من ڕیشی دائەهێنێ»
- «ئەی لە بیرتە کاتێ وتی حەزم لە نارنجی خاڵەعیسایە، وتم کوڕە خۆ جارێ مووت لێنەهاتووە نارنجت بۆچییە، بیرتە چۆن هەڵیتیزان و تووڕەبوو؟»

بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:
- «باشم لە بیرە لەدەوری سەری گەڕێم، بە خوا بەخوا ئەو کوڕە لە دارەی دنیا نارنج و ڕیش نەبێ هیچی تری ناوێ»
- «کچێ دە ئاخر وایش نا، ئەم ڕیشە بوو بەچی، گووی سەگم تێکرد، ئاخر خۆ ئەوە بۆ یەک دوو ساڵ ئەچێ لەبەر تووک دەم و دیانیم نەدیوە»

حەیدەر...
هەرزەکارێکی کەڵەگەت، لاواز و ڕووتەڵە، زەردەڵەیەکی هەمیشە بێتاقەت، دەمارەکانی پشتەدەستی هەڵتۆقیبوون، هەر کەس نەیناسیبا هەستیدەکرد گەنجێکی تووڕەیە، چونکە بە ئاسانی نەدەچووە ناو دڵان، خودا زۆر بە خوێنتاڵیی خەڵقی کردبوو، بەزستان و هاوین لە

(گۆمەمێلۆ) خۆی دەشۆرد، زۆر حەزی لە کڵاووجامانە بوو، تاقەتی مەجلیسی گوندنشینانی نەبوو، هەرچەند باوکی دڵی نەدەهات ئیشی لادێی پێبکات، بەڵام ئەو هەمیشە وا دەردەکەوت کە گێرەی نیسکی کردبێت، زیاد لە پێویست گرنگی بە ڕدێنی[٥] خۆی دەدا، هیچ هۆکارێکی گرنگیش نەبوو هەتا بەو شێوازە ڕیشی خۆشبوێت، جگە لە حەزێکی هەرزەکارانە و کەللەڕەقیی...

بە پێچەوانەی پیاوانی نادراوا، کە هەیبەت و مەردایەتی و پیاوبوونی خۆیان لەناوگەڵیاندا دەبینیەوە، حەیدەر هەمان ئەو مەردایەتی و شکۆ و هەیبەتەی لە تاڵ بەتاڵی ڕیشیدا بەدیدەکرد...

هەمیشە بە چڵێک پووش خەریکی خوراندنی ڕیشی بوو، شەوانە درەنگ خەوی لێدەکەوت، کەمخۆرێکی بێوێنە بوو، ئەوەندە ملەقوتەشی کردبوو بۆ بانیژەکەی ماڵی خاڵەعیسا، ملی کەمێک کشابوو، تێکەڵ بە کوڕوکاڵی ئاوایی نەدەبوو، لە نارنج بەدەر تەماشای هیچ کچۆڵەیەکی تری نەدەکرد...

بەیانیان بە قاتێک ڕانکوچۆغەی باوکییەوە کە هەشت نۆ پینەی ڕەنگاوڕەنگی پێوەبوو، دەهاتە سەر بانیژەکەیان و بەرامبەر نارنج ڕادەوەستا، دەستی بە ڕیش و سمێڵیدا دەهێنا، زۆرجار بە کراسێکی بۆر و چڵکنەوە دەردەکەوت، بەپشتێنێکی قاوەیی، ناوقەدی خۆی دەجەڕاند، هەرگیز

٥- ڕدێن: ڕیش.

گـۆرەوی لـەپێ نـەدەكـرد چونكە نـەیبـوو، بـە جووتێك كەوشـی لاستیكەوە پیاسـەی دەكـرد، یەكێك لـە پارچە جامانە كۆنەكانی باوكی لە پشت برۆ ئاڵۆزكاوەكانیەوە قوت قوت دادەنا، ئەو خاڵە شینەی نارنج لە كادانەكەی[٦] خۆیان، لەسەر تیژایی لووتی بۆی كوتابوو، لە دوورەوە شینی دەكـردەوە، دوو چاوی ڕەشی قەترانی لەژێر برۆ ڕەشەكانی دەبریسكانەوە... برژۆڵەو بـرۆی تێكەڵبوون، یەكپارچە ڕوخسارێك بوو لە مووی ڕەش...

ڕقی لەو پۆلیسانەش بوو، كە بە سواری ئەسپە لەڕەكان بۆ قۆڵبەست كردنی سامسام و پیاوەكانی دەهاتنە نادراوا، بە ئاشكرا ئەو شانازییەی پێوە دیاربوو كە بە مووەكانی ڕوخساریەوە دەیكرد، هیچ شتێكی هێندەی ئەو مووانە لەلا گرنگ نەبوو، تەنانەت ناوبانگی ڕیشەكەی گەیشتبووە دێهاتەكانی تریش...

زۆرجار ڕیشی دەبووە باعیسی ناڕەحەتی بۆ باوكی و بۆ نادراوا، هیچ ناسنامەیەكی بۆ دروست نەكرابوو، مۆركی عێراقیبوونی پێوەنەبوو، نە ڕەگەزنامەی هەبوو نە هیچ، چونكە ئامادەنەبوو ڕدێن بتاشێت و یەك وێنە بگرێت بۆ ناسنامە، ناوی لە هیچ ئامارێكی وڵاتدا تۆمار نەكرابوو...

دەمـەو ئـێوارە بـاوكی جـووتـەگـاكـەی بـردەوە بۆ یارئەحمەد، وەختێ گەیشتەوە ماڵ، هێشتا كوڕە تاقانەكەی

٦- كادان، یاخود كایەن: شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی كا.

بەرامبەر ماڵی نارنج ڕاوەستابوو، مینە سەرێکی بادا و پێیگوت:

- «چۆنی ڕۆڵە»
- «بەخێر بێیتەوە باوەگیان»
- «وەرە ڕۆڵە با بچینە ژوورەوە، ئەوە تۆ بیتاقەت نەبووی، بە ئیسمی خوا پارەم بوایە هەر ئێستەکانێ خوازبێنی نارنجم بۆ ئەکردی، دە ڕۆڵە بەس تەماشای ئەو دەروبانە بکە با کوێرنەبی»
- «ئەزانم باوەگیان تازە ئەم ساڵیش فت»

نادراواییەکان، دووربوون لەو خەموخەفەت و غەڵبەغەڵبەی کە لەشاردا هەبوو، تەنیا تەماشای دەمی مەلایان دەکرد، داخۆ چی حەڵاڵ دەکات و چی حەرام، پەیوەندییەکی پتەوی کۆمەڵایەتی جیاوازتر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی شار پێکەوە گرێیدابوون...

عەسرە ڕۆژێک... مینەی حەکیمەگێژ چاوەڕێی مەلا بەدرەدینی کرد هەتا لە مزگەوت هاتە دەرەوە، دەستی مەلای گرت:

- «مەڕۆ مامۆستاگیان ئیشی خێرم پێتە، تەشریف بێنە بۆماڵمان»
- «بۆ مەسئەلەی حەیدەرە؟»

– «بەڵێ، خوا حەزکا ئەمشەو ئەچین بۆ لای خاڵەعیسا داوای نارنج ئەکەین»

– «ئینشائەڵڵا... بەڵام جارێ با بچین بۆ ماڵی میرزا تەیفوور بەخێرهاتنی ئەو سێ چوار مەئموورەی دەوڵەت بکەین»

– « مەعموور بۆچی هاتووە مامۆستا؟»

– «هاتوون ناونووسی مناڵەکان بکەن، وا بزانم دەوڵەت مەدرەسە بۆ نادراوا دروستەکا»

کاربەدەستان لە ماڵی میرزا تەیفوور دانیشتبوون، خەڵکەکە بە گەرمی بەخێرهاتنیان لێدەکردن، بە پێکەنین و بزەی جۆراوجۆر و مەرایییەوە کلکەسووتەکێیان بۆ دەکردن، چایی دیشلەمەیان دەخستنە بەردەم، دۆی ساردیان بۆ دادەنان...

گەورەی کاربەدەستەکان کابرایەکی سەرلووسی قەڵەو بوو، بریسکەی ئەو چەند تاڵە مووە چەورەی تەوقی سەری شەوقیان دەدایەوە، تابلێی توورە و ڕەزاگران، پێدەچوو ئەو خوا نەناسە وەختی خۆی ڕۆژانە دەیان داری کێشابێت بە دەستی قوتابییاندا، کەوچکە دارەکەی لە دۆ دەژەند، کەفوکوڵی پێدەکرد، ئەوەی لەبیر نەمابوو کە وەختی خۆی... باوکی بەهۆی هەڵاوسانی ڕیخۆڵەکانییەوە مردبوو، کاتێک باوکی دەبەنە لای شێخ، شێخ پێیاندەڵێت «ئەمە هەمووی

غازاتە لە ورگیا، ئەگەر ئەو غازاتە دەرنەچێ ئەتەقێ و فەوتەکا، هەتا زووە بچن دوعا بەدەورەی بۆ بکەن، بەشکم خوا ڕەحمێکی پێبکا و بایەکی لێوەبێ»

دوای چەند ڕۆژێک کابرا دەمرێت، ئەو دەمە کابرای سەرلووس هەرزەکار دەبێت، مەلای گوند دڵی دەداتەوە، پێیدەڵێت «کوڕم سەبرت هەبێ دوعای خێری بۆبکە، باوکت پیاوێکی باشبوو، ئیشەڵڵا خوا بەهەشتی پێ عەتا ئەکا» کوڕەش بە مەلا دەڵێت «دە تووخوا مامۆستا ئەو دەمەت داخە، ئێمە تکای خوێنێکمان لە خوا کرد، تڕێکی بە باوکم عەتانەکرد، ئێستە خواگیان هیچ ناکا بەهەشتی پێ عەتا ئەکا»

کاربەدەستەکە بە لووتبەرزیی وەڵامی مەلا بەدرەدین و مینەی دایەوە:

- «بەخێر بێن»

لەپڕ حەیدەر خۆیکرد بە ژووردا، کابرای سەرلووس بە بینینی حەیدەر ئەوەندەی تر چڕووچاوی ترشا و چاوەکانی دەرتۆقین، بەدەم تەماشاکردنی سەروڕیشی حەیدەرەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی «ئەم سەر و گوێلاکە بڵحە لە کوێ ژیاوە، ئاخر کفر نییە مەکتەب بۆ شوێنێ بکەینەوە ئا ئەمە تیایا بخوێنێ»

وەڵامی سلاوەکەی حەیدەری نەدایەوە، پێیگوت:

- «تۆ لە کام کونەورچ گەورەبووی کوڕە؟»

حەیدەر کە زانی گاڵتەی پێدەکات، لە ژێر سمێڵەوە لێوی خۆی گەست، لەدڵی خۆیدا گوتی: «شەیتان بە نەعلەتبی، ئەگەر ئائێستا قەپۆزی(٧) بە پێلەقە بشکێنم کێ ئەڵی خەتاتە، وەڵامی دایەوە:

– «جا تۆ هەقت چییە لە کوێ گەورەبووم یا نەبووم؟»

کابرا تەواو تووڕەبوو، تا دەهات باشتر ڕەنگوڕووی سوور دەبووەوە:

– «جوان قسەبکە بێشەرەف، من مەئمووری دەوڵەتم، هاتووم مەکتەبتان بۆ بکەمەوە»

– «جا من چ ڕێیەکم لێگرتووی»

هێندەی نەما وەکو گڕکان بتەقێتەوە، ناچار ئەوەی لە دڵیدابوو درکاندی:

–«بۆ ئەو ڕیشەت ناتاشی تا تۆسقاڵێ لە بەشەر بچی؟»

– «تۆ هەقت چییە بەسەر ڕیشی منەوە، نایتاشم و تەواو»

کتووپڕ کەوچکەکەی خستە ناو جامی دۆیەکە:

– «دەی بەو خوایە ئەگەر هەر ئا ئێستا ئەو ڕیشەت نەتاشی تا دنیا دنیابێ نایەڵم مەکتەب لەم نادراوایە ئەلفوبێی تیا بخوێنرێ»

٧- قەپۆز: بە دەم و لوت و چەناگەی سەگ و کەر دەگوترێت.

حەیدەر زۆر تووڕەبوو، دەستی چەپی برد بۆ ناوگەڵی و گوتی:

– «قەیریێ خەم... کوڕە ئەیکەیتەوە نایکەیتەوە بەم جووتە گونەوە»

ئەو کەسانەی لە مەجلیسەکەدا دانیشتبوون، بە پەلە قسەکەیان لە دەمی حەیدەر وەرگرتەوە، دەستیانکرد بە پاڕانەوە و لاڵانەوە بۆئەوەی کابرا دڵ و دەروونی فێنک ببێتەوە، یەکێکیان گوتی:

– «لێی مەگرە جەناب، ئەم بەدفەساڵە مێشکی بەقەی مێشکی جوجەڵەیەک نابێ»

یەکێکی تر:

– «ئێوە پیاوی گەورەن، نابێ گوێ لە قسەی هەتیومەتیو بگرن»

یەکێکی تر:

– «بە ڕەسولەڵڵا قوربان نازانێ نەجابەت چییە، بە تایەفە و بە ئەسڵ ئەچنەوە سەر شەجەرەی کەر»

یەکێکی تر:

– «نەکەی بە قوربانی ئەو قەڵەمەی گیرفانتبم، ئێمە کردمان تۆ نەیکەی، توو سەری ئیمامی شافیعی، با مناڵەکان کوێر دەرنەچن وەک خۆمان»

بەڵام حەیدەر وەک ئەوەی نە بای دیبێت نە بۆران، لە

قسەی خۆی پەشیمان نەبووەوە، دەستێکی هێنا بە ڕیشیدا و سنگی دەرپەڕاند:

- «وەڵڵا، سا نە منالم نە بێئەقڵ، بەو قورعانە زەردەی ماڵی مەلا بەدرەدین، لەبەر ئەو میرزا تەیفوورە نەبێ، ئا ئێستە دووسەد لەقە لە پشتەقنی ئەم سەرکەچەڵی سەگدینە هەڵەیەم، کوڕە خۆ ئەم سەگبابە ئەڵێی دەوڵەت بۆ تاشینی ڕیشی منی ناردووە، توخوا گوناح نیە مەکتەب لەسەردەسی ئەم شینەکەرە بکرێتەوە، گوومکردە ئەو مەکتەبەیش، خۆ ئەم گەماڵە پیرە ئەڵێی عوسمانیەکانە خەریکە داوای مریشکانە ئەکا»

سەرۆکی لیژنە وەک لە ئاسمان بخرێتە خوارەوە و تەپڵی سەری بەر زەوی بکەوێت، نە لەو شەقانەی پرسی کە حەیدەر باسیکرد، نە ئەو کەر و گەماڵەی پێیگوترا، نە گووکردنە مەکتەب و نە جووتە گونەکە، چاوەکانی سیسکرد و دەستێکی هێنا بە سەر پێستی هەتاوبردووی سەریدا، ئارەقەی سڕی و لەسەرخۆ لە حەیدەری پرسی:

- «مریشکانە چییە؟»
- «وەڵڵا سیل و دیقیشکەی پێتناڵێم»
- «دە تووفەخری عالەم پێمبڵێ»

حاجی بەشارەت بەپەلە هەستایە سەرپێ و چووە بەردەم حەیدەر:

- «تووخوا پێیبڵێ... بەو پشتێنە موبارەکە سەوزەی حەزرەتی پیاغەممەر منیش نازانم مریشکانە چییە»
- «نایڵێم نـــــــا»
- «دە توو گۆچان و مشکیەکەی کاکەحمەیی شێخ بیڵێ»

ئەوان بێئاگابوون لەوەی کە ڕۆژێک...

حەیدەر لە (کانی بەرد) تووشی ڕێبوارێکی تینوو بووە، چەند قومێک ئاوی خـواردوەتـەوە، ئینجا باسی دەورانـی گەنجیی خۆی گێڕاوەتەوە... کە چۆن لە زەمانی عوسمانیەکاندا ژاندرمەیەکی تورکی تـرسـانـدووە، ژانـدرمـەکـە بە بێخەم تفەنگەکەی بە دارێکەوە هەڵدەواسێت، لە (گۆمی شەڕنەکەر) دەست دەکات بە مەلەکردن، لەو باوەڕەدا نەبووە لە ناوچەکەدا کەسێک هەبێت بوێرێت دەست بدات لە تفەنگەکەی...

بـەڵام ئـەو ڕێـبـوارە تینووە تفەنگەکەی لێڕفاندووە، دوای ڕفاندنی تفەنگەکە، فیکەیەک بۆ ژاندرمەکە لێدەدات، ئەویش کە تفەنگەکە دەبینێت بە دەسـت کـابـراوەیـە، بە گەڵووگونە سپی و سۆڵەکەیەوە، بە هەڵەداوان دوای کابرا دەکەوێت، هەتا دەشتوانێت بە زمانی تورکی دەپاڕێتەوە، ئەمیش بەزەیی بە ژاندرمەکەدا دێتەوە، بۆیە میلی تفەنگەکە دەردەهێنێ و باقیاتی تفەنگەکە پیشان ژاندرمەکە دەدات و بە لقی دار بەڕووێکەوە بۆی هەڵدەواسێت...

دواتر ڕێبوارەکە هەڵدەکات بە (کێوی کۆلێتیان)دا، بەڵام کە دەبینێت ژاندرمەکە هەر بە ڕووتی ڕادەکات و بە تورکی دەپاڕێتەوە، بەدەم ڕاکردنەوە بڕیار دەدات لە (کارێزی شەنگەبی) میلەکەشی بۆ بخاتە سەر لقوپۆپی دارێکی تر، حساب بۆ ئەوەش دەکات کە هەتا ژاندرمەکە دەستی دەگاتە میلەکە خۆی لە مەودای گوللە دوورتر بخاتەوە...

کابرا ئەم بەسەرهاتە و چەند شتێکی دیکەش دەربارەی تورک بۆ حەیدەر دەگێڕێتەوە... بەڵام حەیدەر هەر مریشکانەی لەبیر مابوو، دڵنیاش بوو لەوەی کە نازانن مریشکانە چییە، بەڵام لەبەر ئەو سوێندە سەیرەی حاجی بەشارەت خواردی، ڕوویکردە کاربەدەستەکە:

– «یەعنی ئەگەر ماڵێ دوو مریشکی هێلکەکەریان هەبوایە، عوسمانیەکان لەدوو هێلکە... یەک هێلکەیان وەرگرتووە بۆ خۆیان، ئەگەر چوار مریشکیان بوایە دوو بەدوو، ئەگەر دەشیان بوایە پێنج بۆ خۆیان و پێنج بۆ عوسمانیەکان، ئێستا حاڵیبووی؟»

ڕەحیمەسوور گوتی:

– «ئەی ئەگەر ماڵێ یەک مریشکیان هەبوایە، یا ئەگەر سیان بونایە چۆنیان بەشەکرد بەپێی شەرع یان هەروا؟»

– «ئەگەر ماڵێ یەک مریشکیان بوایە، ڕۆژێ هێلکەکەی بۆ عوسمانیەکان بوو، ڕۆژێکیش بۆ خۆیان،

ئەگەر سێ مریشکیان بوایە، بەزۆر مریشکێکیان پێسەرئەبڕی و گۆشتەکەی نیواونیو»

هێندەی نەما چڕووچاوی کاربەدەست دووکەڵی لێهەڵسێت، مریشکانە و تورک و مورک و هێلکە و لاژەلاژی حەیدەر، دوو ئەوەندەی تر تووڕەیان کرد، کاتێک مەلا بەدرەدین دەستیکرد بە قسەکردن، خەڵکەکە وایاندەزانی یان قسەیەکی خێر دەکات، یان بە ئایەتێک کابرای سەرلووس دادەمرکێنێتەوە، کەچی بە ترس و لەرزەوە ڕوویکردە حەیدەر:

– «ناوی من و... قورئانی من و... ماڵی من مەهێنە ڕۆڵە»

وەختێ لە قسەکانی مەلا نائومێد بوون، ئیدی هەموو ڕوویانکردەوە حەیدەر، هەر یەکە و قسەیەکی کرد:

– «حەیدەر بیکە بەخاتری حەزرەتی غەوسی گەیلانی وس بە»

– «بڕۆ بیتاشە لە مووەکانی چەناگەت بەم»

– «ڕجات لێئەکەین ڕاکە، نادراوا چۆڵکە تا پۆلیس نەهاتووە بۆمان»

مچە چاوچەقەنە...

ڕیشسپییەکی دیکەی ئاوایی بوو، هەمیشە چاوەکانی

وەک چرای بێنەوت پرتەپرتیان دەکرد، زۆر بە کەمی دەدوا، ئەگەر قسەیەکیشی کردبا، ئەوە بابەتێکی سەیروسەمەرە و سەرسوڕهێنەری فڕێدەدایە مەجلیسەوە، ڕوویکردە حەیدەر:

– «مەبە بە کابرای کەرگێ لێمان... بیکە بەخاتری مەکەومەدینەی موبارەک بڕۆ دەرەوە...»

به قسەکەی مچە... بزە کەوتە سەر لێوی هەموان، بە مەلا بەدرەدینیشەوە، یەکێک لەکاربەدەستەکان کە فەرمانبەرێکی تازەدامەزراوی گێلبوو، هەتا ئەو کاتە هیچ قسەیەکی نەکرد، جارجار قەڵەمەکەی دەستی دەبرد بۆ دەمی، کەوچکێک دۆی خواردەوە و لە مچەی پرسی:

– « کابرای کەرگێ کێیە خاڵە؟»

هەموان بەچاو مچەیان تێگەیاند دەمی داخات و لەسەر کابرای کەرگێ هیچ نەڵێت، بەڵام بەقسەی نەکردن، وەڵامی کاربەدەستەکەی دایەوە:

– «کابرایەکی خەڵکی لای خۆمانبوو»

– «کورد بوو؟»

– «ئەی قابیلە، ئەرەوەڵڵا کورد کوڕی کوردبوو، بەخوا لە هەموویشمان عاقڵترە نەک بڵێی شێت و شتیوایە»

–   «ئەی بۆچی وای پێئەڵێن؟»

–   «وەختی خۆی هاوسێی ئێمە بوو، ئەو کەرباوکە، کەر نەما لە ئاواییا نەیگێ، شەو تا خوا ڕۆژی ئەکردەوە، تەویلە بەتەویلە و کۆڵان بەکۆڵان بەدوای کەرا ئەگەڕا، لە نێرەکەرەکان زیاتر سواری ماکەرەکانمان ئەبوو، هەر شەوەی بەسەر کەرێکەوە ئەگیرا»

–   «جا کەر چۆن ئەگایرێ ئەیهاوار!»

مەلا بەدرەدین ویستی قسەیەک بکات و کۆتایی بەو باسە بێنێت، بەڵام مچە چاوچەقەنە نەیهێشت، گوتی:

–   «چۆن ناگایرێ، بەرەوەڵڵا ئەگایرێ و ئەولاتریش، ئێستا مەسەلەن تۆ... مەئمووری دەوڵەتی و ناوی هەموو کەسێ ئەزانی، دە ئەگەر زیرەکی ناوی پیاوێکی لای خۆمانم پێبڵێ کەری نەگابێ!»

مەلا قسەکەی بە مچە بڕی:

–   «عەیبە حەیامان مەبە»

مچە بە پرسیارێک بێدەنگی کرد:

–   حەیای چی مامۆستا، کوڕە بەخوا هەچی ئەتواری ناشیرینە لێمان ئەوەشێتەوە، ئێستا مەسەلەن جەنابت... ئەتوانی سوێن بخۆی لەکاتی فەقێیەتیا لە شاری بانە کەرت نەگاوە؟!»

- «چۆن لەسەر شتیوا سوێند ئەخۆم، سوێند خواردن لەسەر ئەو مەسائیلە قەبیح و گلاوانە گوناحێکی زۆر گەورەیە... ئەسەغفیروڵڵا خوایە»

- «ئەیچۆن مامۆستا ئاخر دوایی نەڵێی مچە هیچ نازانیٚ»

قوڕوقەپی بە مەلا کرد و ڕوویکردەوە کاربەدەستەکە:

- ئێستا حاڵیبووی چۆنەگایریٚ ڕۆڵـە، بەخوا کە زەوقمان هەستا، بەسەر سۆنە و قەل و سەگ و پشیلە و نێرەکەر و گاجووت و کەڵەشێریشەوە نارۆین نەک مریشک»

- «بەڵیٚ حاڵیبووم»

- ئێوە تاکەی خەڵکی لای خۆمان ناناسن... بەخوا لەم ڕۆژانەیا تووشی کابرایەکی شارستان بووم ئەیوت «دوژمنایەتی بەینی دوو عەشرەت ئیسراحەتی لە شار بڕیوە» وتم چی قەوماوە، وتی «کابرایەک لە خەویا ژنەکەی خۆی بە ڕووتی لەگەڵ کابرایەکی تر دیوە... کابرا بەو شارەیا گەڕاوە گەڕاوە، هەتا ئەو پیاوەی دۆزیوەتەوە کە لە خەویا لەگەڵ ژنەکەی دیوێتی... وەڵڵا

سوکوباریک نیوەشەو هەڵەکوتێتە سەری و ناوسکی ڕائەیا»

- «بەچی ڕایەیا»
- «بە خەنجەر!»

شەو داهات...

ئەم قسانە و چەندین قسەی تر و پاڕانەوەی جۆراوجۆر، کاریان نەکردە سەر ئارامبوونەوەی سەرۆکی لیژنەو یاوەرانی، بەو شەوە نادراوایان بەجێهێشت و مەکتەبەکەی نادراوا لە سایەی ڕیشی حەیدەرەوە، بوو بە چیرۆکی بەر ئاگردانی شەوگارە پڕ مەینەتیەکانی نادراوا.

نارنج ...

گەورەکچێکی باڵابەرز، ناسک و سپی و سۆڵ، پێنج ساڵبوو خەونی بە باوەشی حەیدەرەوە دەبینی، چاوەکانی لە دەنکە ترێی سەوز دەچوون، شانومل نەرم، زیتەڵە و دەم بە پێکەنین...

جارێک خوازبێنی کرابوو، بەڵام لەبەر حەیدەر شووی نەکردبوو، یارمەتی دایکی دەدا، بەیانیان زوو جێگەی بەرخ و مەڕەکانی خاوێن دەکردەوە، هەر وەختێ بە تەنیا دەبوو، خۆی بە قژە خاوەکەیەوە خەریک دەکرد، تەڕیدەکرد و دایدەهێنا و خاوی دەکردەوە، چەند تاڵێکی دەهێنایە سەر چاوەکانی، دواتر دەیخستنەوە سەر گوێچکەی، ناوبەناو لە سنگی خۆی دەڕوانی، دەترسا لەوەی فەرق بە گەورەبوونی مەمکی کرابێت، چونکە حەیدەر لە کادانەکە

زۆری گوشیبوون، تەماشای هیچ کوڕێکی نەدەکرد جگە لە یارەکەی، چەند جارێک هەوڵیدابوو ڕازیبکات ڕیشی کورت بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون...

مینەی حەکیمەگێڕ... زۆری هەوڵدا کوڕە تاقانەکەی ڕازی بکات ڕیش بتاشێت، وەلێ نەیدەتوانی، بۆیە خوازبێنی نارنجی بە فرسەت زانی...

ئێوارەی شەوی خوازبێنی خۆی گەیاندە لای خاڵەعیسا، داوایلێکرد ڕیشتاشین لەسەر حەیدەر بکات بە یەکەم مەرجی دەست ماچکردن، خاڵەعیسا زۆر بە زەحمەت بە داواکە ڕازیبوو، چونکە نەیدەویست دەست بخاتە ناو هیچ کارێکی تایبەت بە خەڵکەوە...

مینە و مەلا بەدرەدین، بەدەم نانخواردنی ئێوارەوە، قاوەنی ئەو ڕۆژەی حەیدەر و لە دەستچوونی قوتابخانەی نادراوایان لێدایەوە، سەر و دیشلەمەیان خواردەوە، بەرەو ماڵی خاڵەعیسا ڕێکەوتن، نارنج پێشتر بە باوکی گوتبوو کە حەیدەری قبووڵە، خاڵەعیساش نەک دڵی کچەکەی، بەڵکو دڵی هیچ کەسێکی بۆ نەدەشکا، بە پێکەنینەوە ڕازیبوو، بەڵام پێش ئەوەی دواهەمین قسەبکات، ئەو قەولەی وەبیر هاتەوە کە سەر لە ئێوارە بە مینەی دابوو...

هەر چەندیش نەیدەویست زۆر لە حەیدەر بکات، بەڵام لەبەر دڵی مینە، داوای لە حەیدەر کرد ڕیشی بتاشێت، گوتی:

– «کوڕم یەک داوام هەیە، ئەگەر بە قسەم بکەی، ئەوە نارنج هی خۆتە و موبارەکتبێ، ئەگەر بە قسەشم نەکەی نارنجت نایەمێ»

ئەو ڕۆژە حەیدەر لەسەر ڕیشی زۆری پێکرابوو، بێتاقەتیی و توڕەیی هێشتا پێوە دیاربوو، ڕوویکردە خاڵەعیسا:

– «ئەمرکە خاڵەگیان ئەمر»

– «هەستە بە ئەدەواتی ڕیش تاشینەکەی من ڕیشت بتاشە، ئینجا وەرە دەسم ماچکە»

مینە لە خۆشیان خەریکبوو باڵبگرێت، مووەکانی سمێڵی کە بە دووکەڵی جگەرە زەرد هەڵگەڕابوون بریسکانەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی «ئۆخەی خوایە گیان شکوور نەجاتم بوو لە ڕیشی ئەم بەچکە بەرازەی کوڕم»

بەڵام...

ژان گەیشتە دڵی حەیدەر... وای لە ڕیشی.. وای لە دڵی... وای لە دڵداری و دابڕان... وای لە قەول و قەراری سەرەڕێ...

نەیدەزانی چۆن خۆی لەو بەڵا گەورەیە دەرباز بکات، لە نەزەر حەیدەر جێبەجێ کردنی ئەو مەرجە وەک ئەوە بوو بە دەستی خۆی ئیمزا لەسەر مردنی شکۆی خۆی بکات، لە یەک چرکەدا هەموو ماچ و زەردەخەکانی نارنج یەک لەدوای یەک لەبەرچاوی بوون بە هەڵم، وای لە ڕیشی، وای لە نارنج... ئاخێک بۆ نارنج... داخێک بۆ ڕدێن... ئەو کە هەرگیز بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ڕیشی پێویستی بە بیرکردنەوە نەبوو، سەری هەڵبڕی و لارەمل ڕوویکردە خاڵەعیسا:

- «ئەی باشە ئەگەر نەیتاشم!»
- «ئەگەر نەیتاشی نارنجت نایەمێ»
- «دەی بە سەری نارنج نایتاشم!»

خاڵەعیسا...

هەتابڵێی پیاوێکی نوورانی و جوانبوو، ڕێک وەک مەسیح هەڵسوکەوتی دەکرد، ڕێزدار و خانەدان، بێدەنگیەکەی ئەوەندەی تر جوانی کردبوو، کەس نەبوو شان بدات لە شانی، وەڵامی تووڕەبوونی بە پێکەنین دەدایەوە...

نەیدەزانی چاو سووربکاتەوە، بەو هەموو جوانیی و بێدەنگییەوە، خۆی لەناو غەڵبەغەڵب و هاتووهاواری نادراوا ڕاهێنابوو، ئەگەر هەستی کردبا دوو کەس لە یەکتر زویرن، نەیدەهێشت شەوی بە سەردابێت ئاشتی دەکردنەوە...

دانیشتوانی نــادراوا و گوندەکانی دەوروبــەر، بۆ مەجلیسی سوڵح و پرسە و خوازبێنی و دابەشکردنی میرات دەیانبرد، هەندێک لە کچۆڵە چاوبازەکانی نادراوایش لەناو خۆیاندا بە عیساچاوجوان ناویان دەهێنا...

باوکی حەیدەر...

تەنیا بیری لە تاشینی ڕدێنی کوڕەکەی دەکردەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک بیتاشێت، بڕیاریدا ئەو کۆنە تفەنگەی کە ساڵەهایەک بوو لە باپیرانیەوە بە میراتیی بۆی مابووەوە، وەک بەرتیل بدات بە سامسام، هەتا بەرامبەر بەو تفەنگە، پاک پاک ڕیشی حەیدەری بۆ بتاشێت!

سامسام...

بە منداڵیی باوکی لە کێوی (عاشق کولێن) دەبێت بەژێر هەرەسی بەفرەوە، دوای ئەوەی سامسام سمێڵی گووگرە دەبێت و لە تاریکەشەوێکدا بە تەور دایکی و ئەو پیاوە نەناسە دەکوژێت، کە پێکەوە لەسەر جێگەی باوکی خەوتبوون، دەدات بە کێواندا و لە دەوڵەت قاچاغ دەبێت، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک ئازاترین و بەشەرەفترین چەتەی چیاکان ناوبانگ دەردەکات...

دوای چەند ساڵێک... لێرەولەوێ چەند گەنجێک پەیوەندی پێوەدەکەن، سامسام تەنیا باج و سەرانەی

لە ئاغادێ و دەرەبەگەکان وەردەگرت، ڕەشتاڵەیەکی گورجوگۆڵ و قۆز، بە غیرەت، پارەداران و بەرژەوەندی خوازانی ناوچەکەش خۆراک و جلوبەرگ و فیشەکیان بۆ ڕەوانە دەکرد، زۆریش حەزی لە قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین دەکرد...

مینە بە خۆی و تفەنگەکەیەوە لە (چڕی بەردەزەرد)وە هەڵگەڕا، گەیشتە نزیک مەنزڵگەی چەتەکان، لە شوێنێکی نادیارەوە دەنگدرا:

- «نەجوڵێی کابرا کوژرای»
- «مینەحەکیمم، کوڕە نەمکوژی»
- «خۆ کەر و گوێرەکەی دەسوقاچ شکاومان نییە، بۆ هاتووی؟»
- «ئیشم بە سامسامە، مەمکوژە ڕۆڵە»
- «ئەوە چییە بە دەستەوە؟»
- «بڕنەوێکی ئەڵەمانییە، بۆ سامسامم هێناوە»

سامسام بە نینۆک ددانەکانی پاکدەکردنەوە، گۆشتی بەرخی خواردبوو، کە چاوی بە مینەی حەکیمەگێڕ کەوت گوتی:

- «کاکەمین ئەوە تۆی؟»

- «ئەرێوەڵڵا خۆمم، سەلاموعەلەیک»
- «عەلەیکەسەلام، چیبووە پۆلیس هاتووە بۆ نادراوا؟»
- «نەوەڵڵا دیاریم بۆ هێناوی»
- «بڕنەوە؟»
- «ئەڵەمانیەکەیەتی نەک شەریکەی ئێرانی، بە هەچی قورعانی عەزیم هەیە، ئەم بڕنەوە نەبێ هیچ شتێ شکنابەم، هەر قابیل بە خۆتە، لە باوکمەوە بۆم بەجێماوە»
- «ببێ و نەبێ ئیشێکت پێمە»

کەمێک لە سامسام نزیکتر بووەوە بۆ ئەوەی چەتەکان گوێیان لە دەنگی نەبێت گوتی:

- «ئەمەوێ حەیدەری کوڕم بۆ عاقڵکەی!»
- «ئەی خۆت بۆ عاقڵی ناکەی؟»
- «دڵمنایە وەڵڵا وەبیللا دڵمنایە، هەر ئەو تاقەم هەیە»
- «جا بە چی عاقڵیکەم خۆ موعەلیم نیم»
- «عەقڵ هەر لای موعەلیمەکان نیە سامسام گیان»
- «ئێ ئاخر چیبکەم؟»
- «ئەمشەو یەک دوانێ بنێرە بۆ ماڵی ئێمە، حەیدەر بە تەنیا لە سەربان ئەخەوێ، بیهێنن بۆ ئەم ناوە و قۆڵبەستیکەن، جوان جوان ڕیشەکەیم بۆ بتاشن، زۆر مەمنونتانەبم»

حەپەسا... سەری بردە دواوە، لێیپرسی:

- «ڕیشی بتاشم؟!»

- «بەڵێ بەڵی ڕیشی بتاشە، فریامانکەوە خێرت ئەگا»

بە پێکەنینەوە گوتی:

- «وەی بە سەرچاو، هەر تۆو تاشینی ڕیشی حەیدەر، وەڵڵا کەللەسەریت بۆ دائەکوتم بە گابەردێکا و بە تەڵاشەبەرد موو بەمووی ڕیشی ئەقرتێنم»

- «نە بە قوربانتبم نەکەی، ئیشی وا نەکەی، عەزێتی مەیە، بە تیغ بۆی بتاشە... بە تیغ»

شەوێکی مانگەشەوی فێنک...

حەیدەر بەدەم بیرکردنی نارنجەوە خەوی لێکەوتبوو، توونە تووند پەتوەکەی لە ڕوخساری پێچابوو بۆئەوەی میشوولە لەناو ڕیشیدا گەرا دانەنێ، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، پیاوەکانی سامسام دەم و دەست و قاچیان شەتەکدا، دایان بە شانیاندا ، بێئەوەی باوکی و دایکیشی پێبزانن خستیانە سەرپشتی هێسترێک، لە نزیک مەنزڵەکەی سامسام بەستیانەوە بە پیرەدارێکەوە، سامسام وەخەبەرهات، کوڕە ڕیشنەکەی مینەی بە بەستراوەیی بینی، پێش دەموچاو شۆردن بەرەوڕووی ڕۆیشت، کەمێک لەسەروکەللە و

ڕیشی ڕامــا، هێواش پەنجەی شایەتومانی برد بۆ ڕیشی، حەیدەر زۆر ترسا، وایدەزانی ڕیشی ڕادەکێشێت، کتوپڕ وەک منداڵ قیژاندی:

– «ڕایمەکێشـــــــــە»

سامسام لە ترسی گەستن خێرا پەنجەی هێنایە دواوە، گوتی:

– «هەتیو زۆر ناشیرین و پیسوچەپەڵی، ئەم ڕیشە گوواویە بۆ ناتاشی؟»

حەیدەر کە زانی ڕیشی لە مەترسیدایە، دەستیکرد بە پاڕانەوە:

– « تـوو (شـێـخـەوڵاو شـیٚ مـەحـمـوو) بیکە بەخاتری تەبارەکوو تەعالا»

– «ئاخر تۆ ئەو ڕیشەت بۆچییە؟»

– «توو خوا نەکەی»

– «باشە مەگری نایتاشم، مێشکم مەبە، بەس پێمبڵیٚ بۆ نایتاشی؟»

– «چونکە پەنجەی نارنجی بـەرکـەوتـووە، ڕیشم بۆ نارنجیش نەتاشی»

– «کامەیە نارنج؟»

– «نارنجی خاڵەعیسای لای خۆمان، لەبەر ئەم ڕیشەم نەیانیامیٚ، لە دەسمچوو، کردم بە قوربانی ڕیش»

سامسام یەکەمجار بوو بەزەیی بێتەوە بە نێچیرەکانیدا، حەیدەری ژێرکردەوە، کەوتە گاڵتەکردن لەگەڵی و بە پێکەنینەوە پێیگوت:

- «باشە حەیدەر خۆ باوکت بڕنەوێکی ئەڵمانیایی بۆهێنام، هەر لەبەرئەوەی ڕیشی تۆ بتاشم، ئەی ئەگەر نەیتاشم تۆ چیم بۆئەهێنی؟»

حەیدەر لە خۆشیان ڕوومەتی سامسامی ماچکرد، بە دەنگی بەرز گوتی:

- «هیچم نیە، بەڵام مادەم ئەو بڕنەوەکەی هێنا، شەرتبێ منیش شوێنی دەمانچەکەی بڵێم»

- «دەمانچەیشی هەیە... ئەمانەی لە کوێبوو؟»

- « نازانم لە کوێیبوو، بەڵام ئەزانم لەکوێ شاردوێتیەوە»

- «لەکوێ؟»

- «وا لەناو خێزەرەکانا[٨]، جارجار دەریەهێنێ و لوولەکەی پاکەکاتەوە، ئینجا ئەیخاتەوە شوێنی خۆی»

- «زۆر باشە ئەوەیان دانێ بۆخۆم، ئەمشەو دەمانچەکەی باوکت ئەکەم بە ژێر پشتێنەکەما، نایشهێڵم باوکت بەقنی خۆی بزانێ، دەمانچە هی منە نەک مینەی حەکیمەگێژ، تۆ بڕۆرەوە، هەر کەسیش لەمەودوا بیانووی بە ڕیشت گرت، وەرە بە من بڵێ و هەقت نەبێ»

---

٨- خێزەرە: بەو دارە کورتانە دەگوترێت کە لە نێوان دواهەمین چینی دیوار و دارەڕای بانی خانووەکانی لادێ دادەنرێت لە دیوی ناوەوە و دەرەوە.

هەڵمی زەوی لە دوور ڕا دەبینرا، بای وەشتی[٩] بەرەبەیان، باوەشی شنەشنی ئێوارانی چۆڵنەدەکرد، هەیاران و مەیارانی جۆگەکان کانیاوەکانی هەراسان کردبوو... بایەکان پەڵەهەوری هاروهاجیان ڕاودەنا بۆ ئەوەی شینایی ڕوخساری ئاسمان وەک خۆی دەرکەوێت...

شاخ و بەرزاییەکان بە جامانە و لەچکی سوورەوە لە نادراوایان دەڕوانی... چەهچەهەی گلەیی بوولبوولان و... جریوەی چۆلەکەی موسافیر لە دۆڵەکاندا دەنگی دەدایەوە، هاژەی چەمەکان تێکەڵ بە لایلایەی ئەو ماسییە گرینۆکانە دەبوون، کە تازە بەتازە لە ڕەفەز[١٠] و بن بەردە قەوزە گرتووەکان چاویان هەڵێنابوو، قرژاڵ و بۆقی ساوا دەچوونە تەنکاوەوە... ژێر بەڕەی دڕاوی ماڵان کەڕووی هەڵهێنابوو، لە گۆشەی هەر ژوورێکی قوڕیندا شوێنێک

٩- بای وەشت: بایەکی شێدارە لە پێش باران بارینا هەڵدەکات.
١٠- ڕەفەز: ئەو کون و کەلەبەرانەی قوڵایی چەم و ڕووبارەکانە، کە ماسییەکان گەرای تێدا دادەنێن.

یان دوو شوێنی جاڵجاڵۆکە هەبوون، هەتاو سەرقاڵی پێچانەوەی سەرماوسۆڵە بوو، کچۆڵەکانی نادراوا بە شەڕواڵی کوڕانەوە، بە مقۆمقۆ و چرپەچرپ و جارجارەش قاقای پێکەنینەوە گێلاخەیان[١١] هەڵدەکەند...

میرزا تەیفوور...

هەر وەختێ لە شار دەگەڕایەوە، شتگەلێکی زۆر نامۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە، عەسرە ڕۆژێکی درەنگ، هەندێک لە ڕیشسپی و کوڕوکاڵی نادراوا لە پشتەبانی مزگەوت، بەدەم چاوەڕوانی میرزاوە گوێیان بۆ مەلا بەدرەدین شلکردبوو، داخۆ کەنگێ بە دەنگە ناسازەکەی بانگی شێوان دەدات... بەشێکیان لەوە دەترسان بەر لەوەی بگاتە ئاوایی، پیاوەکانی سامسام ڕێگەی پێبگرن و هەرچی هێناوە لێی بستێنن، پێش بانگی شێوان، میرزا لە شیوی مالۆسەکانەوە[١٢] دەرکەوت، بنۆڵەیەکی لە شان کردبوو، دووکەڵی سەبیلەکەی لەگەڵ هەموو نەفەسێکدا پشت جامانەکەی دەکەوت، چەند منداڵێک بە ڕاکردن بەرەو ڕووی ڕۆیشتن بۆ ئەوەی نوقڵی ترش و شیرینی لێوەرگرن، تەنانەت ژنەکانیش تامەزرۆی گەیشتنی بوون...

---

١١- گێلاخە: رووەکێکە سەرەتای وەرزی بەهار دەڕوێت بۆ خواردن بەکاردێت.

١٢- مالۆس: مێینەی بەراز.

میرزا... تاقە پیاوی خوێندەواربوو لە دوای مەلا، وەختی خۆی لە سلێمانی فێری خوێندن و خوێندنەوە کرابوو، دوای مردنی دایکی، باوکی ژنی هێنابووەوە، ئەمیش لە داخی ژنی دووەمی باوکی، سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە گوندی نادراوا دەگیرسێتەوە...

خەڵکی نادراوا لە خۆیانی دەگرن و بەخێوی دەکەن، پاشان بەهۆی زرنگیی خۆیەوە لە هەجیجیەکانی[١٣] ناوچەی هەورامانەوە فێری وردەواڵەفرۆشیی دەبێت، دێهاتەودێهات دەگەڕێت و پارەوپولێکی باش پێکەوە دەنێت، لە دەست کشتوکاڵ و قورِ بەسەریەکانی لادێ رزگاری دەبێت...

درک بە زۆرێک لە کارەکانی لادێ دەکات کە ئەوانی دیکە درکی پێناکەن، بە چەشنێک خۆی خۆشەویست دەکات کە خەڵکی نادراوا نەهێڵن لێیان دوور بکەوێتەوە... نیشانە شکێنێکی بێهاوتایش بوو...

دەرگا و پەنجەرەی بە خۆڕایی بۆ دروستکردوون، دیـواری بۆ هەڵچنیون، عاقڵانە خانووەکانی بۆ دارەڕا کردوون، مقەڵی و مقاش و تەڵەی مشک و زۆپای داری بۆ سازکردوون، کلکی تەور و پاچ و خاکەنازی تاشیوە، کەر و هێستریشی بۆ خەڵکەکە ناڵکردووە...

١٣- هەجیجی: بەو وردەواڵـە فرۆشـە هەورامیانە دەگوترا، کە لە ناوچەی هەجیجەوە هاتوون، دێهاتەودێهات گەڕاون بۆ فرۆشتنی پێداویستی سادەی وەک ئاوێنەی گیرفان و کل و بنێشت و نوقڵ و دەرزی و دەزوو تا دوایی....

دركـى بـەو شوێنانە كـردووە بـۆ هەڵبەستنی پرد گونجاوبوون، لـەمـلاولاشـەوە لـەگـەڵ خـۆیان بردوویانە بۆ پردهەڵبەستن، زانیویەتی لە كـوورەدا بەرد بسوتێنێت و بیكات بە قسڵ[١٤]، چەخماخسازێكی[١٥] باشیش بووە بـۆ سـاچـمـەزەنـی[١٦] ڕاوچـیـەكـان و تفەنگە ژەنگـاویـە لەكاركەوتووەكانی سامسام...

حاجی كـەرەم... كە پیاو ماقوڵێكی نـادراوا بـوو، لە زۆر مەجلیسدا گوتبووی «قەسەم بە قورعانی قەدیم، بەو قەبرەی پیاغەمەر و خەجیجەی تێچووە، ئەگەر ئەو میرزا تەیفورە ئەدەواتی بخرێتە بەردەس، ئەتوانێ سكەیش لێبات[١٧] و، لەجیاتی ڕەسمی مەلیكەچكۆل[١٨] ڕەسمی (شێخ عیسێ و شێخ موسێ)ی[١٩] لەسەر هەڵكۆڵێ»

میرزا گەیشت... هەموو تەماشای دەستییان دەكرد، داخۆ كەنگێ بنۆڵەكە دەكاتەوە، ئارامیان نەگرت، بەر لەوەی خۆی بیكاتەوە لێیان پرسی:

١٤- قسڵ: لە كۆندا جۆرە بەردێک لە كوورەدا توێنراوەتەوە، هەتا بووە بە مادەیەک كە لەبری كۆنكرێت بەكارهێنراوە بۆ پایەی ژێر پردەكان.
١٥- چەخماخساز: بەو كەسانە دەگوترێ كە تفەنگ یان چەكی لەكار كەوتوو چاک دەكەنەوە.
١٦- ساچمەزەن: جۆرێكە لە چەكی كورت مەودا كە بۆ ڕاوكردن بەكاردێت.
١٧- سكە لێدان: مەبەست دروستكردنی پارەیە.
١٨- مەلیكەچكۆل: مەبەست لە مەلیک فەیسەڵە كە هەر بە منداڵی لە سەدەی ڕابردوودا بەریتانیا كردی بە پاشای عێراق.
١٩- شێخ عیسێ و شێخ موسێ: بیستراوە كە گوایە دوو پیاوچاک بوون، لە ناوچەی بەرزنجە نێژراون.

- «ئەمجارەیان چیت هێناوە لە شار؟»
- «دوو شتم هێناوە، یەکێکیان بە قوڕمیش ئیشەکا، ئەوی تریان بە پیل، با بڕۆین بۆ سەربانی مزگەوت... یەڵڵا سەرکەون»

ئەوان نە دەیانزانی قوڕمیش چییە، نە ناوی پیلیان بیستبوو، مەلا میحرابەکەی بەجێهێشت و ڕایکردە سەربان، کەس لە بیری نوێژی جەماعەتدا نەما، بەر لە کردنەوەی بنۆڵەکە حەیدەر گەیشتە ئەویَ، میرزا وەک هەمیشە لەڕێی زەردەخەنە تایبەتەکەی نێوانیانەوە بێئەوەی قسەبکات ڕوویکردە حەیدەر، وەک ئەوەی بڵێت «ئافەرین هەر مەیتاشە!» حەیدەریش وەک هەمیشە چاوە بچووکەکانی نووقاند و سەرییبادا وەک ئەوەی لە وەڵامدا بڵێت «ئەو ئاسمانە لەسەر زەوی ڕاکشێ، نایتاشم»

لەسەر باگردێنی[٢٠] بانی مزگەوت بنۆڵەکەی دانا، چوار دەوری بە خەڵک گیرا، هەموو لە دەستی ورد دەبوونەوە، کچان و ژنانیش هاتبوونە بەر هەیوان لەوێوە سەیریان

---

٢٠- باگردێن: بۆ کوتانەوەی بانی خانووە قوڕینەکانی لادێ بەکار هێنراوە، بۆئەوەی بانەکان دلۆپە نەکەن، لە داری ئەستوور دروستکراوە، کەسێک بە دوای خۆیدا ڕایکێشاوە لەمسەر بۆ ئەوسەری بانەکە.

دەکرد، سەرەتا ڕادیۆیەکی سلڤەری ژاپۆنی دەرهێنا، خەڵکەکە زیاتر کەوتنە ملەقوتە و دەست خستنە سەرشانی یەکتر، کتوپڕ یەکێکیان گوتی:

– «ئەو سنووقە چییە، خۆ ئەوە سنووقە»

یەکێکی تر:

– «قابیلە سنووقمان نەدیبێ»

– «ئادەی ئادەی»

یەکێکی تر:

– «کوڕە بابە سنووقی چی... لەوانەیە دەهۆڵبێ پەلەپەل مەکەن»

یەکێکی تر:

– «ناشێ میرزا کۆنە دەهۆڵکوت بووبێ، نەنکەڕۆ»

یەکێکی تر:

– «دە وەرە شێت مەبە، تووخوا وەرە بچی بۆ سلێمانی و سنووق بێنی»

یەکێکی تر:

– «خۆ ئەمە ئەڵێی کەروجاشە، سنووقی چی و قسەی هەلەقومەلەقی چی»

میرزا بە باشی گوێی لە قسەکانیان بوو، بەڵام خۆی گێلکرد، سەری هەڵبڕی و ڕووی تێکردن:

- «سنووق نییه، بابه ئەمه ڕادوێیه، ڕادوێ»

دەنگێک لە ناویاندا:

- «هادوێ چیه بیکه به خاتری قورعان»

یەکێکی تر:

- « هادوێ نا، سێ تۆپەڵ قوڕ بەوسەرەت، وا بزانم وتی ڕاودێ»

- «ئێ باشه ئاخر چیه چی... نابێ بزانین؟»

میرزا وەڵامی دانەوە:

- «ئەمه گۆرانی ئەڵێ گۆرانی»

یەکێکی تر:

- «چۆن گۆرانیەڵێ، ناشێ بنیایەمی ئاخر زەمانت هێنابێ بۆ نادراوا!»

دەستیانکرد به پێکەنین و سەر لەقاندن، میرزا پیلەکانی تێکرد، دوگمەی ڕادیۆکەی دادایەوە، سەرەتا کەمێک خشەخش و فیکوهوڕی کرد، پاشان به سوڕاندنی میلی ڕادیۆکه...

لە ناکاو خەڵکەکە گوێیان لە دەنگی ژنێک بوو، بە زمانی کوردی گوتی «ئێره دەنگی ڕادیۆی کوردیه لە بەغدا... گوێگرانی موحتەرەم فەرموون لەگەڵ چەند مەقامێکی ئەڵوەن لەلایەن (خوداداد عەلی)ەوە»

وەختێ گوێیان لەو پەیامە بوو، هەر هەموویان شڵەژان، خـودادادی عەلی مەقامی ئەڵوەنی دەچڕی و ئەمانیش بە دیارییەوە حەپەسابوون، دیسان کەوتنەوە غەڵبەغەڵب و نووزەنووز، دیسان هەر یەک لە ئاوازێک:

- «خوایە تەوبە... سوبحانەڵڵا، قول عەعوز و بیڕەبیل قەلەق»

- «وا بزانم ئەم خودادادی عەلیەش پیاغەممەر بووە... تخوا وانییە؟»

- «نە بابە پیاغەممەری چی!»

- «ئەی ئەوە نیە وتی خوداداد»

- سـا بـەو (تــەڕاتــەوەن)ە[٢١] ئـەم سنووقە بێتوو جنۆکەی تێچووە»

- «فڵتەفڵت مەکە... ئەمە موعجیزەیە... لایبە میرزا با دنیا ژێرەوژوور نەبێ، بیکە بە خاتری مەرقەیی (پیری شەوکێڵ)[٢٢]»

- «نەبابە نـا، نیشانەی قیامەت و یەومەل حەشرە»

- «ئەی خوایە هاوار تۆبە... یەک تۆبە و هەزار گوناح»

---

٢١- تەڕاتەوەن: گوندێکە لە نزیک شاری پێنجوێن، گۆڕی پیاو چاکێکی لێیە.

٢٢- پیری شەوکێڵ: پیاو چاکێکە، گوایە وەختی خۆی شەوانە لە گۆڕەکەی هاتوەتە دەرێ و بە دەست زەوی بۆ ئەو جووتیارانە کێڵاوە کە خاوەنی گاجووت نەبوون، گۆڕێکی درێژ و نائاساییە لەنزیک شارۆچکەی قەلاچوالان!

- «کوڕە دە گووبخۆ... بڵێ یەک گوناح و هەزار تۆبە... بێئیمان»

بە دەنگی خودادادی عەلی، هەندێکیان وەک ئەوەی حاڵیان لێهاتبێ کەوتنە سەربادان، زەردەخەنەیان بۆ یەکتری دەکرد، مەلا بەدرەدین کە هەتا ئەو ساتەش رادیۆی نەبینیبوو سنگی هێنایە پێشەوە، بە فیزێکی مەلایانەوە گوتی:

- «حەموو شتێ لە قورئانا باسکراوە، ئەمە ئازایەتی بەشەر نیە، هەمووی لوتفی ڕەبولعالەمینە، پێشووتر بیستوومە شتێک دروسکراوە وەک ئینسان گۆرانی و شتەڵێ، هەر عەمدەن باسم نەئەکرد، لایبە میرزا ئەمە گوناحی کەبیرەیە نابێ وەقتی خۆمان بە سەنعەتی جولەکەوە بفەوتێنین»

دەنگەکە ئەوەندە غەریب بوو لای ئەوان، گوێیان بە قسەکانی مەلا نەدا، بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیەکەوە کەوتنەوە قسەکردن، یەکێک گوتی:

- «بە چلوچوار هەزار پیاغەمەر ئەمە یەکێکە لە سیحرەکانی فیرعەون»

یەکێکی تر:

- «چلوچوار هەزار نەبوون خوانەناس، سەد و بیستوچوار هەزارن»

یەکێکی تر:

- «خوای عاسمان و عەرز و ئاو فریامانکەوە»

گۆرانییەکە تەواو بوو، میرزا میلەکەی کەمێک بەلای چەپدا سووڕاند، پاشان هێنایەوە شوێنی خۆی، پیاوێک هەواڵێکی زانستی خوێندەوە گوتی «گوێکرە خۆشەویستەکان، چەند ساڵێکە جووەکان بیر لە چوونە سەرمانگ دەکەنەوە، تێئەفکرن بۆ ئەوەی گالیسکەیەک دروست بکەن و بەرەو ئاسمان هەڵفڕن...

لەگەڵ تەواو بوونی ئەم هەواڵە هەر هەموو کێشایان بە سەری خۆیاندا، بەدەم ئەعوزوبیللا، برا ڕڕۆ، باوکە ڕڕۆ، ئەستەغفیرەڵڵا، سوبحانەڵڵا و ئاخرزەمان ئاخرزەمانەوە ڕایانکردە خوارەوە، چەند پیرێک وەک منداڵ بازیاندا..

پەیژە بەرنەدەکەوت، مەلا بەدرەدین و شێخ هەمبیل لە پێش هەمووانەوە بازیاندایە خوارەوە، مەلا قاچی چەپی لەجێچوو، بەدەم یائەڵڵا یائەڵڵاوە پچڕپچڕ گوتی «جولەکە گەیشتە نادراوا»

شێخ هەمبیلیش بێهۆش کەوتبوو، تەنیا حەیدەر مایەوە، میرزا بە پێکەنینەوە دەیکێشا بە ڕانی ڕاستی خۆیدا:

- «حەیدەر... ئەی تۆ بۆچی بازت نەیا؟»
- «جا بۆچی بازبەم... وەڵڵا بستێکی لێدوور نیە ئەو گاورانە بگەنە سەر خۆریش... هیچ سەیر نییە بە لامەوە... خۆ ئەوان وەک ئێمە عەقڵیان چەپ و چێڕ نییە... دوای دوو ساڵی تر ئەوان لەسەر مانگەشەو جووت و زەرعات و درەوی خۆیان ئەکەن و ئێمەیش با بۆ خۆمان لەم کاولبووە داڕزێین».

میرزا قسەکەی حەیدەری پێخۆش بوو، لەو باوەڕەدا نەبوو بەرگەی ئەو هەواڵە بگرێت، بۆیە لێی پرسی:

- «یەعنی تۆ عاقیەت بەوە هەیە؟»
- «ئەی بۆ نیمە، بنیایەم بتوانێ شتێ دروسکا ئەو گۆرانییە لەوپەڕی دنیاوە بنێرێ بۆ نادراوا، ئیتر بۆ ناتوانێ بچێتە عاسمان»

دوای کەمێک بێدەنگی لە میرزای پرسی:

- «باشە تۆ بڵێی بیانەوێ شوێنی خوا کەشفکەن؟»
- «نە کوڕم، بۆچی لێمبووی بە هۆمەرە چاوشڵەقاو، کەس نازانێ خوا لە کوێیە»
- «هۆمەرە چاوشڵەقاو کێیە؟»
- «ڕەفیقی مناڵیم بوو، تۆ نایناسی»
- «ئەی باشە کێ قاچی مەلا بەدرەدینمان بۆ بگرێتەوە، ساوەڵڵا وا بزانم نادراوا بێمەلا کەوت»

- «له باوکت بەولاوە کێمان هەیە بزانێ شکاویی دەسوقاچ، بگرێتەوە»

- «ئێ خۆ باوکم قاچی مەڕ و بزن و گوێرەکە و مانگا و کەرو ئەو شتانە ئەگرێتەوە، کوا لە هی بەشەر ئەزانێ»

- «کوڕە جا کوا فەرقی بەشەر و حەیوان هەیە ڕۆڵە»

- «ئاخر ئەو مەلایە، چۆن فەرقی نییە؟»

# بەشی دوو:

# کەری ڕاوەستاو... چاوەڕێی هۆۆش دەکات!

خەڵکی نادراوا ئاشنا بە ڕادیۆ بوون، ئێواران لە کۆڵان و سەربانیماڵی میرزا کۆدەبوونەوە، گوێیان لە گۆرانی دەگرت، کوڕی هەرزەکاری وایان تێدابوو، هێندە تامەزرۆی دەنگی بێژەری ژن، یان ژنە گۆرانیبێژ بوو، بەدەم گوێگرتن لە دەنگ و هەناسەیانەوە، دەستی بێژەرێکی دەگرت و دەیهێنایە ناو خەیاڵە ڕووتەکانی خۆی، بە ئیشتیهای خەیاڵ دەستبازی لەگەڵ دەکرد و بە چەند چرکەیەک خۆی ڕەحەت دەکرد...

میرزاش دەنگی ڕادیۆکەی زیاد دەکرد بۆیان، ناوبانگی ڕادیۆ بە ناوچەکەدا بڵاوبووەوە، تەنانەت سامسامیش داوای لە میرزا کرد بچێ بۆ شار و دانەیەکی بۆ بکڕێت...

نادراوا بە هۆی میرزاوە وایلێهات ناوبانگ دەربکات، هەر لە سایەی ئەویشەوە بۆ یەکەمین جار سەعاتیان بینی، گەیشتە ئەوەی لە گوندەکانی مێشوولان و عەلیاواوە ئێواران بێن بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆ، ناوبەناویش کابرایەک لە (چەمی چەقان)ەوە دەگەیشتە (ملەی کانی لۆچکێ) لەوێوە هەردوو دەستی دەخستە سەر گوێچکەکانی و هاواری دەکرد:

– «هۆمام میرزا هۆۆو، زۆری ماوە بۆ ڕۆژوو شکاندن؟»

شەوێک لەو شەوانە... حەیدەر لەماڵی میرزا دانیشتبوو، لە ناکاو ڕادیۆکە گوتی «لەمڕۆ بە دواوە حکوومەت خەڵکی دێهاتەکانیش دەگرێ بە عەسکەر، جیاوازی لەنێوان خەڵکی جنوب و خەڵکی شیمال نەما، شارنشین و دێنشین عەسکەری شمولیان دەکات»

حەیدەر خێرا لە میرزای پرسی:

– «عەسکەر چییە؟»

– «ئەو پیاوانەن کە دەوڵەت شەڕیان پێئەکا»

– «لەگەڵ کێ؟»

– «لەگەڵ دوژمن»

– «یەعنی عەسکەر لەگەڵ پۆلیس فەرقی هەیە؟»

– «بەڵێ»

- «منیش ئەبێ ببم بە عەسکەر؟»
- «نا کوڕم، ماشەڵڵا تۆ گەورەی، ئەوە نیە ڕیش و سمێڵ دایپۆشیوی، تۆیان ناوێ ڕۆڵە، تۆ مەسڵەحەتت لەوەیایە ژن بێنی، وەختی ژن هێنانتە»
- «من لە دوای نارنج کەسم ناوێ»
- «کوڕە نارنج و مارنجی چی، تازە ماڵیان چوو بۆ شار»
- «دە توو سەری خۆت مام میرزا ئەگەر ئەمجارە چووی بۆ سلێمانی بمبە، با یەکجار سلێمانی ببینم، دڵم پێی ئەکرێتەوە»

دوای ڕەزامەندی میرزا لەسەر ئەوەی لەگەڵ خۆی بیبات بۆ سلێمانی، حەیدەر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، باوکی خەریکی شەو نوێژ بوو، دایکیشی کەوتبووە سەرچۆک، دەستەکانی ڕووەو یەکێک لە بنمیچەکانی ژوورەکە بڵندکردبوو، تووند چاوەکانی نوقاندبوو، ڕێک وەک ئەوەی لە دۆزەخدا بێت و لە لێواری ئەو ئاگرە ڕاوەستابێت کە بۆی خۆشکراوە، زۆر بە داماوی دەپاڕایەوە...

لەمێژ بوو حەیدەر دەیویست پرسیارێکی لێبکات، چاوەڕێی کرد تا تێرتێر پاڕایەوە، پاشان چووە نزیک دایکی و گوتی:
- «دایەگیان ئەڵێم»

- «چی ئەلێی ڕۆڵە؟»
- «باشە تۆ بۆ ئەونە لە خوا ئەترسی؟!»
- «ئەیەڕۆ خوایە تۆبە ئەوە وتت چی؟»
- «وتم بۆ ئەونە لە خوا ئەترسی، بە عەقڵی منبێ خوا ئەونەش خراپ نییە دڵیبێ بەسەزمانێکی وەکو تۆ ئازاربا، ئەوەتە تۆی داماو لە نوێژیش حاڵی نابی کەچی هەر نوێژ ئەکەی، ئیتر بۆ ئەترسی و دایمە ئەڵێی خوایە لە گوناحم خۆشبە، من عەبدێکی زەلیل و گوناحبار و ئەو شتانەم»
- «نە بەخوا ڕۆڵە هیچ لەخۆما شک نابەم، لەوەتەی دوو گوێم ڕواوە نوێژ و ڕۆژووم نەچووە، هەر وا فێر بووم، ئەی تۆ لە خوا ناترسی کوڕم؟»
- «نەوەڵڵا، چیمکردووە تا لێی بترسم»
- «بەسیەتی ئەیهاوار، با خوا غەزەبمان لێنەگرێ، با غەوری غەزەب نەبین، خوا هەر خوایە و لە خوایەتی خۆیشی ناکەوێ، ئیمەیش هەرەبێ لێی وەپاڕێین و لێی بترسین، دەی بڕۆ بخەوە درەنگە»

لەم قسانەدا بوون، لە دەرگا تەنەکەکەی حەوشە درا، حەیدەر کردیەوە، کوڕە گەورەکەی کەریم دۆبۆگەن بوو، ئەمین پێیناخۆش بوو بەو شەوە درەنگە میوانیان هات، بە گرژی وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە:

- «بۆچی هاتووی ڕۆڵە چی قەماوە بەم شەوە؟»

- «باوکم عەرزی سەلامی بوو»
- «ئێ دەی ئەزانم، چیتەوێ؟»

بەشەرمەوە گوتی:

- «وەڵڵا بڵێم چی»
- «شەرم مەکە... بۆ دەمت بۆبە تەڵەی تەقیو»
- «سوبحەینێ ئەچم بۆ مێشوولان و ئیتر»
- «ئیتر جلی شاییت نیە لەبەریکەی وایە؟»
- «ئەوە چۆن زانیت کاکەمین... ئەرەوەڵڵا ئەچم بۆ سەر شایی و ئیتر»
- «ئیتر جلەکانی منت ئەوێ وایە؟»
- «ئەرەوەڵڵا، ئەوە چۆن زانیت کاکەمین، وەعدبێ جگەرە نەخۆم تا یەمەوە، تۆزاوی ناکەم، هەڵناپەڕم، نایشیدڕێنم، وەکو خۆی ئەیهێنمەوە، قاتەکەی باوکم نۆ پینەی پێوەیە، بیستوومە ئەوەی تۆ چواری پێوەیە، لەبەر ئەوە هاتم بۆ ئێرە»

مینە ڕوویکردە ڕەحمە:

- «ئا هەستە قاتەکەی بەرێ با بڕوا لە کۆڵمان وەبێ»

هێشتا کوڕە نەگەشتبووە ئەوسەری کۆڵان، پورەبەیخان بە خۆی و بزنێکی شەلەوە خۆیکرد بە ژووردا، ئەمین ئەوەندەی تر ڕووی گرژبوو، دەستی بۆ بزنەکە درێژکرد:

- «قاچی شکاوە؟»
- «نازانم... ئەلعان لە سەربانی گەوڕەکە کەوتەخوار، هەتا بەر کانی ژنان بە تەپاوتل ڕۆی، فەقیرە پێناگریێ»

مینەی حەکیمەگێژ... بەدەم دەستلێدان و دۆزینەوەی شوێنی شکستی بزنەکەوە، وەک ئەوەی خۆی کێری نەبێت، لەبەرخۆیەوە جنێوێکی سەیروسەمەرەی دا... گوتی «وەی لە گۆڕی باوکی ئەو کەسەیش بەم فێری ئەم کەسابەتەی کردم، لەو قەبرەی بەم هەزار و نۆ هەزار جار بە کێری کەر... دە بڕۆ دەی!»

درەوی گەنم و جۆ کۆتایی هاتبوو، خەڵکی نـادراوا خەریکی دەسکەنەی نۆک و نیسک و ماش بوون، کاڵەکە ڕووشە لە بێستانەکاندا دەبینران، لێرەولەوێ شەمامەیەک یان دوان وەک ئەستێرە لە بێستانەکاندا دەدرەوشانەوە، ڕێوییەکان شەوانە خۆیان لە بەرسیلە تێردەکرد، لە شیوی (گوێزە پوچەڵ)ەوە ئاوێکی سازگار دەگەیشتە (پانەباخ)، کەشی بڕینی چنار بوو، تووە سوورەکەی (ملەی کانی کوزەڵە) شیرین بووبوو، ماکاوی[٢٣] تەماتەکانی ئەوبەر چەم سوور هەڵگەڕابوون...

حەیدەر خەریکی خۆ قۆزکردن بوو، جارجار پەنجەی لە هییزە[٢٤] هەڵدەکێشا، ڕیش و سمێڵ و ئەو موانەی

٢٣- ماکاو: بە (دە) گۆل تەماتە دەگوترێت (دێـراو).... بە (دە) دێراویش دەگوترێت (ماکاو)

٢٤- هییزە: لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوە، وەک مەشکە وابووە، لە کۆندا ڕۆنی تێدا هەڵگیراوە.

لەژێر جامانەکەیەوە دیاربوون چەوری دەکرد، ئەو شەوە زۆر درێژبوو بۆ ئەو، خەو نەچووە چاوەکانی، جلوبەرگ و جامانەکەی بە بەڵەمی[٢٥] بانیژەکەوە هەڵواسیبوو، خەرجی چەند ڕۆژێکی لە باوکی وەرگرتبوو، بەدەم چاوەڕوانی میرزاوە، بیری لە سلێمانی و نارنج دەکردەوە، لەگەڵ خۆیدا دەدوا «بڵێی سلێمانی ببینم، بڵێی کەڕەتێکی تر چاوم بە نارنج بکەوێتەوە، بڵێی شار دووربێ، بڵێی ڕیشم جوانبێ، نارنج گیان وا یەم بۆ لات، بەخوا لەبەر خاتری تۆ یەم...

ئەی تۆ بڵێی میرزا پەشیمان نەبووبێتەوە، نا نا نا ئەمبا ئەمبا، بیستوومە خەڵکی شار جوانن، جا تۆ بڵێی وابێ، ئەڵێن شەقاوەیشی لێیە، جا شەقاوە چییە منیش شەقاوەم، بڵێی شەو جێمان کەنەوە، ئەترسم ماڵی خاڵۆزاکەی میرزا لە ترسی ڕیشم نەوێرن دامانکەن»

بەدەم خەیاڵاتی حەیدەرەوە میرزا گەیشتە بەر مزگەوت، ئەوەندە بەپەلە بوو لە دەرگای حەوشەوە نەچووە دەرێ، دەستی ڕاستی خستە سەر جامانەکەی و لە سەر بانیژەوە بازیدایە کۆڵان، کتوپڕ دایکی هاواری کرد «حەزرەتی غەوس هاوار»

شان بەشانی میرزا لە نادراوا نەدیو بوون، دەمەو نیوەڕۆ لە (تەنکەبوار) پەڕینەوە، لەوێشەوە بەرەو شاخی گۆیژە ڕۆیشتن...

---

٢٥- بەڵەم: بەو دار مێوە دەگوترێت کە بەهاران نایبڕن، زیاتر بۆ سێبەر کردنە نەک بەروبووم.

لە سلێمانی هێندەی نەمابوو خۆر ئاوابببێت، چەند دوکانێک نەبێ هەموویان داخرابوون، تاکوتەرا ئوتومبێل بەرەو مزگەوتی گەورە دادەگەڕا، حەسحەس[٢٦] بەرەو بازاڕ ڕێکەوتبوون، گڵۆپی دارتێلی جادەکان داگیرسابوون، شارێکی جوان و ئارام، لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا چاوەڕێی گەیشتنی حەیدەر بوو...

لە گۆیژە هاتنە ئەمدیو، وەختێ حەیدەر سلێمانی بینی دەستیهێنا بە ڕیش و سمێڵیدا، ددانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن، هەناسەیەکی هەڵکێشا وەک بڵێی نارنجی بینیبێت، بزەیەکی پڕنهێنی کەوتە سەر لێوەکانی، ڕوویکردە میرزا تەیفوور:

– «ماشەڵڵا لە ئیشی خوا، ساوەڵڵا من وامەزانی لە دارەی دنیایا بەس نادراوا و مێشولان و عەلیاوا هەیە، تۆ تماشا ئەو هەموو چرایە، وا بزانم ئەوە عەمرم ئەبێ بە سیی ساڵ کەچی لەو کاولبووەی خۆمان بەملاوە نەمدیوە»

– «ئەیچۆن، شار گەورەیە، هەزار ئەوەنەی نادراوا بەشەری لێیە»

– « ئەی ماڵی خاڵۆزاکەت لە کوێیە؟»

– «لە گەڕەکی جولەکانن»

– «ئەی ماڵی خاڵەعیسا لە کوێیە؟»

٢٦- حەسحەس: پاسەوانی شەوانی دوکان و بازاڕ.

- «بەسیەتی حەیدەر، ئەگەر بیشزانم جەسارەت ناکەم بچمە ماڵەکەی، نازانی خاڵەعیسا چەن خەفەتی بۆ تۆ و نارنج خوارد، ئەتەوێ لێرەیش وازیان لێنەیەنی»
- «با ئەزانم»
- «دەی کە ئەزانی ئیتر باسیان مەکە»

دوای بێدەنگییەکی تەموومژاوی دیسان لە میرزای پرسی:
- «یەعنی تۆ خزموقەومی جولەکەیشت هەیە؟»
- «نا کوڕم نا... لەو گەڕەکە چەن ماڵێکی جولەکەی لێیە و هیچی تر»
- «جا کوفر نییە ئەگەر بچین؟!»
- «نەبابە کوفری چی... مێشکم تێک مەیە حەیدەر با بڕۆین درەنگە»

عەبەدووسەرە...
خاڵۆزاکەی میرزا تەیفوور، دوو ژنی هەبوو، دەمێک ساڵبوو نەچوبوو بەلای ژنی یەکەمیدا، چونکە ئەو ڕۆژەی ژنی دووەمی مارەکردبوو، یەکەمیان جوابی بۆ ناردبوو کە گوایە عەبە نەزۆکە، لەبەر ئەوە عەبەدووسەرە تەرکی خەوتنی لەگەڵ کردبوو...

هەر سێکیان دەورەی سفرەیان دابوو، لەگەڵ تەقولبابی دەرگای حەوشە عەبە پاروەکەی دانا، ڕوویکردە قومری... ئەو قومریەی لە گەنجیدا یەکتریان خۆشویست، قومریەک کە هێشتا جوانەژن بوو، دەمارەکانی گەردنی شینیان دەکردەوە، باڵابەرزێکی توندوتۆڵ، جگە لە عەبەی مێردی دەستی نێرینەی بەر نەکەوتبوو، بەڵام عەبە بێچارەی کردبوو...

قومری دەرگای کردەوە، بە بینینی حەیدەر ترسا، چەند هەناسەیەک خەم و خەفەتی عەبەی لەبیر نەما، بەستەزمانە لاڵبوو، چەند ساتێک خۆی بە تەماشاکردنی سەروڕیشی حەیدەرەوە خەریککرد، ئینجا وەڵامی میرزای دایەوە:

- «خەجاڵەتخۆم میرزا، بەخێر بێی، یاخوا بەخێربێی»

پەنجەی بۆ حەیدەر درێژکرد:

- «ئەم شتەیش لەگەڵ تۆیە؟»

- «شت نیە خاڵۆزاژن، کوڕی مینەی حەکیمەگێژە، لەگەڵ خۆم هێناومە، تا ئێستا سلێمانی نەدیوە»

- «فەرموون فەرموون بەخێر بێن یاخوا»

عەبە لەسەر سفرە هەستا، بە بینینی حەیدەر خۆی و ژنە تازەکەشی ڕاچڵەکین، بەخێرهاتنی لێکردن، حەیدەر و میرزاش لەگەڵیان دانیشتن بۆ نانخواردن، حەیدەر بە

شەرمەوە دەستی دایە کەوچک، بێئەوەی بهێڵێ مووەکانی ڕیش و سمێڵی تەڕببن، چەند پارووێک شۆربای برنجی هەڵقوڕاند،...

عەبە بەدەم تەماشاکردنی حەیدەرەوە لە میرزای پرسی:

- «ئەمە کێیە پورزا؟»
- «کوڕی کاکەمینی لای خۆمانە»

حەیدەر شەوقی گڵۆپە شەستیەکەی بە شەوقی چرا نەوتیەکەی خۆیان بەراورد دەکرد، وەلێ عەبە بەراوردەکەی پچڕاند:

- «بۆ قسەیەک ناکەی کاکە؟»
- «جا بڵێم چی؟»
- «بۆچی هاتووی بۆ شار؟»
- «هەروا»
- «باشە ئەوە بۆچی ئەو ڕیشەت ناتاشی کوڕم، پێی ناڕەحەت نیت؟»
- «دڵنیابە بیتاشم، پێیشی ناڕەحەت نیم»
- «وامزانی تۆش وەک بازە کەسێ سوێندت خواردوە تا کوردستان ڕزگارنەبێ ڕیش نەتاشی!»
- «نەخێر، نە لەبەر کوردوستانە، نە لەبەر مردووستانە!»

ئەم وەڵامەی حەیدەر بووە جێی سەرنج، بۆیە کتوپڕ قومری لێی پرسیی:

- «چەن منداڵت هەیە؟»
- «ژنم نەهێناوە دادە»
- « لە لادێکەتان بە چییەوە خەریکی؟»
- «هیچ»

هەتا درەنگ میرزا و عەبەدووسەرە باسی سەردەمی گەنجێتی خۆیان و کاروکەسابەتیان کرد...

بەرلەوەی بخەون حەیدەر چرپاندی بە گوێی میرزادا:

- «من حەزم لە سەربانە... پێیانبڵێ لە سەربان جێم بۆڕاخەن»
- « ئادەی پورزاژنە قومری جێگە بۆ ئەم کوڕە بەرە بۆ سەربان»
- «بەسەرچاو»

حەیدەر بە ئەسپایی چووە سەر ئەو پێخەفەی کە قومری بۆی ئامادەکردبوو، بێئەوەی بهێڵێ دەقی جامانەکەی بشکێت لە نزیک سەرینەکە داینا، هەر بە پشتێنەوە خۆیکرد بە ژێر پەتووەکەدا، هەستیکرد هەوای نادراوا زۆر فێنکترە لە هەوای سلێمانی، ئەو شەوەش خەوی لێزڕا، هەر زوو کەوتە تەپاوتل و خۆهەڵکڕاندن...

قومریش... بە هەمان شێوە، لە ژووره چکۆلەکەی دواوە خەوی لێزڕابوو، جیاواز لە شەوانی ڕابردوو، بیری لە تۆڵەسەندن کردەوە لە مێردەکەی، لەگەڵ بیرکردنەوەشدا ئالۆشی ناوگەڵی تەنگی پێهەڵچنی، لە مێژبوو جەستەی بەر جەستەی پیاو نەکەوتبوو...

لەگەڵ خۆیدا کەوتە گفتوگۆ «ئای عەبە چیت پێکردم، هەتا منت دەسکەو دەسی هەزار نامەردت ماچکرد، ئەونەی نەما شێتبی بۆم، کەچی ئێستا حیسابم بۆناکەی، بەخوا منیش گەمژەم باوانێکتە، ئاخر بڵێ قومری بۆ کێ خۆت بێچارەکردووە، لەوەتەی هەیت دەستت گرتووە بە ئابڕووی خۆتەوە، ئاخر بۆ کێ، بۆ عەبە... خۆزگە لادێییەکی وەک حەیدەر مێردم بوایە»

تا دەهات بیری تۆڵەسەندن لە قومریدا کڵپەی دەسەند، خۆی دەخستە سەر پشت، دەستی دەهێنا بە سنگیدا، مەمکەکانی خۆی دەگوشی، دەکەوتە سەر لای ڕاست، دەستی بە سمتی خۆیدا دەهێنا، بەلای چەپیشدا بە هەمان شێوە، خۆی دەخستەوە سەرسک، دیسان دەستی دەکردەوە بە قسەکردن لەگەل خۆی... «ئەمشەو شەوی تۆڵەیە، تا ڕۆژ نەبۆتەوە شەڕەف و ناموسی عەبە تەسلیمی ئەو حەیدەرە بکە، لەو کوڕە لادێییە باشترت دەسناکەوێ، هەستە بچۆ بۆلای، بەخوا ئەو لە هەموو کەس باشترە،

باوەڕناکەم تا ئیستا لەشی ژنی دیبێ، هەستە قومری بچۆ بۆلای، با هەتا فەرداهی بەیانی خەریکتبێ، جا چی تیایە، وەڵڵا لێی مەوەستە، دەرهەق بەو زوڵمەی یانزە ساڵە عەبە ئەیکا، ئەمە باشترین فرسەتە بۆ هەقکردنەوە، هەستە بچۆ بۆلای، بەخوا لەوانەیە ئەو کوڕە وەک کەڵەشێر بپەڕێ»

وایدەزانی حەیدەر تۆڵەی بۆ دەسێنێتەوە، هەستایە سەرپێ، هێواش دەرگای ژووره بچووکەکەی کردەوە، بەسەر عەبەو ژنە تازەکەیدا قاچەکانی هەڵنا، گەیشتە حەوشە، لەوێش بە تەنیشت پرخەپرخی میرزادا پەڕیەوە، گەیشتە لای پەیژەی سەربان...

حەیدەر وەک ئەوەی بیەوێ ئەستێرەکان دابگرێ و بیانهۆنێتەوە و بیانکا بە ملوانکەیەک و بیکاتە ملی نارنج، تەماشای ئاسمانی دەکرد، ئاگای لە هیچ نەبوو تا ئەو وەختەی قژە پەرشوبڵاوەکەی قومری پێشی بە چاوەکانی گرت و ئەستێرەکانی لێشاردەوە...

لە ترسان زمانی لە جوڵە کەوت، هەستایە سەرقن، پەتووەکەی توند لە ناوگەڵ و کەمەری خۆی ئاڵاند، زمانی کەوتە لەرزین:

- «ها دایکەکەم خێرە، بە دوای چییا ئەگەڕێی، بۆ دەسەهێنی بە سەرما»

قومری زیاتر مەیل و هەوەسی چووە سەر حەیدەر، چاوی لێ نەدەترووکاند، حەزیدەکرد بە ڕووتوقووتی بچێتە باوەشیەوە، دەیویست هەرچی خودا و عەبە پێیان ناخۆشە لەگەڵ حەیدەر بیکات...

بەڵام زۆر لە ڕیش و سمێڵی بێزاربوو، دەستی برد بۆ ڕیشی، حەیدەر دەستی قومری دوور خستەوە و پێیگوت:

– «ئەوە چییەکەی دادە چیتەوێ؟»

جارێکی تر دەستی بردەوە بۆ ڕیشی و بە دەنگێکی پڕ کەیف و زەوق گوتی:

– «قـەزای ئەو ڕیشە درێـژ و چڵکنەت لە عەبەی مێردم کەوێ»

– «یاخوا بێمزەڕەتبی دایکەکەم»

هێواش هێواش ئەو مقەستەی پیشاندا کە لە خوارەوە هێنابووی، حەیدەر کە مقەستەکەی بینی، خەریکبوو دڵی بوەستێ، بە تووڕەیی گوتی:

– «ئەو مقەستە چیە دادەکەم؟»

– «توخوا با تۆزێ ڕیشت هەڵپاچم، ئینجا تا مەلا بانگەیا سوارم بە!»

– «دایکەڕۆ ئەوە باسی چییەکەی، ڕیشم چ ڕێیەکی لەم عالەمە گرتووە، بیکە بە خاتری خوا وازم لێبێنە»

– « ئەمشەو هەر ئەبێ بمکەی بە ژنی خۆت، ئەها... تەماشای مەمکەکانمکە بزانە چەند توندوتۆڵن، چەند خڕن، بەخوا وەک گەورەکچ بەتامم، تا بەیانی هەڵمگلۆفە،

بمتلێنەوە، ژێرەو ژوورمکە، ڕاست و چەپمکە، یەک لەدوای یەک بیکە، تێرمکە، قەینا هەر بە ڕیشەوە خەریکمبە، توخوا جێمکەرەوە با بێم تێرتێر یاری بەو کێرەت بکەم، ئاگرم تیایە ئاگر... بمکوژێنەرەوە»

سەری بادەدا و تەماشای قومری دەکرد، ئاگریشی نەدەبینی، دەست و مقەستی قومری لە خۆی دوورخستەوە، ئەمجارە زیاتر تووڕە بوو:

- « ئا تۆ جارێ ئەو مقەستە لابە با سەری خۆتی پێنەتاشم»
- «دەباشە ئەوە لامبرد»
- «وازم لێبێنە مامۆژن با حەیامان نەچێ»
- «واز ناهێنم»
- «بچۆ بۆ لای میرزا تەیفوور، ئەو ئەزانێ ئاگر وەکوژێنێ، بەخوا کاتێ لە نادراوا ئاگر لەو شاخوداخانە بەرەبێ، هەموویان بانگی میرزا ئەکەن گەڵایان بۆ دابێنێ بۆئەوەی ئاگرەکەی پێدامرکێنن، هەر ئەویش پێیانەڵێ لە کوێوە ڕەتی ئاگرکوژانەوە دامەزرێنن»
- «ئەیەڕۆ میرزای چیی، ئەو کەڵتەکۆنەم بۆچییە، من حەزم لە تۆیە تۆ»
- «ئاخر من حەزم لە تۆ نییە دایکەکەم»

لەم من من و تۆ تۆیەدا بوون... قومری خۆی هەڵدایە باوەشی، توووند کێری گرت و گووشی، دەمولێوە ناسکەکەی گەیاندە مووەکانی ڕیشی، بە ماچێک شڵپەی لە پەناگوێی هەستاند...

حەیدەر لەوە زیاتر بەرگەی ئاگرەکەی نەگرت، هەستایە سەرپێ، سەرین و دۆشەکی فڕێدا، دیسان لەسەر بانەوە بازیدا و خۆی هەڵدایە کۆڵان، قومریش بە پەلەپڕوزە گەڕایەوە سەر پێخەفەکەی خۆی...

ئەو شەوە لە کۆڵان ڕۆژی کردەوە، وەختێکیش عەبە و میرزا هەستان لەخەو، حەیدەر دیار نەبوو، میرزا چووە سەربان خەبەری بکاتەوە، بەڵام وەختێ بینی پێخەفەکە شێواوە و لەناو جێگەکەیدا نییە بە خێرایی هاتە خوارەوە و لە عەبەی پرسی:

– «ئەو کوڕە چی بەسەر هاتووە، لە سەربان نەبوو، ئەبێ بۆ کوێ چووبێ، نانێکم خێربێ هیچی لێنەهاتبێ، بەخوا ئەمینی حەکیمەگێژ و ڕەحمە ئەمکەن بە پەنی نادراوا»

میرزا تەیفوور دەرگای حەوشەی کردەوە، حەیدەر لەبەر دەرگا کزکز دانیشتبوو، پاڵیدابوو بە حەسارەوە، ئەژنۆکانی خستبووە باوەشی، میرزا بە بینینی زۆر خۆشحاڵبوو، دەستی خستە سەرشانی:

- «وەرە ژوورەوە ڕۆڵـە پـارویێک نـان بخۆ ئەوە چییەکەی لێرەیا؟»

- «نـایـەم برسیم نیە، تۆ نانەکەت بخۆ ئینجا با بڕۆین»

- «باشـەباش دوایی لە بازاڕ یەک شیش کەبابت بۆ ئەکرِم بە نان و پیاز و ترشـەوە»

میرزا ماڵئاوایی لە عەبەدووسەرە و هەردوو ژنەکەی کرد، حەیدەر لەوسەری کۆڵان چاوەڕێبوو، نەیویست ڕووبەڕووی قومری ببێتەوە، لەگەڵ میرزا پێکەوە کەوتنە ڕێ، میرزا گوتی:

- «هـەروەختێ هاتبم بۆ ئـەم شـارە، ئیللاو بیللا زیارەتی کاکەحمەیی شێخم کردووە»

- «بۆ هەر کوێ ئەچی بچۆ من هەقم نییە، بەس لەم جولەکانە دوور وەکەوین بەسە»

- «بەخوا ناهەقیت کرد، ئەبوایە خواحافیزیت بکردایە، باشە ئەوە بۆچی مێشکت وا تێکەڵیکرد و لێمان بووی بە منالّی شیرەخۆرە؟»

- «تاقەتم نەبوو»

- «ئەلحوکمو لیللا با بڕۆین»

بازاڕەکانی سلێمانی خەریکبوو شلۆق دەبوون، حەیدەر و میرزا گەیشتنە بەردەم مزگەوتی گەورە، میرزا خۆیکرد بەناو مزگەوتەکەدا، حەیدەریش لە دەرەوە تەماشای ئوتومبێلی شۆفەڕلێت و مۆسکۆفیج و دۆجی دەکرد، خۆزگەی بە شۆفێرەکانیان دەخواست...

لە قاچوقولی ئەو کچ و ژنانەی دەڕوانی کە بە تەنوورەوە هاتبوون بۆ بازاڕ، دوو شەو بوو خەو نەچوبووە چاوی، لای ڕاستی دەرگای مزگەوتی گەورە ڕاوەستا، تا دەهات بازاڕ قەرەباڵغتر دەبوو، جگەرەفرۆشی دەستگێڕ و کاسبکاران دەرکەوتن، لەپڕ میرزا هاتە دەرەوە و بە حەیدەری گوت:

- «ئەی تۆ نایەی زیارەتی ئەو زاتە بکەی، وەرە دووعای خێر بۆ دایک و باوکت بکە»

- «نەوەڵڵا... من تاقەتی پاڕانەوە و شتیوام لە زینووەکانیش نییە جا نەخوازەڵڵا مردوو»

- «دە باشە ئێستا یەمەوە، نەچی بەملاولایا، دوور نەکەویتەوە ڕۆڵە با ون نەبی... سلێمانی بەحرە بەحر»

شەفیق... یەکێک لە شەقاوە خوێنتاڵ و ڕەزاقورس و ناشرینەکانی شار بوو، ڕۆژانە چەند جارێک بەبەردەم مزگەوتی گەورەدا دەهات و دەچوو، هاوتەمەنی حەیدەر بوو، قەنافسەکانی شۆڕکردبۆوە، یەخەی کراسە زەرد و چڵکن و تەسکەکەی گەیشتبووە سەرشانی، قۆڵەکانیشی تا سەرباسکی، هەموو پەراسووەکانی دیاربوون، سێ قۆپچەی کراسەکەی ترازاندبوو، بۆئەوەی سنگی دەرکەوێ، دەسرێکی باریکەڵەی سووری کردبووە ملی و گرێیەکی شلی لێدابوو، جامانەیەکی خستبووە ژێر باڵی چەپی، قایشێکی پانی قاوەیی لەکەمەر بەستبوو، دەرەلینگی شەڕواڵە ڕەشەکەی لەشۆستەکە دەخشا، گیرفانی لای ڕاستی شەڕواڵەکەی، بەهۆی قەمەکەی ناوییەوە زیاتر داکەوتبوو. شەوان بە دزییەوە جگەرەیەکی جمهوری[٢٧] لە پاکەتەکەی باوکی دەردەهێنا بۆئەوەی لە کۆڵان و بەردەم قوتابخانەی کچان باڵی پێوە بابدات، تازە ڕیشی تاشیبوو، سمێڵەکانی شۆڕکردبوەوە، باڵی ڕادەوەشاند...

جگەرەکەی داگیرساند، بە کەشوفشەوە نەفەسی لێدەداو دەیکوژاندەوە، زنجیرێکی درێژی بە دەستەوە بوو، هەڵیدەسووڕاند و ملی خۆی بادەدا، بنێشتی کوردی دەجاوی،

٢٧- جگەرەی جمهوری: جورێک جگەرەی کۆنە، چەند جگەرەیەکی بێ فلتەر بوون لە پاکەتێکی سپی چوارگۆشەدا.

کەسیش نەیدەوێرا تەماشای بکات... بە بەردەم حەیدەردا تێپەڕی، کتوپڕ هەڵوەستەیەکی کرد و پاشەوپاش گەڕایەوە، حەیدەر بە پۆزەوە تەماشایکرد، شەفیق هیچ ترسێکی بەدینەکرد لە چاوەکانی حەیدەردا، خەریکبوو هاربببێت، پێشتر هیچ کەسێکی نەبینیبوو زاتی ئەوەبکات چاو بخاتە ناو چاوی، بنێشتەکەی بە مەڵاشوویەوە لکاند، چاوی سوور هەڵگەڕا، چووە بەردەم حەیدەر:

- «بۆ خێسە ئەکەی خوێڕی... بە کێ پێئەکەنی لاولاو[٢٨]؟»
- «بە تۆ»
- «ئەمناسی؟»
- «نەوەڵڵا... جا بەرەڵای وەک تۆ چییە تا بیناسم»
- «ئەوە وتت چی خوشک حیز!»
- «خوشکم نییە هەتیوە دەمپیسە جنێومەیە»

شەفیق شەڕی ئەو بەرەبەیانەی دەستکەوت، بۆئەوەی زیاتریش حەیدەر تووڕەبکات دەستێکی برد بۆ ڕیشی:

- «بە ڕیشا مەنازە خاڵۆ بزنیش ڕیشی هەیە»
- «هەتیوەحیزە تۆ وا ئەزانی من نازانم جنێوبەم، بەکێ ئەڵێی بزن... هەی لە تەڕایی کوزی دایکتبەم»

دوا بەدوای ئەو جنێوە تەڕە، پڵنگئاسا پەلاماری شەفیقیدا، هەردوو شانی گرت، بێئەوەی بهێڵێ جامانەکەی

٢٨- لاولاو: جاران خەڵکی سلێمانی بەو کەسانەیان دەگوت لاولاو، کە لە گوندەکانەوە دەهاتنە ناو شار، گوندنشینەکانیش پێی قەڵس دەبوون.

بجولێت، سنگی خۆی هێنایەدوا، مشتی لە تەختی نێوچاوانی گرت و یەک کەللەی لێدا، دنیای لە پێشچاوی شەفیق ونکرد، وەک مریشکی سەربڕاو لە سەر شۆستەکە تووشی لنگەفرتێ بوو، سەروگوێلاک و لوتە فشەکەی شکا...

خەڵک کۆبوونەوە... هەرچەند شەفیقیان ئەمدیواودیو کرد نەهاتەوە هۆشخۆی، پۆلیسەکان لەوبەرەوە گەیشتنە ئەمبەر، حەیدەریان قۆڵبەست کرد و بردیان بۆ معاونیەتی پۆلیسی سەرا...

کاتێک میرزا هاتە دەرەوە و حەیدەر لەوێ نەمابوو، لە تەزبێح فرۆشێکی پرسی:

– «کوڕێکی ڕیشنت نەدیوە؟»

– «ڕیشنەکە ئەڵێی، ئەی بەقوربانی ئەو دایکەبم کە ڕۆڵەی وای خستەوە، بەخوا ئێستا یەک کەللەی وەشان، هەر ئەتوت هرقلە[٢٩]، شەفیقی تەختی عەرزکرد و لەم سەرجادەیە خەوانی؟»

میرزا کێشای بەسەری خۆیدا:

– «شەفیق کێیە خۆمڕۆ؟»

– «شەفیق شەقاوە»

– «ئەی ڕیشنەکەیان چی لێکرد؟»

– «بردیان بۆ تەحقیق»

---

٢٩– هرقل: هیرکلیس زیوس، پاڵەوانێکی زۆر بەهێزی بیزەنتیەکان بووە.

پۆلیسەکانی مەخفەری سەرا...

یەک لەدوای یەک تەماشای حەیدەریان دەکرد، ئەویش هەردوو دەستی خستبووە سەر ڕیشی، هەر پۆلیسە و قسەیەکی دەکرد، یەکیکیان گوتی:

- «برارۆ نەکەم لەم موجریمە»

پولیسێکی تر:

- «لەوانەیە پیاوکوشتن و ڕیشۆڵە سەربڕین بە لایەوە فەرقی نەبێ»

- «ئاخۆ چەن کەتنی کردبێ ئائەمە»

- «یا من زۆڵم یا ئەم عەبوڕیشە لە چل پیاو کەمتری نەکوشتووە»

- «تەماشا ئەو جامانە ڕەق و قوتەیکەن»

- «ئەمە لە کوێوە داخیلی سلەیمانی بووە»

- «لەوانەیشە پارەیەکی زۆر بکات»

- «بۆچی؟»

- «زۆر کۆنە بۆ مەتحەفەکەی بەغا باشە»

معاونی مەخفەر[٣٠]... پیاوێکی ورگزلی تەپۆ، دار حەیزەرانێکی ڕەش بە دەستەوە و جاروبار دەیکێشا بە پێڵاوە ڕەشەکانی خۆیدا، لەسەر هەر شانێکی دوو ئەستێرەی

---

٣٠- معاونی مەخفەر: ئەفسەری بنکەی پۆلیس.

ستیل هەبوون، بەرتیلخۆرێکی هەمیشە قەرزار، کڵاوەکەی سەری لەسەر مێزە ژەنگاوییەکەی بەردەمی دادەنا، باوو باپیرانی ئەویش لە لادێ ژیابوون، کابرایەکی سوعبەتچی و قۆشمە، هەندێک شەویش خۆیدەکرد بە ماڵی یەکێک لەو ژنە لەشفرۆشانەدا کە ڕابردووی یاسایی پاکنەبوو، دێهاتەکانی زۆرباش دەناسییەوە، هەر کە حەیدەریان هێنایە ژوورەکەی کتوپڕ لێیپرسی:

- «ها کوڕە لە کوێوە هاتووی؟»

حەیدەر هێشتا هەردوو دەستی خستبووە سەر ڕیشی، بە ترسەوە وەڵامی دایەوە:

- «لە نادراواوە»

معاون بە فیزەوە جگەرەیەکی داگیرساند، چوار ئیمزای خواروخێچی لەسەر نوسراوەکانی سەر مێزەکە کرد و قەڵەمەکەی دانا، مژێکی لە جگەرەدا، چاوی بڕیە چاوی حەیدەر:

- «ناوی خۆت و باوکت و باوەگەورەت چییە؟»
- «حەیدەر حەمەومین حەکیم»
- «بۆچی لە شەفیقت داوە؟»
- «گاڵتەی بە ڕیشم کرد»
- «ئەی بەچی لێتدا؟»
- «بە سەر»

- «هەتیو درۆمەکە تا ئێستاش هۆشی نییە، چیت کێشاوە بە سەریا»
- «کەللە»
- «بۆچی کەللەی تۆ چییە هەتیوە گەڕوگولە؟»

پۆلیسێکی بانگکرد، حەیدەری برد بۆ بەندیخانە، پاش کەمێک میرزا خۆیکرد بە ژووری معاوندا، دەستیکرد بە پاڕانەوە، بەڵام بێسوود بوو، دەبوو دادوەر دوای دڵنیابوون لە چارەنووسی دەم و لووتی شەفیق بڕیاری ئازادکردنی بدات...

مەئمووری بەندیخانە دەستی حەیدەری گرت و بەرەو بەندیخانەی مەخفەرەکە بردی، کەمێک تەماشای بەندکراوەکانی دیکەی کرد و ڕوویکردە قاسمی حەمەباوە:

- «بگرە قاسم ئەها چیم بۆ هێناوی»
- «ئەم ڕیشنە کێیە؟»
- «خۆت پرسیاری لێبکە»

قاسم بە یەکەم بینین حەیدەری خۆشویست، کەمێک ڕیشیان لەیەک دەچوو، بانگیکرد بۆ سەر جێگەکەی خۆی:

- «فەرموو دانیشە... ئەوە خێرە لەسەر چی گیراوی؟»
- «شەڕم کردووە»
- «لە چەن کەستدا؟»
- «یەک»
- «باشت لێیاوە دیارە؟»
- «ئەرەوەڵڵا خوا لە خێری دەرنەکا تەزانوومە، تا

ئێشتاش هۆشی نییە»

- «بۆچی لێتدا؟»

- بێعەیەبی دەرهــەق بە ڕیشم کــرد... ئـەی تۆ بۆ گیراوی؟»

- «دوایی بۆت ئەگێڕمەوە جارێ ئیسراحەت بکە»

- «ئەرەوەڵڵا خەومیەت»

کە خەو حەیدەری بردەوە هەتا ئێوارە وەخەبەرنەهات، وەختێ کە چاوی کردەوە قاسم پەرداخێک ئاویدایە دەست...

قاسم سێ مانگ حوکمدرابوو، ئەویش لەو ڕۆژەوە کە تیایدا حوکمدرابوو ڕیشی نەتاشیبوو، چاوڕەشێکی جوانخاس، قژی تاڵ تاڵ مووی سپی تێکەوتبوو، خڕەڵەیەکی ڕووخۆش، لە مێژبوو ماڵی هێنابووە شار، ناو بەناویش سـەردانی گوندەکەی خۆیانی دەکــردەوە، لە حەیدەری پرسی:

- «خەڵکی کوێی کاک حەیدەر؟»

- «نادراوا»

- «ئەی بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟»

- «چووزانم، حەزمکرد شار ببینم... باشە تۆبڵێی بەربم؟»

- «جا چیت کردووە... بۆ بەرنابی»

- «باشە ئەی تۆ لەسەرچی گیراوی کاک قاسم؟»

بێپێچ و پەنا گوتی:

- «کەرێکم کوشت»

ئەوەندەی نەمابوو دەست بکات بە پێکەنین بەڵام گوتی:

- «کەر!»
- «بەڵێ کەر»
- «هەر کەری کەر؟!»
- «بەڵێ هەر کەر بە کەریی خۆی»
- «یەعنی لێرە وایە... ساوەڵڵا لای ئێمە ڕۆژی هەزار کەر بتۆپێنە کەس باسیناکا»
- «لێرە وا نیە»
- «ئەی چۆنە، دە توو سەری هەردووکمان بۆم باسکە با بزانم چۆن کوشتت، بەچی کوشتت، بە تێڵلا یان خاکەناز؟»

جێی بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە خۆشکرد، قاچەکانی لێڕاکێشا، ویستی پشتی ئەو شەوە بەو چیرۆکە بشکێنێت:

- «کە مناڵ بووم، هەموو ڕۆژێ باوکم ساچمەزەنە ناموبارەکەکەی ئەکردە شانی بۆ ڕاوکردن، ئێوارەیەک نەبوو بە دەسی خاڵی بێتەوە، ڕۆژی وابوو حەوت هەشت کەوی ئەهێنایەوە، دەسی زۆر ڕاستبوو، وەختێ ئەچوو بۆ ڕاو تڕوتفاقی دنیای ئەبرد، شەکر و چا و قۆری و سوژن(٣١) و دەرزی و بەکرە و چەقۆ و پەت و چرالۆکس، جاری

---

٣١- سوژن: دەرزیەکی گەورەیە درێژیەکەی پانزە سنتیمتر دەبێت، وەختی خۆی بۆ دورینەوەی گوێنی و شەڵتە و هۆڕ و کورتان بەکارهێنراوە.

وابوو تۆڕە لۆکسی[٣٢] ئیحتیاتیشی ئەبرد، پاڵتاوی ئەستوور و دەستەیەک شقارتە و تەوراس و بارووت و ساچمە و لوولەی زیایەشی بۆ ساچمەزەنەکە هەڵەگرت، جاری وایش ڕێئەکەوت هەر نەئەگەڕایەوە، بە کوردییەکەی تا دەعبایەکی نەکوشتایە نەئەهاتەوە، کە گەورەبووم جاروبار ئەیبردم لەگەڵ خۆی، قەت لیّم تورە نەئەبوو، فەقیرە تا مردیش نەیتوانی فێری نیشان شکانم بکا، لە تاقەتیابوو یەک دانە مانگ کێواوکێو بە دوای کەروێشکێکا ڕاکا، هەتا نەیکوشتایە وازی نەئەهێنا، هەرچی تەیر و تیوری کێوی بوو باوکمیان ئەناسی، کەوی لە هەرد بڕیبوو، ڕۆژە گەرمەکانیش ڕوویەکردە چەمەکان بۆ ڕاوەماسی، هەتا شەوێ لە (گۆمی ڕێبواران) خنکا و بڕۆ بەخێراتی، ئەو ڕۆژەی کە خنکا هەرچی دەعبا بوو لە خۆشیان هەڵەپەڕین، منیش بە ناخێری گیانم ئەدەواتی ڕاوکردنی ئەوم هەڵگرت بۆ یادگاری و ماڵم هێنا بۆ ئێرە، بووم بە مەیتەر[٣٣] لە خانەکەی[٣٤] خدرەگۆج، ماوەیەک لەمەوپێش هات بە خەیاڵما بچم بۆ ڕاو، گەیشتمە ئاواییەکەی خۆمان و ساچمەزەنم داگرتەوە، کۆترە شینکەیەک لەسەر چڵە قالۆرێک[٣٥]

٣٢- تۆڕی لۆکس: تۆڕێکی زۆر ناسکی بەشەوقە، هەم بۆ ڕووناککردنەوەی ماڵەکانی لادێ بەکارهێنراوە، هەمیش جاروبار ڕاوچییەکان ڕاوی شەوارەیان پێکردووە،

٣٣- مەیتەر: خزمەتکاری شوێنی حەوانەوەی کەر و هێستر و بارگیر و ئەسپ و ماین.

٣٤- خان: شوێنێکە بۆ مانەوەی کەر و هێستر و بارگیر و ئەسپ.

٣٥- قالۆر: جورێکە لە دڕک، کە لە زۆر شوێن بەرزیەکەی دەگاتە دوو متر.

هەڵنیشتبوو، بە خوا وا بزانم هەر خۆی بەوێوە مردبوو، چونکە تا ئەو وەختەی لوولەی ساچمەزەنەکەم لە پەڕوباڵی نزیک کردەوە نەجووڵایەوە، وەڵڵا کاکە پیرەساچمەزەنم تەقان، باوەڕ بفەرموو چەند پەڕێ نەبێ ئیتر هیچی ترم نەدی، بەڵام ئەونەمزانی کەرەکەی سەعەدیانکەل کەوت بە عەرزا، ورگیم کونکون کرد و دەمی نەیا بەیەکا»

حەیدەر هیچی نەدەگوت، وەک قاسم قاچەکانی ڕاکێشابوو، گوێیدابووە قسەکانی، ئەویش بەردەوامبوو:

- «دوایی سەعەدیانکەل پەیابوو، کردی بە هەڵڵایەک ئەوسەری دیارنەبێ، وتی «شکاتت لێئەکەم... یان ئەبێ بیبژێری یا شکات» هەرچەن وتم کاکە وەڵڵا نەمزامی و نەمبینی و قەزاوقەدەر بوو، ئیستیفایەی نەبوو، دوایی وتم باشە کاکە ئەیبژێرم، دانیشتین بۆ سوڵح، خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ ئەوەی لەبەر خاتری قەبرەکەی باوکم سەعە خاترم بگرێ، کەچی ئەو دیانکەلە کە باسی کەرەکەی ئەکرد، ئەتوت باسی سەیارەی دۆج ئەکا، کەرەکەیشی پیرەکەرێک بوو، نە یەک قەترە شیلەی پێمابوو، نە تڵپی تەڕ، بەڵام لە منی کرد بە ماینی پاشا، هەچەن کەرەکە نێریش بوو بەڵام ماکەر باشتر بوو، دایمەی خوا نێرەکەرەکان بۆنیان بە قنیەوە ئەکرد، داوای سیانزە پەنجایی[٣٦] لێکردم،

٣٦- سیانزە پەنجایی: واتە شەش سەدوپەنجا فلس، لە کۆندا برە پارەیەکی زۆر بووە، ئەو دەم نرخی گایەک نزیکەی هەزار فلس بووە، واتە یەک دینار.

خۆلاسە ئەو پارەیە نەک بە من، بە هەموو عەشرەتەکەمان هەڵنەئەسوڕا، ئیتر وتم کاکە چییەکەی بیکە، بچۆ شکاتکە با من ئیعدامکرێم لەسەر ئەو  کەرەی تۆ»

قسەکەی پێبڕی:

«ئەی دوایی؟»

– «دوایی یایانم بە مەحکەمە، کابرایەکی نارد بۆلام ئەیوت «کەر کوشتن بەلای ئێمەوە لە ئینسان کوشتن خراپترە، کەر مەخلوقێکە شانبەشانی بەشەر زەحمەت ئەکێشێ، زۆریش پێش ئینسان ژیاوە، واجیبمانە دیفاع لە حقوقی کەر بکەین، وتی ناوم ڕەزا کەرتۆقێنە و موحامی سەعەم»

دیسان قسەکەی پێبڕییەوە:

– «ڕەزا کەرتۆقێن کێیە قووڕ بە سەرم، بۆ وای پێئەڵێن؟»

– «کاتی خۆی ئەم ڕەزا ناموبارەکە سوعبەت لەگەڵ کەرەکەی باوکی ئەکا، کەرە داماوەکە لە نزیک بێستانێکەوە ئەلەوەڕێ، ڕەزا خۆی لێدائەگرێ و لەپڕ وەک جنۆکە لەبەردەم کەرەکەیا هەڵەسێتە سەرپێ و هەردوو دەسی هەڵئەبڕێ، ئینجا بە هەموو هێزی خۆی ئەقیژێنێ بەسەر کەرەکەیا، وتیان ئەو کەرە قوڕبەسەرە کە لەجێی خویا گوێچکەکانی ڕەپ ئەکا، هەتا دوو شەوو

دوو ڕۆژ زای ئیلاهی ناخوا و هەر لەو شوێنەیا ئەتۆپێ»

– «ئەی لەو ڕەزا بێناموو‌سە، ئێ ئەی دوایی؟»

– «ماوەیەک لەمەوبەر سەعەدیانکەل ڕەزای نارد بۆئێرە، هەر کە گەیشتە لام لە جیاتی سەلاموکەلام دەسیکرد بە زەڕەزەڕ و جووتە هاویشتن، پشتی تێکردم، بە ڕاست و بە چەپا جووتەی ئەهاویشت، سێ چوار لەقەیشی لێیام، ئینجا کەری لێکردم بە تەیری بەهەشت، وتی «ئێوە قیمەتی کەر نازانن، ئێمەی بەشەر ئەچینەوە سەر ئەسڵ و فەسڵ و ڕەچەڵەکی کەران، بەڵام خۆمان گێلەکەین» وەلحاسڵ زۆری گووخوارد، وتیشی «هەر کەسێک کەرایەتی قبووڵ نەکا ناتوانێ بە ڕەحەتی بژی!» وتم ڕەزا پێمبڵێ ئەمجارەیان بۆچی هاتووی، وتی سەعەدیانکەل عەرزی ئیحتیرامی هەیە و ئەڵێ «ئەگەر قاسم یەکجار بزەڕێنێ لێی خۆشەبم» وتم کوڕە لاچۆ سەگی سەگباب، خۆ یەکێ گوێی لەم قسانەبێ وا ئەزانێ ئیشوکارم هەر زەڕینە، بڕۆ دەرەوە لە قنی تۆیش و سەعەدانکەلیش و کەرە تۆپیوەکەیشتان بەم، ئەو بێشەرەفانە حاکمیشیان ڕازی کردبوو بۆئەوەی حوکمم با، وا بزانم حاکمەکەیش سەر بە بزووتنەوەی شۆڕشی کەرەکان بوو»

– «جا توو خوا ئەمە کەرخانەیە یا مەحکەمە، شارێ حاکم و محامییەکانی بزەڕێنن چۆنەڕوا بەڕێوە».

میرزا تەیفور...

هەوڵێکی زۆریدا هەتا کەسوکاری شەفیقی دۆزییەوە و ڕازیکردن ئەرزوحاڵی لێخۆشبوون بنووسن بۆ حەیدەر، تەنیا مەرجی شەفیقیش ئەوەبوو، کە هەتا حەیدەر ڕیش نەتاشێ ئامادە نییە تەنازولی بۆبکات...

بەرەو بنکەی پۆلیس ڕێکەوتن بۆئەوەی ئەرزوحاڵی لێخۆشبوونەکە پێشکەش بکەن، پۆلیسێک حەیدەری لە بەندیخانەکە هێنایە دەرەوە، شەفیق زۆر تامەزرۆی بینینی بوو، کەچی هەر کە بینی کتوپڕ زنجیرەکەی ملی لە چاوی حەیدەر شاردەوە...

دوای ئەوەی میرزا مەرجەکەی شەفیقی بۆ باسکرد، حەیدەر وەک فیشەکەشێتە هەڵبەزییەوە، ئەوەندەی نەما بگاتە ئەوەی میرزاش کەللەیەک لەوەی شەفیق بخوات، بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد بە سەریاندا:

- «کوڕە تەنازول ئەکا یا نایکا بە کێرمەوە، سەگبابی وا چییە شەرت و شرووت بەسەر منا فەرزکا، پێیبڵێ تێرتێر گووی خوارد، نایتاشم... نا.... لە ملیشم بەن نایتاشم، هەزارساڵیش حوکممبەن نایتاشم»

## بەشی سێ:

# هێلکەو ڕۆنیان بۆ کەر کرد... گوێی تێنا

سەبری...

تاقە کچی ناداراوا بوو دڵداری و چاوبازی و دەستبازی لەگەڵ کوڕان نەکردبێت، خەیاڵ و ئەندێشەی لە کچۆڵەکانی تر نەدەچوو، نە دڵی بەدنیا خۆشبوو... نە کەسیش توانیبووی دڵی لێبدزێت، بیستبووی کە هیچ کەس نەیتوانیوە ڕیش بە حەیدەر بتاشێت، ئیدی وەک ئەوەی ڕکابەرێتی نارنج بکات و خۆی وا پیشاندا کە ئەو لە نارنج جوانتر و بەتواناترە و دەتوانێ جڵەوی حەیدەر بخاتە دەستخۆی...

زوو زوو لە دڵی خۆیدا دەیگوت «وەڵڵا ناهێڵم دەسم بۆبێنێ تا ئەو ڕیشە پیسەی نەتاشێ، ئا بزانن چۆنی پێئەتاشم»

مام ئەڵڵاکەرەم... کە باوکی سەبری بوو، هاتووچۆی مزگەوتی نەدەکرد، باوەڕی بە دینودیانەت زۆر زەعیف بوو، ئیمانی بە زیندوبوونەوەش نەبوو، بەڵام نەیدەویرا ئەوەیان بە ئاشکرا ئیعلان بکات، دەیگوت « من لەماڵەکەی خۆم نوێژوتاعەت ئەکەم»

لە ماوەی ئەو چلودوو ڕۆژەدا کە حەیدەر لە بەندیخانە لێیخەوت، مینەی حەکیمەگێژو چەند ڕیش سپییەک خوازبێنی سەبریان کردبوو بۆ حەیدەر، بەو ئومێدەی ڕیش بتاشێت و بە قەولی باوک و دایکی ببێت بە پیاوی ناوپیاوان...

ئەڵڵاکەرەمیش ئەوەی زانیبوو کە حەیدەر ڕوو لەخوا نییە و بیروباوەڕی لەقولۆقە، پێیخۆشبوو بیکات بە زاوای خۆی...

کوڕوکاڵی نادراوا

گودلەیان[٣٧] چەور کردبوو، کۆنە خەرمانەکەی پشت ماڵی مینەی حەکیمەگێژیان دەکوتایەوە، پینەی تازەیان دابوو لە جل و بەرگەکانیان، کەوشی لاستیکیان دەشۆرد و کراسەشڕیان دەگۆڕیەوە...

٣٧- گودلە: لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کوڕانی لادێ قژیان بە مووس بۆ دەتاشرا، بەڵام هێندەی گونکە هەویرێک موویان بەپێش سەریانەوە دەهێشتەوە، پێیان دەگوت گودلە.

گەورەکچەکان لەبەر ئاوێنەی شکاوی ڕیش تاشینی باوک و براکانیان پەنجەیان بۆ لێوی خۆیان دەبرد، کراسی خام و جەلسە و بازەیان پۆشیبوو، پیاوە تڕزلەکان باسی سەردەمی کوڕێنی خۆیان بۆ کوڕوکاڵ دەگێڕایەوە، قسەیان لە یەکتر وەردەگرتەوە، هەریەک دەیویست لەوی تر باشتر خۆ بنوێنێ...

ژنان بە شەڕواڵی پیاوانەوە خوانی شاییان سازدەکرد، چەند قابلەمەیەکی گەورەیان سەرئاگر نابوو، دووکەڵی دارەتەڕ ڕەنگێکی تری بەخشیبوو بە نادراوا، ئەو ڕۆژە لەسایەی شاییەکەی حەیدەرەوە برنج دەخورا، زۆرینەی خەڵک سێ مانگیش دەبوو تامیان نەکردبوو، قاپوقاچاخ هەر هەمووی لە ماڵان و دێهاتەکانی ترەوە هێنرابوون...

هەڵپەڕین و شایلۆغان گەرمبوو، کوڕ ئەو کوڕەبوو چۆپی لە چۆپیکێش وەربگرێت، قریوەی کوڕوکاڵ دەگەیشتە (کێوی کورەکاژاو) تەپوتۆز لە زەوی هەڵدەستا، کوڕان و کچان هەر یەکەو تەماشای یاری خۆی دەکرد، ژن و پیاوە داوێن پڕئاڵۆشەکانیش چاوبازییان لەگەڵ دۆستەکانیان دەکرد، کچان لە بانیژە و گوێسوانەوە دەستیان خستبووە سەرئەژنۆ و بیریان لەو وەختانە دەکردەوە سەبری تیایدا دەبێت بە ژن...

هەندێ لەو پیاوانەی کە دەیانویست خۆیان وا پیشانبدەن هێشتا دڵیان تەڕە و پیر نین، دەچوونە دەستی چۆپیکێش، لەگەڵ لەرەی شاندا چەناگەیان دەدا لە گەردنیان و بە خێرایی سەریان بەرزدەکردەوە، جارجار لە جێی خۆیان وشک ڕادەوەستان، هەر بەدەم هەڵپەڕینەوە ئەژنۆی چەپیان دەخستە سەرزەوی، قریوەیەکی دڵتەڕانەیان بۆدەکرد، لەگەڵ هەستانەوەش لچکی جامانەیان دەیدایەوە لە سەریان، دوو کوڕی گەنج بە (هەلام هەلامە)[٣٨] هەڵیاندەپەڕاندن...

ئەو دوو لۆتیەی مینەی حەکیمەگێڕ بانگی کردبوون گەیشتنە نادراوا، یەکێک لە لۆتیەکان کە دڵی پڕبوو، دەستی مەلا بەدرەدینی ماچکرد و مەلا لێیپرسی:

- چاوشەکەتان لە کوێیە ڕۆڵە؟

چاوی پڕبوو لە فرمێسک، جوزەلەکەی خستە پشت قونیەوە:

- «بە ڕەحمەتی خوا چوو مامۆستاگیان»

- «لا حەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا»

- «حەیفێ تۆ چاوەشەکەمانت نەئەناسی، بەخوا بەخوا بە بنەماڵە خانەیان بوون، پشتاوپشت مەیموون لە دەر ماڵیان نەبڕا»

٣٨- هەلام هەلامە: گۆرانیەکی شادی زۆر کۆنی کوردەوارییە.

مەلا سەرێکی لەقاند:

- «دە بڕۆ کوڕم برۆ بەلای شاییەکەوە، بڕۆ جوزەلە لێیە بە قوربان، بڕۆن بکوتن»

بە بیستنی جوزەلە ئەوەندەی نەمابوو گەنجەکان خۆیان بپڕوکێنن، بووک بە سواری ماینێکی سپی بەڕێوەبوو...

پورحەلیمی بەربووک[٣٩] کارە زۆر تایبەتیەکانی خۆی

٣٩- بەربووک: مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بەربووک ڕوون نیە، وەلێ بە درێژایی دەیان ساڵ پێش حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ڕێ و ڕەسمی هەوسەرگیریدا گرنگییەکی بێ ئەندازەی پێدراوە، ژنێکی کامڵ لە لایەن ماڵی بووکەوە هەڵبژێردراوە بۆئەوەی یاوەری بووک بکات لە کاتی بەڕێکردنیدا بەرەو ماڵی زاوا، بەربووک دەبوایە شەوی یەکەم لە ماڵی زاوا ڕۆژ بکاتەوە، بە مەبەستی چاودێری کردنی ڕەوشی شەوی پەردە، سەرەتا دەچووە لای بووک بۆئەوەی باسی چۆنێتی خۆ بەدەستەوەدان و ڕاکشان و جوڵە و کۆمەڵێک شتی بۆبکات دەربارەی سەرجێیی،. پارچە قوماشێکی سپی لە ناوەڕاستی دۆشەکی بووک و زاوا بە چەند تەقەڵێکی شل دەدووری، دوای چوونە ژوورەوەی زاوا بۆلای بووک، لەمدیو دەرگاوە چاوەڕوانیی بە ژنبوونی بووکی کردووە، بە جۆرێک کە گوێبیستی تەنانەت هەناسە و دەنگیشیان بووە،. دوای دڕاندنی پەردەی کچێنی بووک، قوماشەکەی بە خوێنەوە پێچاوەتەوە و لە باخەڵیناوە، چێشتەنگاوی ڕۆژی دوایی، کەسوکاری زاوا بەربووکیان بردوەتەوە بۆ ماڵەباوانی بووک، هەتا دایک و باوکی بووک خوێنەکە ببینن و دڵخۆشبن، شانازی بکەن بەوەی کە کچەکەیان پەردەی کچێنی لەدەستنەداوە، چونکە ئەگەر کچێک لەو سەردەمەدا بەهۆی نەخۆشی یان کەوتنەخوارەوە لەکاتی منداڵیدا یان خۆڕسکانە پەردەی کچێنیشی نەبووبێت ئەوا بەربووک بە جۆرێکی خراپ ئەوەی ئاشکراکردووە، زۆر جاریش ئەم ئاگادارکرنەوانەی بەربووک بووە بەهۆی ئابڕووچوون و دوژمنایەتی و شەڕ و تەنانەت کوشتنی دەیان و سەدان بووک، یاخود زۆرجار ڕێکەوتووە کە زاوا بەهۆی شەرمەوە نەیتوانیوە سەرجێیی یەکەم شەو ئەنجامبدات، ئەمەش دیسان لەلایەن بەربووکەکانەوە ئاشکراکراوە، کە دواتر بووەتە هۆی بەکەم تەماشاکردنی زاوا.

ئەنجامدابوو، بەدەم چاکردنی پێخەف و سازکردنی پارچە خامەسپییەکەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت «بەربووکیم زۆر کردووە، بەڵام بەربووکی بووکێک نەبووم شووی کردبێ بە کوڕێکی ڕیشنی وەکو حەیدەر، ساوەڵڵا لەوانەیە سەبری بەرگەی حەیدەر نەگرێ، مەگەر خوا ڕوحمکا»

بریسکەی ڕیشی حەیدەر لەناو خەڵکەکەدا دیاربوو، چەند گەنجێک بە زۆر بردیانە ڕیزەوە، دەورێک سێ پێیی هەڵیانپەڕاند، هەر کە سەبری گەیشت خێرا لە شوێنی زاوا دانیشت...

شەو داهات... هەڵپەڕکێ دامرکایەوە، تەپوتۆزی نادراوا نیشتەوە، بەربووک سەبری بردە ژوورەوە و دەستیکرد بە ئامۆژگاری کردنی:

- «کچم شەرم مەکە، ئاگام لێتانەبێ، حەیدەر زۆر بەکارە وریابە، لە یەکێک زیاتری مەیەرێ با تووشی نەزیف نەبی، هەر کە هاتە ژوورەوە دەسخە سەرچاوت و لنگ هەڵبڕە، نەکەی خۆت ڕەقکەی ئامان»

خەڵکی ئاوایی خەویان لێنەدەکەوت، چاوەڕێی خەبەری سەبری و حەیدەر بوون، هەر یەکەو قسەیەکیشی دەکرد، هەر ژن و هەر کچ و هەر گەنج بوو دەستیانکردبوو بە وڕێنەکردن، پیاوێک بە پیاوێکی گوت:

- «دڵم لێییاوه سەبری بەرگەی حەیدەر ناگرێ»

پیاوێکی قۆڕ:

- «کوڕه برا خۆ حەیدەر بەشەر نییه»

کوڕێک:

- «ئەی قوڕ بەو سەرەت سەبری، زۆر عاقڵ و بێدەنگیش بوو»

پیره پیاوێک:

- «حەیدەر ڕۆڵەیه ڕۆڵه، کوڕ وانەبێ بۆچی باشه»

کوڕێکی قەیره:

- «بەخوا سەبری وەختی شووی نەبوو»

پیاوێک:

- «باوەڕ ناکەم ژن هەبێ بەرگەی ئەو حەیدەره بگرێ»

ژنێک:

- « کچێ به خوا پیاویش بەرگەی حەیدەر ناگرێ»

ژنێکی تر:

- «جا تۆ چوزانی کێریت دیوه؟»

قەیره کچێک:

- «بەسه با دوعای خێر بۆ سەبری بکەین»

ژنێکی تر:

– «سەبری چی و مەبری چی، تازە سەبری تەواو»

بە ئەسپایی ژنێک بە ژنێکی تری گوت:

– «من پیاوەکەم یەکەم شەو یانزەی کرد!»

– «ئێ ئێ... ئەمە بۆیە پێیەڵێن شەریف یانزە»

کچێک بە کچێکی تری گوت:

– «وەی باوەگیان ساوەڵڵا من قەت قەت شوو ناکەم»

کچێکی تر:

– «ئێ خۆ هی هەموو کوڕێک وەک هی حەیدەر نییە»

– «تۆ هی حەیدەرت دیوە؟»

– «نەوەڵڵا... جا حەیدەر کوا سەیری کچ و شتیوا ئەکا، بەڵام هینەکەی عەزەم دیوە»

– «ئەیەڕۆ وسبە کچێ منیش دیومە»

– «لە کوێ دیوتە کچەتیو؟»

خەڵک سەرگەرمی حەیدەر و سەبری بوون، لە ناکاو زریکەی پورحەلیمی بەربووک هاتە گوێیان، هەموو بەرەو ماڵی مینەی حەکیمەگێژ ڕایانکرد، بوو بە ساحەی مەحشەر، حەیدەر هاتبووە حەوشەکەوە، باوکی و دایکی قوڕیان

دەپێوا، پورحەلیم بۆئەوەی هەموو گوێیان لە دەنگیبێ بەرزتر هاواری دەکرد:

– «کوشتی، سەبریە داماوەکەی کوشت... نەیزانی چۆن ببێ بە زاوا!»

وەختێ خەڵکەکە زانیان سەبری مردووە، بە لێشاو ڕووی دەمیان کردە حەیدەر و کەوتنە دەنگە دەنگ:

دیسان یەکێک گوتی:

– «مردووت مرێ ئەوە چیت کرد؟»

یەکێکی تر:

– «تۆ بەشەری یا گاجووت... ئەم کەتنەشت کرد؟»

یەکێکی تر:

– «هەتیو بە چیی کوشتت؟»

یەکێکی تر:

– «کە نازانی کچ بکەی بە ژن... بۆ ژنت هێنا!»

یەکێکی تر:

– «ئەوە قەتڵە قەتڵ... نازانی»

حەیدەر لەناو خەڵکەکەدا، وەک ئەوەی کەڕوکاس بووبێت، بە دڵ و دەروون و زمانێکی شەکەت و پڕشەرمەوە وەڵامی دانەوە:

– من نەمکوشت، خۆی مرد، چوومە ژوورەوە وامزانی ماوە، کاتێ لنگیم کردەشانم مردبوو، سەبری

ئێشتا هەر کچە، عەنجەلی هاتبوو عەنجەل، ئەی مەلا ڕۆژی هەزارجار نالّێ موقەدەری خوا گەڕانەوەی نییە، ئیتر باوەڕەکەن بیکەن نایکەن مەیکەن، بچن سەیری سەبریکەن ئەگەر یەک قەترە خوێنتان لە ناوگەڵیا دیی هەقتانە»

شەوگار ئەوەندەی نەمابوو، شەوقی مانگەشەو نادراوای ڕۆشن کردبووەوە، زەڕنەقووتەکان بەدەم خەوبینینەوە ڕادەچڵەکین، ئەو چۆلەکە هەردیانەی بەسەر دڕکەوە هێلانەیان کردبوو چاویان دەکردەوە و خێرا خەویان لێدەکەوتەوە، فیتوی تەیرە دەستگیراندارەکان دەگەیشتە (دەشتی هەنارە مزرەکان)

کزەیەکی فێنک سەمای بە گەڵا دەکرد، شیوەنی چۆلەکەیەک لە پشت نادراواوە دەگەیشتە دەوەنەکانی (سێ کانیلان)، تارمایی بەردەکان وەک کەروێشک دەردەکەوتن، کەروێشکەکانیش لە بەردی ناو پەرێز[٤٠] دەچوون، بەرازێک لە (کانی ڕۆنیاسان) پیازەخوگانەی[٤١] هەڵدەکەند، چەقەڵێک لە نزیک ئاوایی لە کولانەی سۆنەکانی مەلا بەدرەدینی دەڕوانی...

٤٠- پەرێز: دوای دروێنەی گەنم یان جۆ، بە کێڵگە یاخود زەویەکە دەگوترێت پەرێز.
٤١- پیازەخوگانە: جۆرێک پیازی خۆڕسکی کێوانە، خۆراکی سەرەکی بەرازە.

لە گەڵاجاڕەکەی حاجی کەرەمەوە قیغەی قەلەڕەشێک لەگەڵ لوورەی گورگە هارەکەی (سمایلەدۆڵ) تێکەڵ دەبوو، وەڕەی سەگە هەوشاریەکەی حاجی خواڕەحم دەگەیشتە (کونەماران)...

بۆڵەتریێ ڕەزەکـان سـارد بـوبـوون، ترپەی کەوتنە خوارەوەی هەرمێ کێویلە و مازوو جودا نەدەکرانەوە، لە دامێنەوە فیشکەی ئەو مارانە دەبیسرا کە دەیانویست بەر لە گەیشتنی شوانەکان ئاو بخۆنەوە، دەنگی تەور و قیژەی دارستان دەهات، جارجارەش هاواری نێرەکەرێکی بێتاقەت دەنگی دەدایەوە، پووش هەستابوو، بە زەحمەت ڕێدەکرا، خشەی مارمێلک و بزنمژە دەهات و لەپڕ خشەیان نەدەما...

سامسام و پیاوەکانی نزیکەی یەک سەعاتەڕێ لە نادراوا دوور بوون، لە خوار مەنزڵەکەی سامسام چەند پاسەوانێک هەبوون، بنکە و بارەگاکەی لە هەوارگەیەکی یەکجار جواندا دروسـت کـردبـوو، ساردترین کانیاوی ناوچەکە لە نزیک ئەوان بوو...

موراد... یەکێک بوو لە پیاوەکانی سامسام، وریا و ئازا، لەو تاریک و لێڵەدا توانی حەیدەر بناسێتەوە، چاوەڕێی کرد هەتا تەواو نزیک بوەوە، هەرچەند دەشیزانی کە حەیدەرە بەڵام تێیخوڕی:

- «نەجولێی زەلام؟»
- «حەیدەرم»
- «بەم تاریکە سەلاتە بۆ کوێ ئەچی؟»
- «هاتووم بۆ لای کاکە سامسام»
- «پەلەمەکە با لەخەوهەلسێ، جارێکە وەرە بۆلای من»

تا هەتاو گەرمبوون حەیدەر لە نزیک مورادەوە خەوی لێکەوت، دلێنەهات خەبەری بکاتەوە، بەجێیهێشت و ڕۆیشت بۆلای هاوڕێکانی بۆئەوەی ناشتا بکات...

هوما... یەکێکی تر بوو لە چەتەکان، بەدەم میزکردنەوە چاوی بە هەردەکەدا دەگێڕا، لەپڕ حەیدەر کەوتە پێشچاوی، توونا بەنەخوێنەکەی گرێدایەوە و حەیدەری خەبەرکردەوە:

- «ئەوە شێتبووی حەیدەر، چییەکەی لێرە، لە نادراوا دەریانکردوویی؟»
- «تاریکبوو کە هاتم، موراد ئاگای لێمبوو، هاتووم بۆلای سامسام»
- «دە هەستە تۆش میزەکەت بکە با بچین بۆلای»

شوێنی چەتەکان پێیدەگوترا (قوتەی کەرەهار)، ئەشکەوتێکی چکۆلانەی لێبوو، لەبەردەم ئەشکەوتەکە هەموو لە دەوری ئاگردانێک دانیشتبوون...

قەیدار... یەکێک بوو لەوان، ڕێویەکی کوشتبوو، دەمەو بەیان کەوڵیان کردبوو، هەموو خەریکی گۆشت برژاندن بوون، هوما حەیدەری هێنا بۆلایان، سامسام بە بینینی حەیدەر گەشایەوە چونکە خۆشیدەویست، بە پێکەنینەوە پێیگوت:

- «یاخوا بەخێربێی حەیدەر، ناشێ تۆش بۆ ئەوە هاتبی ڕیشی باوکت بتاشم، یان هەواڵی پۆلیست هێناوە؟»

- «نەوەڵڵا هیچیان نییە ئیشم پێتە»

- «وەرە جارێ بابۆڵەیەک[٤٢] گۆشتی ڕێوی بخۆ»

- «من گۆشتی ڕێوی ناخۆم، زۆر تورتە بۆن ساردیشی لێیە، نان و چایی ئەخۆم»

- «دەی چیبکەین هەر ئەوەمان هەیە»

سامسام بەدەم پاروو گلاندنەوە پەنجەیەکی درێژکرد بۆ ڕیشی، وەک ئەوەی بیەوێ شۆخی لەگەڵ بکات:

- «ئەرێ بیستومە کەللەت زۆر ڕەقە، وتیان لە سلێمانی بە کەللە شەفیقناوێکت کوشتووە»

- «حەیفێکم نەمرد، بەخوا ویستم بەو کەللەیە بیکوژم، ئەو سەگبابە لەو شارەیا بیانووی بە من گرت، گاڵتەی بە ڕیشم کرد، من نەگبەتم نەگبەت»

---

٤٢- بابۆڵە: نانێک یان پارچە نانێک، ڕۆنەکەرەی دەکرێتە سەر و دواتر دەپێچرێتەوە، وەک ئەوەی کە پێی دەگوترێ لەفە.

هەمووان گوێیان دابووە قسەکانی حەیدەر، سامسام بە پێکەنینەوە گوتی:

– «نەگبەتیەکەی تۆ چییە حەیدەربەگ؟»

– «وازبێنە توخوا، ئاخر ئەگەر نەگبەت نەبوومایە سەبری بۆچی ئەمرد!»

– «سەبری کێیە، ناشێ ئەویشت بەدەردی شەقاوەکەی سلێمانی بردبێ لەسەر ڕیشت؟»

– « مام ئەڵڵاکەرەمی داماو ویستی بمکا بە زاوای خۆی، خوا عەلیمە من حەزم لە ژنهێنان نەبوو، دایکم و باوکم شێتیان کردم، وایانەزانی ژن و شت ئەتوانێ ڕیشم پێبتاشێ، ئیتر دوێشەو پێش ئەوەی بچمەلای سەبری، داماوە مردبوو، کە زانیم ڕۆحی تیانەماوە بەربووکم حاڵیکرد، ئەویش کردی بە هاتووهاوار و حەیای بردم، خەڵک وایانەزانی سەبری لەژێر منا مردووە، دەی سا بەو قورعانەی ماڵی ئەو مەلا بەدرەدینە هێشتا ئەو سەبریە هەر کچە»

بە سەرسامی تەماشایان دەکرد، هەموو پێکەوە بە حەیدەریان گوت:

– «ئەی ماڵت بە قوڕگیرێ حەیدەر هەی... ئێ دوایی»

– «ئێ تەواو نەگبەتی ڕووی تێکردووم و تەواو، ئەمڕۆ سەبری ئەنێژن، خۆ نەگبەتی وەک کورتانی

لـــووڕی[٤٣] وایـه هـەر کەسێکی گـرت، لـە کلکییەوە دایەپۆشی تا سـەری، ئێ منیش نەمویست خەفەت بخۆم، وتم با بچم بۆلای سامسام و ئەوان لە هەموو شوێنێ باشترە»

– «دەی قەینا خوا عافویکا، تۆ باسی سلێمانیمان بۆ بکە»

بـەدەم باسوخواسی قاسمی حـەمـەباوە و شـەفیق شەقاوە و ئوتومبیل و بەزم و ڕەزمی شارەوە هەمووانی هێنایە پێکەنین، بـەڵام باسی ژنەکەی عـەبـەدووسـەرەی نەکرد...

سـامـسـام کـە زۆر کـەیفی بـە قسـەکانی دەهـات پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– «ئیشت بە من چییە؟»

– «ئەمەوێ وەک قەیدار و ئەوان ببم بە پیاوی تۆ، تاقەتی ئاواییم نەماوە، لە داخی نارنج و سەبری تاقەتی نادراوام نەما، خەڵک گاڵتەم پێئەکەن، ئەگەر وەرمگری لای خۆت ئیتر لەگەڵ ئێوە ئەبم»

دەستیانکردەوە بە پێکەنین، هەموو تەماشای یەکیان دەکرد و قاقا پێدەکەنین، دەیانکێشا بە پشت و شان و لاڕانی یەکتریدا، سامسام هەستی بە ئازارە ویژدانیەکەی

---

٤٣- کورتانی لـووڕی: جۆرێک کورتانی درێژکۆلـەی کـەرە، لـە ملیەوە دایدەپۆشێت هەتا کلکی.

حەیدەر کرد، بۆیە دڵی نەشکاند، ڕوویکردە پیاوەکانی و گوتی:

– «حەیدەر هاتە ڕیزەوە، ئیتر لەگەڵ خۆمان ئەبێ، کەس گاڵتەی پێنەکا و دڵی نەیەشێنێ، ئەوی گاڵتەی پێبکا هەردوو گوێی ئەبڕم، تا ئەو بە ئێمە ڕازیبێ ئێمە ئەیخەینە سەر سەرمان، حەیدەر پیاوێکی بە ویژدانە جەماعەت، حورمەتی لێبگرن»

حەیدەر گوتی:

– «یاخوا لە بەڵا دووربی سامسام، بەڵام قسە لەمسەرەوە خۆشە، بەخوا من ناتوانم کەس بکوژم، مەمنێرن بۆ کوشتن و موشتن، تاقەتی دزی و فزی و ڕاوو ڕووتیشم نییە، نازانم هەڕەشە و گوڕەشەیش لە کەسکەم، دەغڵودانی کەس بە من مەسوتێنن، ناچمە سەر هیچ ماڵێک، تاڵان و بڕۆیش ناکەم»

بەم داوایەی حەیدەر، قەیدار لە هەموان زیاتر پێکەنی، خۆی پێڕانەگیرا، پێش سامسام گوتی:

– «ئەی کەوایە بۆ هاتووی بۆ ئێرە، خۆ ئێمە خەریکی عیبادەت نین لەم کێوانە، خێروخێراتیش ناکەین، بۆ ناچی ببی بە مجەوری مزگەوت!»

بەڵام سامسام قسە و پێکەنینی بە هەموویان بڕی و ڕوویکردەوە حەیدەر:

– «زۆر باشە تۆ چاییمان بۆ لێنێ، بەڵام وریابە ڕیشی خۆت نەسووتێنی، ئیشی تریشمان پێتەبێ، جارجاریش لەگەڵ قەیدار و ئەوان بڕۆ بۆ جەولە»

– «جەولە یەعنی چی؟»

– «یەعنی گەڕان بەم دەشت و کێوانەیا»

زۆراب... یەکێکی تر بوو لە چەتەکان، ئەزموونێکی باشی هەبوو لە دزی کردندا، کۆنە ڕێگرێکی بە غیرەت و جێی متمانەی سامسام بوو، بە تیلەی چاوی ئیشارەتی بۆ سامسام کرد، تێیگەیاند کە درەنگە و ڕێگەی (میشیاو)یان لە پێشە، بۆ ڕێگرتن بەو کاروانەی کە بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێوەبوو، خێرا سامسام تەکانی بە خۆیدا و هەستایە سەرپێ:

– «خۆتان گورجکەن من و قەیدار و میران و زۆراب و موراد ئەڕۆین»

لەگەڵ ئەوان حەیدەریش خۆی ڕاپسکاند:

– «تخوا با منیش بێم زۆر بێتاقەتم»

– «ئاخر ئێمە بۆ تالان ئەڕۆین ڕۆڵە»

– «قەینا هەر ئەمجارە، تخوا با ئەونە بیر لە سەبری نەکەمەوە»

– «ئەلحوکمو لیللا، جا ئەتوانی بەسەر پشتی ئەسپەوە خۆت ڕاگری؟»

- «ئەرێوەڵڵا ئەتوانم هەر وەک کەر نیە؟»
- «نە بابە فەڕقی زۆرە، سوارێنی کەر لە کوێ و ئەسپ لە کوێ، کەر ناوجەرگی ئینسان هەڵەتەکێنێ»

شۆڕ بوونەوە بەرەو (چەمی عێزەتاوا)، حەیدەر بەسەر پشتی ئەسپێکی ڕەشەوە تووند دەستی گرتبوو بە لغاوەوە، دەنگی غاردانی ئەسپەکان مەرگی سەبریان لەبیر بردەوە، تەنیا ترسی لەوە هەبوو لەو ڕاوو ڕووتەدا زیان بەر ڕیشی بکەوێت، ئەگەرنا حەزیدەکرد ئەوەندە دوور بکەوێتەوە کە جارێکی تر نەگاتەوە نادراوا...

ئێوارە داهات، لە میشیاو نزیک بوونەوە، لە شیوێکی وشکەڵان لایاندا، چاوەڕێی خۆرئاوا بوونیان کرد، سامسام و زۆراب پێکەوە دانیشتبوون، ئەوانی دیکەش دوور کەوتنەوە لێیان، تینوویان بوو، بەدوای ئاودا دەگەڕان، لەپڕ لە پشتیانەوە حەیدەر هاواریکرد:
- «وەرن وەرن ئەمە ئاوە»

یەکەم کەس حەیدەر قونی کردە ئاسمان و دەمی نا بە ئاوەکەوە، هەر یەکەمین قوم هەستیکرد سێ بەشی ئاوەکە میزی مانگای تێکەڵبووە، بەڵام بە خاتری ئەوەی گاڵتەی پێنەکەن هیچی نەگوت، تێری خواردەوە، قەیدار لە دوورەوە لێی پرسی:

- «ئاوەکە ساردە؟»

حەیدەر بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە:

- «کەللەتەزێنە وەرە»

قەیدار وەک حەیدەر تێری لێخواردەوە، ئەویش هیچی بەوانی تر نەگوت، بەڵام لە دڵی خۆیدا جنێوێکی تەڕی بە دایکیدا، قەیدار بانگی میرانی کرد:

- «وەرە بخۆرەوە بە قوربانی تەڕایی ئاوەکەی میشیاو بم، وەرە»

وەختێ میران تامی ئاوەکەی کرد، ئەویش گوتی:

- «ئەی ئاوەدانبی مەملەکەت بۆ خۆت و ئاوت»

تەنیا موراد مابوو قومێک لە میزاوەکە بخواتەوە، هەموو دەیانویست ئەویش لێی بخواتەوە، نەبا دوایی گاڵتەیان پێبکات، بانگی مورادیان کرد، ئەمما موراد دوای یەکەم قوم هەستایەوە، بەدەم سڕینی دەمیەوە ڕوویکردە هاوڕێکانی:

- «لە دایکی هەر چوارتان بەم بۆ ئاوێک دۆزیتانەوە، وەڵڵاسا تائێستا کەس نەیتوانیوە فێڵم لێکا، بەڵام ئەو سەگبابە ڕیش گوواویە هەمووومانی وەکو کەر و هێستر ناڵکرد»

دنیا تەواو تاریک بوو، خۆیان دامەزراند، چاوەڕێی گەیشتنی کاروانەکە بوون، حەیدەر لە نزیک موراد خۆی داگرتبوو، زوو زوویش لێی دەپرسی:

- «هەموویان ئەکوژن؟»

- «نەبابە، ئەی سامسام نەیوت ئیشتان بە بارەکان نەبێ چونکە ڕسقورۆزی فەقیروهەژارە، ئێمە هەر گیرفانی کاروانچییەکان خاڵی ئەکەینەوە، مێشکم مەبە حەیدەر بیکە بە خاتری خوا»

گوێچکەی سەرقافڵەی هێسترەکان دەرکەوت، کاروانچییەکان کەوتنە ناو بۆسەوە، لە هەر چوارلاوە دەنگیاندان و ڕایانگرتن، دەستیانکرد بە پشکنین و داتەکاندنی گیرفانی کاروانچییەکان، هەرچی پارە و کیسەتوتن و سەعات و چەرخی نەوت و تەزبێحیان پێبوو لێیان سەندن...

یەکێک لە کاروانچیەکان کابرایەکی بە ساڵاچووی پیسکە بوو، لەتاو ئێش و ئازاری ئەو سەد فلسەی قەیدار لە پزووی شەڕواڵەکەی دەریهێنابوو، وەک مناڵ وڕکی گرتبوو، حەیدەر بەزەیی پیایدا هاتەوە، وایزانی نەخۆشە، چووە لای سامسام و گوتی:

- «ئەو پیاوە زۆر گوناحە لەوانەیە کۆڵنجی کردبێ با بچم تۆزێ بیشێلم»

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و حەیدەر لە کێوان ژیا، باوک و دایکی نەیان دەبینی، ڕەمەزان هات و خەڵکی نادراوا لە مزگەوت چاوەڕێی عەسرە حەدیسی مەلا بەدرەدین بوون، لە تینوان زمانیان گۆی نەدەکرد، هەندێکیان بە زمانی بەڕۆژووەوە باسی حەیدەریان دەکرد:

– «تازە نایەتەوە، هەرکەس فێری ڕاوو ڕووت بوو تەرکی ناکا»

یەکێکی تر:

– «یا من زۆڵم یا ئێستا ئەو حەیدەرە یەکە پیاوی سامسامە»

یەکێکی تر:

– «خوای گەورە ئەو حەیدەرەی هەر بۆ کێوەکان خوڵقاندبوو»

یەکێکی تر:

– «سێ بەسێ تەڵاقم کەوتبێ لەبەر سەبری سەری خۆی هەڵگرت»

مەلا دەستیکرد بە حەدیس خوێندنەوە:

- «وەلسەلات و وەلسەلام و عەلا خەیری خەلقیهی، وەعەلا عیبادیهل سالحین»

هەموو بە تەزبێحی شووشە و قەزوانەوە بەرامبەری دانیشتبوون، مەلا باسی لەو مێروولەیە کرد، کە سولەیمان لێی پرسیوە «بۆچی هەموو ڕۆژێـک دێیتە کەنار ئەم دەریایە و فیکە لێدەدەی» مێروولەکەش دەڵێت «خودا ئەمری پێفەرمووم ڕۆژانە چڵەپووشێک بێنمە ئەم شوێنە، تا بەدەم فیکەکەوە بۆقێک بێت و چڵەپووشەکەم لێوەربگرێ و بیبات بۆ ئـەو کرمەی کە لە درزی بەردێکی بن ئەم دەریایە دەژی»

حەسەنە شێت... لە تەنیشت حاجی عەبدول دانیشتبوو، وەک پیاو ماقوڵێک گوێی بۆ حەدیس ڕاگرتبوو، جەباری خولەملشین و تەهاچەڵتووک، لە ڕیزی دواوە قسەیان دەکرد، حەسەنە شێت ئاوڕ دەداتەوە و پێیان دەڵێت «قسە مەکەن ڕۆڵە ئەوە نییە مامۆستا بەدرەدین حەدیس ئەخوێنێتەوە، دە ئێوەیش وەک حاجی عەبدول سەر حیزکەن بۆ خوتان»

گوتاری مەلا باسی لە بەخێوکردنی ئەو کرمە بوو کە خرابووە ئەستۆی بۆق و مێروولەکەوە، خەڵکەکە کەوتنە سوبحانەڵڵا و ئەڵڵاهو ئەکبەر، لەناو خۆیاندا دەیانگوت، ئەیچۆن بـرا خـوا هـەر سـەرێکی یابێ ڕسقیشی یـاوە، سەی بەهلول کە لە تینووان خەریک بوو هەردوو چاوی کوێردەبوو، هاتە نزیک مەلا و گوتی:

- «سوعالێکم هەیە مامۆستا»
- «چی ئەڵێی بیڵێ شەرع شەرمی تیا نیە»

مەلا وایدەزانی سەی بەهلول باسی ژنەکەی خۆی دەکات بەڵام وانەبوو، هێواش بە مەلای گوت:

- «باشە مامۆستا ئەگەر ئێستا من لە توونیا هەردوو چاوم کوێربێ، خوای گەورە چی دەسەکەوێ؟»
- «ئەستەغفیرەڵڵا، چۆن قسەی وائەکەی سەی بەهلول، یانی نازانی ئەگەر تۆ ئێستە لە تینوا کوێراییت دابێ، خوا گەورە چەن خۆشحاڵ ئەبێ و ئەفەرموێ «بڕوانن ئەی ئیمانداران... ئەها سەی بەهلولی عەبدم کوێرایی داهات و ڕۆژوەکەیشی نەشکان»

دوا بەدوای سەی بەهلول، ڕەمەزانی فاتەکوێر کە زۆر ڕقی لە منداڵ بوو، لە مەلای پرسی:

- «باشە مامۆستا ڕاستە ئەڵێن هەموو منداڵێک ئەچێتە بەهەشت؟»
- «بەڵێ ڕاستە، لەوێ منداڵ ئەبێ بە چۆلەکە»
- «ئەی قوڕ بەسەرم، یەعنی هەموویان بەهەشتیین؟»
- «بەڵێ بەڵێ»
- «دەی سا بەخوا مامۆستا وەک من تێفکرییم، مەگەر لە جەهەننەما ئیسراحەتێ بکەم، قەت قەت لە بەهەشت ناحەوێمەوە»
- «بۆچی؟»
- «نادراوا هەمووی پەنجا منداڵی تیایە خەریکن ئەمانخۆن، جا وەرە لە ئەوەڵی دنیاوە تا ئەمڕۆ هەچی

منالْ هەیە بچێتە بەهەشت، ساوەڵڵا بە ڕۆژی ڕووناک بەبەر چاوی خواوە چاومان دەرەیەنن، بە خوا مەلاگیان ئەگەر وابێ جەهەننەم بێقڕەترە، من تاقەتی بەهەشتم نیە»

دواجار مەلا ڕوویکردە خەڵکەکە:

- «ناشکور مەبن، دوعا بکەن ئەمساڵیش وەک ئەو ساڵە بێباران نەبین»

- «کام ساڵ؟»

- «کوڕە ئەو ساڵەی کوڕەکەی مینەی حەکیمەگێڕ لەدایکبوو»

دیسان سەی بەهلوول هاتەوە قسە:

- «بەڵام توخوا مەیکەن بەو ڕۆژە، بەخوا لەو ڕۆژەوە دوعام بۆ باران بارین نەکردووە»

- «کام ڕۆژ؟»

- «کوڕە ئەها ئەو ڕۆژەی حەیدەر لەدایکبوو، بیرتانە لە بێبارانیا حەوت سەر حەیوانمان کرد بەخێر، کەچی ئەو داکردنەی دایکرد، هەتا نۆ سەر حەیوانی ترمان نەکرد بەخێر خۆشی نەکردەوە، خۆ ئەونەی نەمابوو نادراوا ئاو بیبا»

- «باسی ئەو ڕۆژە هەر مەکەن کە حەیدەر لە ڕەحمە کەوتە خوارەوە»

- «بۆچی باسی ئەو ڕۆژە نەکەین برا؟!»

حاجی بەشارەت وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

- خوایە ئەو ساڵ وڕۆژە بڕواو هەر نەیەتەوە، ئەوە بەکوێڕا لە بیرت نەما، ئەو حەیدەرە چ بەڵایەک بوو خوا نازڵی کرد نازانم، بیرتان نەماوە هەر ئەو ڕۆژەی ئەو لەدایکبوو چی قەوما، ئەی هەر ئەو ڕۆژە نەبوو پردی نادراوا ئاوبردی، هەر ئەو ڕۆژە نەبوو ئەکرەم مەنیجی هەڵگرت و کەس نەیزانی بۆ کوێی برد، هەر ئەو ڕۆژە نەبوو ماڵی ئێمە سووتا و بەو زستانە کوڵەکوێرە[٤٤] قاچی کەرەکەی کەریمەلۆقەی گەست، ئەی هەر ئەو ڕۆژە نەبوو سەگەکەی جەمالەڕووس کوژرا و... کوڕەکەی عوسەچاوشۆڕ بەسەر ماکەرەکەی ماڵی خەزوورمەوە گیراو... بزنەکەی دەروێش عومەریش بەراویتە[٤٥] بوو!»

سەی بەهلوول گوتی:

- «جا لە حەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو، ئەووەڵ شەو من و هەتیوەکەی حەمەگوڵناز ئێشکی ئەو بەرازەمان گرت... داخی هیچیش نەیکوشتبووم کە مینەی باوکی لێگالێگا سەری بێشکەکەی لائەبرد، ئینجا سەیری

٤٤- کوڵەکوێرە: جۆرێکە لە جۆرەکانی مار، درێژییەکەی لە یەک متر تێناپەڕێت، لەجۆرەکانی تر ئەستوورترە و ڕەنگی خاکییە، بە هەر کەسێکەوە بدات چاکبوونەوەی مەحاڵە.

٤٥- بەراویتەبوون: واتە لەبارچوونی کۆرپەلە، بۆ ئاژەڵان بەکاردێت.

حەیدەری ئەکرد و ئەیفڵتان «وەی بە قوربانی ئەو کێرەت بم... وەی ئەو جووتە گونەت بخۆم» وایەزانی کەس کوڕی نەبووە ئەو نەبێ»

لەو کاتەدا کوڕە چڵکنەکەی تۆفیقەسوور لەوێ بوو، بە پشتەدەستی چڵمە شۆڕەکەی لووتی سڕی و لە سەی بەهلوولی پرسی:

- «مامە بالوول... ئێشک چییە؟»

- ئێشک ئەوەیە هەر کوڕێک لەدایکبوو، ئیتر ئەبێ تا حەوت شەو، سێ چوار پیاو بە دیار کوڕ و دایکە زەیستانەکەوە وەمێنن، بۆئەوەی جنۆکە کوڕەکە نەدزێ، یەعنی تا بەیانی نابێ بخەون!»

کوڕەکەی تۆفیقەسوور سەری سوڕما، دیسان پرسی:

- «ئەی ئەگەر ژنێک کچی ببێ، هەر ئێشکی بۆ ئەگرن... ئەی باوکی سەری بێشکەکە لانابا و پێیبڵێ وەی بە قوربانی کوزت بم!؟»

- «وسبە هەتیوە چڵکنی دەمڕووتە، باسی کوز و شت مەکە بێشەرەف، تۆ جارێ منالی... کچ چییە تا ئێشک و شتیوای بۆ بگیرێ، جنۆکە هەر نێرینەی ئەوێ!»

- « جا نێرینەیان بۆچییە؟»

- «وسبە بێعەیەب، من چووزانم بۆچییانە»

حەیدەر لەگەڵ چەتەکان ڕاهاتبوو، بەڵام بەشدار نەدەبوو لە تاوان و لە تاڵان، ناوبەناو لە مەنزڵ دوور دەکەوتەوە بۆ پیاسە کردن، زۆر حەزیشی لە پاسەوانی بوو، زوو زوو تفەنگی یەکێکیانی دەکردەشان و لەسەر کوێرەڕێی دامێن مەنزڵەکە نۆبەتی پاسەوانی کردنی یەکێکیانی تەواودەکرد...

ئەو ڕۆژانەی ئەوان سەرگەرمی دزیکردن بوون، ئەم کارەکانی خۆی وەک کابانی مەنزڵ تەواودەکرد، پاشان یان دەچوو بۆ مەلەکردن، یان بۆ گەڕان، بەردێک نەبوو لە سەری دانەنیشتبێ، بیری لەهیچ نەدەکردەوە، لە تاقەتیا هەبوو بە تەماشا کردنی یەک مێروولەوە ئێوارە بێنێت، جاری وا هەبوو بە درێژایی ڕۆژ هێلانە کەوبارِی دەژمارد، جاری واش هەبوو تا ئێوارە لەبن دارێکدا بە بێدەنگی دادەنیشت، تەواوی شوانەکانی ئەو دەور و بەرەشی دەناسی...

جـەوهـەر... یەکێک بـوو لـەو شـوانـانـەی حـەیـدەری خۆشدەویست، شوانە مەڕی (گۆڕەدێم) بوو، کوڕێکی جوان و لەسەرخۆ، ئەوەندە لەو کێوانە ژیابوو وەک نوقلۆنەبات بەڕووی دەکرماند، شمشاڵژەنێکی کارامە، بە ناڵەناڵ و هەنسکی شمشاڵەکەی زۆرجـاران حەیدەری پڕدەکرد لە یادەوەریی، عەسرە ڕۆژێک پێکەوە دانیشتبوون، حەیدەر لێی پرسیی:

– «چیتکرد جەوهەر، باوکت هەر بۆ ڕازی نەکرا؟»

– «کەللەی باوکم لە کەللەی بەران ڕەقترە»

– «ئەی بۆ بە مامەت ناڵێی گوڵئەندام داواکا؟»

– «لە ترسی باوکم ناوێرێ، باوکم زۆر ڕقی لە باوکی گوڵئەندامە، پێمەڵێ سێ بەڕۆیش بگری گوڵئەندام ناکەم بە بووکی ئەم ماڵە»

– «بۆچی ڕقی لە باوکیەتی، باوکی گوڵئەندام چیکردووە؟»

– «ئەڵێ زەمانی زوو لەبەر باوکی گوڵئەندام جنێویان پێیاوم»

– «کێ جنێوی پێیاوە؟»

– «زەمانی زوو باوکم لەگەڵ باوکی گوڵئەندام ئەچێ بۆ سلەیمانی بۆ گەنم فرۆشتن، باوکی گوڵئەندام مەعمیلی خۆی هەبووە، بەیانی زوو ئەچنە شار، پێش ئەوەی مەعمیلەکەی

باوکی گوڵئەندام دوکان بکاتەوە، دوکانداریێکی تر پێیانەڵێ «با من ئەو گەنمەتان لێبکڕم» باوکیشم ئەڵێ «با بیفرۆشین بەم کابرایە فەرقی ئەم و مەعمیلەکەی تۆ چییە» ئەڵێ «نەبابە سەبرکە مەعمیلی خۆم هەیە» کابرای دوکاندار لەبەر خۆیەوە ئەڵێ «ئاخر بڵی ئەو گەنمە بۆ نافرۆشن بە من هەی لادێیی باوەحیزانە» ئەمانیش ناوێرن جوابی بەنەوە، چونکە خۆیان بە غەریب و بێکەس زانیبوو، وەختێ مەعمیلەکەی باوکی گوڵئەندام دوکان ئەکاتەوە، فەرق بە بیتاقەتی ئەمانەکا، پێیانەڵێ «ئەوە چیتانە بۆ وا بێزەوقن» ئەڵێن ئەو دوکاندارەی ئەوبەرەوە جنێوی پێیاین، ئێمەیش نەمانوێرا جوابی بەینەوە، کابرای مەعمیل خێرا کەوشەکانی ئەخاتە سەرپێ و ئەچێتە بەردەم دوکاندارە جنێوفرۆشەکە، ڕووی دەمی تێئەکاو و ئەڵێ «بۆ جنێوت بە میوانەکانم یاوە هەی لە میوانت بەم» ئەویش ئەڵێ «ئەوە لەگەڵ کێتە هەی لە شەرەف و ناموسی میوانت بەم» ئەمیش ئەڵێ «ئاگات لە دەمتبێ هەی لە خوشکی میوانت بەم» ئەویش ئەڵێ« وسبە لە کوزی ژنی میوانت بەم» دوکاندارەکان ئەبێ بەشەڕیان، باوکیشم بە باوکی گوڵئەندام ئەڵێ « وتم با بیفرۆشین بەو، کاکە خۆ کابرای یەکەم جار بەقەی مەعمیلەکەی تۆ جنێوی پێ نەیاین، ساوەڵڵا ئیتر یەک هەنگاو ڕەفاقەتت ناکەم»

حەیدەر دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

– «خەم مەخۆ، خۆم ئەچمە خوازبێنی گوڵئەندام»

– «بەتەنیا؟»

- «نەبابە، با ئەوڕەحمان و قەیدار بێنەوە، لەگەڵ ئەوان ئەچم، تۆ ناوی باوکی گوڵئەندامم پێبڵێ جا خۆم ئەزانم چۆن خوازبێنیت بۆ ئەکەم»

جەوهەر وەک گوڵ گەشایەوە، شمشاڵی دەرهێنا و بەر لەوەی بیژەنێت گوتی:

- «خۆی ناوی خالیدە، بەڵام خەڵک پێیەڵێ خلەباوانم»

حەیدەر خۆی بە ڕیشیەوە بادەدا، ئەوڕەحمان و قەیداریشی ڕازیکرد بچن بۆ خوازبێنی،ماڵی خلەباوانمیان دۆزییەوە، قەیدار وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی بێئەوەی لە دەرگا بدات پێش ئەوان چووە ژوورەوە، خلەباوانم لە حەیدەر ورد دەبوەوە، سەرنجی ڕیشی دەدا، وەک ئەبوجەهل دەهاتە پێشچاوی...

خلەباوانم... پیاوێکی چاوچنۆک و دوو ڕوو، کوێرە خوێندەواریەکی هەبوو، کەلیمەکەلیمە عەرەبیشی دەزانی، هەمیشە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد و دەیگوت «نابێ غەیرە موسوڵمان بە بنیایەم بزانین، ئەو غەیرە دینانە هەموو پاپان، گاورن، ئەیانەوێ بەن بەسەر گۆڕەدێما و دینەکەمان بدزن...»

ساڵێکیان لە پارچە زەویەکی ئەودا، تیمێکی شوێنەوارناسی ئەوروپی گوێرەکەیەکی لە بەرد تاشراویان دۆزیبوەوە، بڕێک پارە و بزنێکیان پێدابوو لە بری گوێرەکەکە،

کە پارەی بزنەکەی وەرگرتبوو ئینجا بەخەڵکەکەی گوتبوو «بەخوا ئەمانە باشترن لەوانەی لای خۆمان»

دواتر هەر هەمان بزن وشک هەڵئەگەڕێت، چونکە دڵی نەهاتبوو کای بداتێ، ئینجا بایدابوەوە گوتبووی «دایکەکەیان بگێم هەر زوو وتم ئەمانە پاپان و خێر بە ناوچاویانەوە نییە، دەعبایەکیان یاومەتێ بە حسابی بزن کەچی کەس نازانێ چییە، هەر لە تانجی ئەچێ، ئالەم پشتێنە بەفرەیا بە کۆڵ گەڵای بۆ ئەهێنمەوە، کەچی ئەو سەگباب خێوە دەمی بۆ نابا، بە خوا وابزانم ئەم بزنە حیزەی من عەرەبە، هەر دەمەلاسکێم ئەکا، وا بزانم ئەڵێ کاکە مەجی وەڵڵا کوێستان بارید»

کوێرەگرێی قسەوباسی خوازبێنی قەیدار کردیەوە، بەڵام خلەباوانم هیچ قسەیەکی نەدایە دەستیان، جارێک دەیگوت:

- «گوڵئەندام هێشتا مناڵە نابیەم بە شوو»

دواتر کەمێک تەماشای ڕیشی حەیدەری دەکرد و دەیگوت:

- «ئیش و کاریماڵمان زۆرە دەسبەرداری گوڵئەندام نابم»

کەمێک دیقەتی قەیدار و ئەوڕەحمانی دەدایەوە و دەیگوت:

- «ئیشەڵڵا خوا کردبێتی گوڵئەندام ئەیەم بە جەوهەر خەمتان نەبێ»

تەماشای حەیدەری دەکردەوە و دەیگوت:

– «بەخوا برا بە تەما مەبن»

سەیری هەر سێکیانی دەکرد و سەرێکی تری بادەدا:

– «لەوانەیشە ببیەم بەژن بۆ خولەی برام»

دواتر خۆی پێڕانەگیرا و ڕوویکردە حەیدەر:

– «توخوا کاکە پێمبڵێ تۆ بۆ ئەو ڕیشەت ناتاشی؟»

حەیدەر بەم پرسیارە گڕیگرت، هەستایە سەرپێ:

– «هەستن با بڕۆین لەو کچەیش بەم ئەم کابرایە ئەییا بە شوو»

سامسام و زۆراب ڕووەو (کێوی قەههان) ڕۆیشتبوون بۆ وەرگرتنی سەرانە، چەتەکان نانی ئێوارەیان خوارد و قەیدار پێیگوتن:

– «وەرن با ئەمشەویش قسەی خۆش بگێڕینەوە»

هەموو پێیان خۆشبوو، ئاگرەکەیان خۆشتر کرد، بە چواردەوریا دانیشتن، ڕۆستەم کۆتەرەیەکی وشکەڵی نا بە ئاگرەکەوە، کەمێک چووە دواوە و خۆی دەستیکرد بە قسەکردن:

– «تازە مووم لێئەهات، حەزم چووە سەر کچەکەی ڕەوف چوارشان، وەڵڵا کاکە لەگەڵ کچە ڕێکەوتین شەوێک لە باوەشی یەکا بخەوین،ماڵەکەیان تۆسقڵانێ[٤٦] لە ماڵەکانی تر دوور بوو «وتی شەو وەرە بۆ گەوڕەکە»

٤٦– تۆسقڵانێ: واتە کەمێک، وشەیەکە لە ناوچەکانی سلێمانی و شارباژێڕ تا ئێستاش بەکاردێت.

وتم کچێ ئاخر بە ساقەی ئەو قژە تۆزاویەت بم گەوڕ پیسە بۆ ماچومۆچ نابێ، وتی «دە باشە ئەچینە کایەنەکە» وتم کچێ ئاخر بەخوا ئەگەر بە شەوا لێت نزیک وەبم، ئەبم بە ئاگر و کایەنەکەتان ئەسووتێنم، وتی «دە باشە وەرە بۆ سەربان» وتم ئەی بە قوربانی ئەو دەمەوبم، تۆ ئاوابڵێ کایەن و گەوڕی چی، دوای نیوەشەو چووم، باوکی و ئەوان لەسەر بانیژەکە خەوتبوون، لە پشتەبانەوە سەرکەوتم، گەیشتمە سەربان و هات بۆلام، خێرا دەسم برد بۆ ناوگەڵی کەچی کێشای بە دەسما، من هەر دەسم برد بۆ ناوگەڵی و ئەو هەر کێشای بە دەسما، دەسی ئەو سەگباب خێوە بەقەی بانکووتێک[٤٧] قورس بوو، کاتێکم زانی بە زەڕەی کەرەڕەشەکەیان باوکی خەبەری بۆوە، کۆکەیەکی ڕەقی کرد، بە ژنەکەی وت «ئەرێ نەموت قنی ئەو کەرە چەورکە با خەبەرمان نەکاتەوە» بە دەنگی باوکی هەموو شتێکم لەبیر چۆوە، بازمیایە خوارەوە و یەکسەر قاچم لەجێچوو، بە شەلەشەل چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان، دایکم خەریکی دەسنوێژگرتن بوو، لاوێچێک ئاوی هەڵپرژان بە دەم و چاویا، وتی «ئەوە لەکوێ بووی ڕۆڵە بۆ ئەشەلی» وتم وەڵڵا دایە گیان ویستم بچم بۆ مزگەوت، بەڵام کەوتمە ناو چاڵە توتنەکەی ڕەوف چوارشانەوە...

---

٤٧- بانکووت: پارچە دارێکە لەشێوەی خاکەناز، بۆ کوتانەوەی گوێسوانکە بەکاردێت.

هەرچەند ئەو بازەی ڕۆستەم هەمان ئەو بازەی وەبیر حەیدەر هێنایەوە کە پێشتر لە ترسی قومری دابووی، بەڵام تێر تێر پێکەنی، ئینجا قەیدار دەستیکرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی خۆی و گوتی:

- تازە بوبووم بە چەتە، شەوێکیان لە (باریکەڕێی ناوگردان) خۆمان لە چوار حاجی داگرتبوو، تازە لە مەکەومەدینە هاتبوونەوە، ئەیانویست بە نادراوایا بڕۆنەوە بۆ دێکەی خۆیان، هەرچیان هێنابوو بە شەق لێمان سەندن، ئەو حاجیەی من ڕووتمکرد دەمی زۆر پیسبوو، ئەیوت «کوڕم خۆ تۆ خوا ناناسی کەشی و کڵاوت بۆچیە» وتم هەموو سیواکەکانیشم بەرێ تا نەمکوشتووی، وتی «ئاخر بۆچیتە هەتیوەحیزە خۆ تۆ نوێژ ناکەی» وتم دەریکە تەزبێحە شوشەکان، وتی «ئاخر خۆ تۆ تەزبێحات نازانی ڕۆڵە، ناشێ ئەو کەسانە حسابکەی کە سواری دایکت بوون... گوێم نەیا بە جنێو، وتم قورعانەکانیشم بەرێ، وتی «کوڕە ئاخر سەگی سەگباب گوناحە گوناح» وتم موفەڕکەکانیش دەرکەدەی، وتی «بۆچیتە هەتیو خۆ تاعونت نیە»

هیچی پێنەما، من هەر ئەموت بێنە، «وتی چیت بەمێ هیچم پێ نەماوە» وتم ئاوی زەمزەم، وتی «تووخوا ئەمەیانم لێمەسێنە» وتم بێنە، وتی «ئاخر قەحبەی قەحبەبابی هەتیوانگاوێ بۆ ناچی لەو کانییە تێر ئاو وەخۆی» وتم بێنە، وتی «دەباشە یەک قەترە زەهرکە بەشکو ساڵحبی» وتم

بێنە، بە زۆر ئاوەکەیشم لێسەن، دەموچاوم فێنک کردەوە و شوشەکەم گرتە گابەردێک و شکانم، کابرای تازەحاجی خەریبوو شێتبێ، ئەزانن دوایی وتی چیی، وتی «دەی سا بە کەلامی خوا، بمزانیایە ئەو خواگیانە ئەونە خاتروخۆتری حاجی ئەوێ و سەگبابێکی وەک تۆ لە پێش چاوما ناکا بە بزەڵەبەراز[٤٨] و بەچکە قۆڕی[٤٩]، دووپێم نەئەخستە عەرزی مەکەومەدینە»

بەدەم قاقای پێکەنینەوە ڕەشەوەن هاتە پێشەوە، گوتی منیش قسەیەکی خۆشتان بۆ ئەگێڕمەوە:

– ئێوارەیەک ڕێم کەوتە ماڵێ، زۆرم برسی بوو، کاتێ نانیان بۆ هێنام، هەچەنم کرد تەبیعەتم نەچووە سەر خواردنەکە، قاپ و کەوچکیان زۆر چڵکن و پیسبوو، قێزم نەهات دەسیان بۆبەرم، هەستام و چوومە ماڵێکی تر، لەوێ تێرتێرم خوارد، دوایی وتم چوومە ئەو ماڵەی ئەوبەرتان بەڵام کاسە و کەوچکیان زۆر پیس بوو، قێزم نەهات نانەکەیان بخۆم، کەچی هەر ژنی ساحەب ماڵەکە هەڵیبیایە وتی «ئۆی تخوا کە گوناحن ئەوە سەگیان نییە»

بە دەم پێکەنینەوە حەیدەر گوتی:

– «مادەم تێرت خواردووە قەینا»

جەعفەر پێکەنینی بە هەموویان بڕی و گوتی:

– بە منالی ڕۆژێک باوکم بردمی بۆ مزگەوت، لە

---

٤٨– بزەڵەبەراز: بێچووی بەراز.

٤٩– قۆڕی: گیاندارێکی هاوشێوەی مارمێلکەیە بەڵام گەورەتر لەو.

نزیک مـەلاوە دانیشتین، باوکم پرسیارێکی لە مەلا کرد، وایـانـەزانـی عەقڵم بە هیچ ناشکێ، باوکم وتـی « باشە مامۆستا وا زانیمان حۆری حۆرییە، ئەی حۆریلعەین چییە، بیستوومە ئەم ژنانەی لای خۆمان، هەر کامیان بەهەشتی بێت، لەو دنیا خوا ئەیکا بە حوریلعەین» مامۆستایش وتی «بەڵێ وایە» باوکم وتی «یەعنی ژنەکەی منیش ئەبێ بە حۆریلعەین» مامۆستا وتی «ئەیچۆن ئەرەوەڵڵا براژنە زافێرە ئەبێ بە حۆریلعەین شکوور زۆر نوێژ و ڕۆژوو پاکە» باوکیشم سەری بەرزکردەوە، چاوی بڕییە بنمیچی میحراب و لەبەرخۆیەوە وتی «ئەی لە حەرفی (عەین)ەکەی بەم!»

ڕەشـەوەن باش تێنەگەیشت، لە مورادی پرسـی:

- «عەین چییە»
- «عەین عەینە چوزانم چیە»

حەیدەر وەڵامی ڕەشـەوەنی دایەوە:

- «کوڕە کەرە باوکی جەعفەر مەخسەیی حەرفی عەینەکەیە، حەرفی عەین»
- «کەواتە منیش لەو حەرفە بەم باش»

حەیدەر بە مـورادی گوت دەی نـۆرەی تۆیە شتێک بگێڕەوە، ئەویش بـەدەم خۆشکردنی ئاگرەکەوە دەستی پێکرد:

- بیرمە وەختێ منداڵبووم باوکم زۆر ڕقی لە هاوماڵەکەمان بوو، هەموو ڕۆژێ ئەیوت «هەتیو موراد قسە لەگەڵ کوڕەکەیان مەکە» بە دایکیشمی ئەوت «سەرت ئەتاشم لەگەڵ ژنەکەیان قسەکەی» باش لەبیرمە ماڵی هاوماڵەکەمان کەڵەبابێکیان بوو عەینەن کەڵەبابەکەی ئێمە، ئێوارەیەک هینەکەی ئەوانم گرت وامزانی ئەوی خۆمانە، کوڕی هاوماڵەکە هات وتی «داینێ ئەوە هینەکەی ئێمەیە» وتم نەخێر هینەکەی خۆمانە، کەچی ئەونەمزانی بە دەسمەوە قوقانی، کوڕەکە وتی «ئەها ئەها نەموت هینەکەی ئێمەیە» وتم بەچییا زانیت، وتی «ئەوەتە خۆ جوان دیارە، بە خوێندنەکەیا لەوەی ئێمە ئەچێ و بە گوو خواردنەکەیشیا لەوەی ئێوە» ئیتر وەڵڵا ئەوەی ڕاستبێ هەتا ئا ئێستاش نازانم ئەو کوڕە مەخسەیی چیبوو»

پێکەوە یەک لەدوای یەک دەستیانکرد بە تەریقکردنەوەی موراد بۆ ئەو قسەی کە کردی:

- «دەک داوەشێی بۆ خۆت و قسەت»
- «تو قەبری نەنکت ئەوە وتت چی»
- «بەخێر نەیەیتەوە ساوەڵڵا هەزار قسەی وا بزانم نایکەم»
- «جا بەس نیە سامسام گوێی لێنەبوو، بە کەلامی خوا سێ شەوو سێ رۆژ سەرەو خوار هەڵیەواسیت»

هەموو ڕوویان کردە حەیدەر:

- «نۆبەی تۆیە ڕیش گوواوی»

حەیدەر ئەنیشکی ڕاستی خستە تەختەبەردێک و چاوی بڕییە پریشک و پزیسکی پەرشوبڵاوی ئاگرەکە، دەنگی خۆی تیکەڵ بە قرچەقرچی ئاگرەکە کرد و گوتی:

– «من قسەی کۆنم نیە دانەیەکی تازەتان بۆ ئەگێڕمەوە»

– «دەی فەرموو»

– «وابزانم پێریَ عەسر بوو، داگەڕام بۆ ناو مێژوەردەکان[٥٠]، زەعیفەیەک و دوو پیاو بەرەو ڕووم هاتن، سەلامیان لە حازری کرد، وتم ئەوە بۆ کویَ ئەچن، وتیان «دوو ڕۆژە بەڕێوەین ئەچین بۆ قەڵای مەریوان» وتم خێرە، وتیان «ئەم کچەمان شێتبووە شێخ و مشایەخ نەما نەیبەین، جنۆکەی تیایە» منیش بەزەیم پیایانا هاتەوە وتم مەیبەن، وتیان «بۆ» وتم من جنۆکەکان دەرەێنم لە بەیەنیا»

قەیدار گوتی:

– «ئەمە ئەو شتانەیش ئەزانی حەیدەر؟»

– «تۆ ڕاوەستن بزانن چیم کرد، وتیان «جا تۆ شێخی» وتم بەڵێ، فەقیرانە بە ڕیشم تێکەوتن، خۆیاندا بەسەر کەوشەکانما، وتم دوورکەونەوە با یەک دوو پرسیار لە کچەکە بکەم، خێرا چەن گوریسێک لێم

٥٠– مێژوەرد: گیایەکی بەهار و هاوینە، زۆر جار ڕەنگی قەدپاڵێک دەگۆڕێت بە ڕەنگی مۆر.

دووركەوتنەوە، تەماشای كچەم كرد، وتم بە چاوتا دیارە كە خۆت شێتكردووە، وتی «ئەرێوەڵلا لە تۆ ساخترێكم» وتم ئەی بۆ خۆت شێتكردووە دادەكـەم، وتـی «لێم قەوماوە كچێنیم نەماوە، پێم بزانن ئەمكوژن، مەجبور خۆم شێتكردووە» وتم ئێستا چارتەكەم، وتی « توخوا بە ڕاستە چۆن چۆنی، چیم لێئەكەی» وتم پەلەمەكە با بچم بۆ لای باوكت و ئەوان، كچەم جێهێشت و چوم بۆلایان، دیسان كەوتنە ماچكردنی قاچم، وتیان «جنۆكەكانت دی لە بەیەنیا» وتم بەڵێ، بەڵام نازانم لە كوێوە دەریانكەم، هاتووم قسە لە ئێوە وەرگرم، ئەگەر لە چاویەوە دەریانكەم كچەكەتان كوێرەبێ، ئەگەر لە گوێچكەیەوە دەریانكەم كەڕەبێ، ئەگەر لە دەمیەوە دەریانكەم لاڵەبێ، عەیب نەبێ ئەگەر لە خواریشەوە دەریانكەم پەردەكەی ئەدڕێ، جا ئیتر نازانم لە كوێوە، باوكی وتی «هیمەت و بەرەكەتت حازربێ یاشێخ، تووخوا قەینا با كچەكەم كوێر و كەڕ و لاڵ نەبێ، لە هەر شوێنێكەوە دەریانەكەی كەیفی خۆتە» هاتمەوە بۆ لای كچەكە، بردمە ئەودیو گابەرێكی زلەوە، وتم بقیژێنە با ئەوان گوێیان لێبێ و هیچی تر، كچە قیژاندی و دوایی یامەوە دەسیان و خرتە خرت پێشیان كەوت و گەڕانەوە بە ڕێی خۆیانا و برۆ بەخێراتی»

ڕۆستەم كەمێك لە ناوی جنۆكە سڵی دەكردەوە گوتی:

– «بە ئیسمی موبارەكی خوا لەوانەیە تۆ ئەولیابی،

باشە چۆن ئەو فیڵەت دۆزییەوە، کێ ئەڵێ شێخیش نیت
ئەوە نیە ڕیشت هێشتۆتەوە»

شەو درەنگ بوو...

سامسام و زۆراب نەگەڕانەوە، جەعفەر و ڕەشەوەن خەویان لێکەوت، حەیدەر هەر ئەمدیواودیوی بوو، خەوی لێنەئەکەوت، قەیدار و ئەوڕەحمان لە دامێنەوە پاسەوانی مەنزڵیان دەکرد، لە پڕ دەنگی زۆراب لە دوورەوە گەیشتە گوێیان:

– «فریامکەون»

بەو هاوارە حەیدەر تەواو شپرزەبوو، بەرەو ڕووی هاوارەکە ڕایانکرد، زۆراب لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو، ئەوڕەحمان خستیە باوەشی، ویستی بەرەو مەنزڵ بیبا، بەڵام زۆراب بەدەم ئازاری ئەو گوللەیەی گورچیلەی چەپی هەڵتەکاندبوو گوتی:

– «خۆتان بە منەوە خەریک مەکەن من لێبوومەوە»

حەیدەر دەستی خستە سەر برینەکەی، سەری ماچکرد:

– «کێ تەقەی لێکردووی، ئەی سامسام لە کوێیە؟»

تەماشای زۆرابیان دەکرد و باوەڕیان نەدەکرد ڕۆژێک لەڕۆژان زۆراب خوێنی لێبێت، بەدەم گیانەڵڵاوە بۆ دواجار تەماشای هاوڕێکانی کرد و گوتی:

- «سامسام کوژرا، کەوتینە داوی پۆلیسەوە، هاتمەوە بۆئەوەی پێتانبڵێم تا پۆلیس نەگەیشتۆتە ئێرە و نەکوژراون ڕاکەن»

زۆراب گیانی دەرچوو، هەموو دەستیانکرد بە گریان، بە لەپی دەست بە ڕان و ئەژنۆی خۆیاندا دەکێشا، شیوەنێکی بێدەنگ باڵی کێشا بەسەر قوتەی کەرەهاردا، حەیدەر گریانی بەکەم دەزانی بۆ سامسام و زۆراب بۆیە گریانی نەدەهات، یەک لەدوای یەک سەری زۆرابیان ماچکرد، موراد بەدەم سڕینی فرمێسکەکانیەوە گوتی:

- «چیبکەین بەرەو کوێ ڕاکەین؟»

ئەوڕەحمان کە بە ئەسڵ خەڵکی سەقز بوو، چاوەکانی سڕی و گوتی:

- «با بەرەو ڕۆژهەڵات ڕاکەین»

هەموو ڕازیبوون بەڵام حەیدەر گوتی:

- «جارێ زۆراب ئەنێژین با گورگ مەیتەکەی نەخوا»

بەخێرایی گۆڕێکی تەسکیان هەڵکەند، حەیدەر بەو جامانەیەی کە زۆر لە مێژبوو دەقی نەشکابوو ڕوخساری زۆرابی شاردەوە بۆئەوەی گڵ نەچێتە ناو دەم و لوت و گوێچکە و چاوەکانی، دەستیدایە ژێر شانی تەرمەکەی زۆراب و گوتی:

- «ئادەی بە قوربانتانبم قاچەکانی بگرن با دایهێڵین»

بەپەلە قەبرەکەیان پڕکردەوە و تەماشای یەکتریان کرد، قەیدار گوتی:

- «خۆ ئێمە تەڵقین و مەڵقین و یاسین و ماسین و شتیوا نازانین با ڕاکەین درەنگە»

هەر یەکەو سواری ئەسپی خۆی بوو، بەڵام حەیدەر نەجووڵا، هەموو داوایان لێکرد سواری ئەسپێک ببێت، کەچی گوتی:

- «من نایەم ، ئەچمەوە بۆ نادراوا، ئێوە بڕۆن خوا حافیزتانبێ»

بەو کارەی حەیدەر بەرامبەر زۆراب کردی، ئەوەندەی تر خۆشەویست بوو لەلایان، وەک کوڕی تەنگانە لێیان دەڕوانی، هەریەکەیان بە جۆرێک لێی پاڕایەوە تا بچێت لەگەڵیان:

- «حەیدەر تووخوا وەرە»

- « تا ئێمە مابین ناهێڵین کەس دەس ببا بۆ ئەو ڕیشە جوانەت»

- «دەی وەرە»

- «تووخوا با جیا نەبینەوە»

- «ئەگەر بێی لەگەڵمان ئەتکەین بە سەرگەورەی خۆمان و لە ئەمریشت دەرناچین»

بەم قسانەی هاوڕێکانی دڵی پڕبوو لە گریان، فرمێسک بە ڕیش و سمێڵیدا چۆڕایەوە، بەدەم هەنسک هەڵکێشانەوە گوتی:

– «بەینی من و ئێوە تەواو، بڕۆن بە ساقەتانبم، خوا مەحفوزتانکا، بڕۆن درەنگە با ئێوەش نەکوژرێن، نادراوا نزیکە، ئێستا ئەچم لەو چەمە خۆم ئەشارمەوە، دوایی ئەچمەوە بۆ ئاواییەکەی خۆمان»

لەگەڵ قووقەی یەکەم کەڵەبابی نادراوا حەیدەر گەیشتەوەماڵی خۆیان، ئەمینی باوکی زۆر نەخۆشبوو، لە دەقیقەیەکدا سێ چوار شایەتومانی دەهێنا، مەلا بەدرەدین چەند جارێک یاسینی بە سەردا خوێندبوو، هەر چۆنبوو لە خۆشی گەڕانەوەی حەیدەر هەستایەوە، خێرا لە حەیدەری پرسی:

- «بۆچی وا بێتاقەتی ڕۆڵە ئەڵێی پاپۆڕەکەت غەرقبووە، خۆ سامسام دەری نەکردووی؟»

- «نا باوەگیان دەری نەکردووم، سامسام و زۆراب کوژران، ئەوانی تریش ڕایانکرد بەرەو خۆرەڵات»

بە بیستنی ئەو هەواڵە ئەمین پەکیکەوت، چونکە سامسام بۆ خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت پشتوپەنا بوو، دەیانزانی بە نەمانی سامسام حکومەت پیاوەکانی دەنێرێت بۆ گیانیان، بە توندی کێشای بە جامانەکەیدا و گوتی:

– «ئەی باوکەڕۆ باوکەڕۆ، دەسی شکاوم بۆ سامسام، سا بەخوا لەوانەیە هەر ئەمشەو پۆلیس بگاتە ئاوایی، بەخوا لە سبەی زووتر نیە ئەم کێوانە پڕەبن لە پۆستاڵ لەپێ و بنیایەمی ڕەش و لچ قەوی، باوکەڕۆ سامسامەمان ڕۆ، چیبکەین خوایە هاوار، بە خوا ئیتر یەک تفەنگ قیمەتی لەتێ نان ناکا!»

دەنگوباسی کوشتنی سامسام زۆر زوو بڵاوبۆوە، هەر کەس تفەنگ یا دەمانچە یا خەنجەری هەبوو شاردیەوە، مزگەوتەکان تەواو شلۆق بوون، مەلاکان بەو هەموو ئایەت و سورەتی قورئانەوە کە دەرخیان کردبوو ترسیان لێنیشت، بەشێک لە دەوڵەمەند و ئاغا و دەرەبەگەکان مردنی سامسامیان پێخۆش بوو، خێرا بوون بە پیاوی دەوڵەت، ئەوانی تریش وەک تووتی هەر خەریکی دوعا و نزا کردنی خۆیان بوون، بەڵکو خودا لە بەڵای ناگەهان و شەڕی شەیتان و فیتنەی ئاخر زەمان بیانپارێزێت، بەڵام حەیدەر وەک ئەوان دوعای نەکرد، تەماشایەکی ئاسمانی کرد و گوتی:

– «وابزانم ئێمەش عەبدی تۆین، خۆ بەوە نییە عەرەبی نازانین!»

## بەشی چوار:

# کەر... ئەرجول و ئەتڵەس دەربەرکا هەر کەرە

لەسەر چەند گردۆڵکەیەک خۆڵەمێشی ئاگری نەورۆز دیاربوو، گژووگیا بە باشی سەریان دەرنەهێنابوو، مەڕ و ماڵات و گاگەل نەیاندەتواتی تێرببن لە گیا، کەشوهەوا فێنک و سازگار بوو، تیشکی خۆر هێشتا توانای ڕاونانی هەندێک لە گەواڵە هەورەکانی نەبوو، چەند پەڵە هەورێک نەیان دەهێشت هەتاو بەر زەوی بکەوێت...

کەشوهەوا سارد بوو، مزگەوتەکان خۆشترین شوێن بوون بۆ دانیشتن، مزگەوتی نادراوا جمەی دەهات، مەلا بەدرەدین بە گوتار و چیرۆکی ناو قورئان، بە حەرامە و حەڵاڵە مزگەوتی گەرم کردبوو، ناوبەناو یەکێک بەسەرهاتێکی دەگێڕایەوە...

لە گۆشەیەکی مزگەوت، لەنزیک ئەو سۆپا دارەی کە بەیانیان حەمەگلەیی بە کۆتەرەدار گەرمی دەکرد و دەیهێنایە مەقاماتی کڵپەکڵپ و نیڵەنیڵ، کۆڵەکەیەکی ئەستوور خرابووە ژێر یەکێک لە نیرگەکان[٥١]، بە کۆڵەکەکەی عەریف عەلی ناسرابوو...

---

٥١- نیرگە: دار چنارێکی زۆر ئەستوور و پتەوە، دەخرێتە ژێر دارەکانی دارەڕاوە بۆ ڕاگرتن و بەرگە گرتنی بانەکانی لادێ لەجیاتی جسر.

عەریف عەلی... کابرایەکی بەساڵاچوو، لاوازێکی درێژ و خوار، درۆزنێکی بە ئەزموون، ڕێک وەک ئەوەی لە قورئاندا باسکراوە چوار ژنی هێنابوو، سیانیانی تەڵاقدابوو، بە گوتەی خۆی زۆرجار کوڕەزا و کچەزاکانی نەدەناسیەوە...

وەختی خۆی باوکی ئەم عەریف عەلیە دەروێشی تەریقەتی قادری دەبێت، زۆر بە بێکەسیی و هەژاریی و کەمدەرامەتی ژیانی کردووە، ڕۆژێک داوا لە شێخەکەی دەکات ژنی بۆبهێنێت، بە شێخ دەڵێت «ڕۆحم بە قوربانتبێ بۆ ئەوە هاتوومە خزمەتت... خۆتەزانی من ژن و ماڵم نییە و ئێ بەخوا کەسیش شک نابەم لە جەنابت زیاتر بەڵکو خەمێکم بۆ بخۆی»

ئەو ڕۆژە، بۆ نەگبەتی باوکی عەریف عەلی، شێخ ئاگری لێباریوە، لە دەروێشەکانی تری زۆر تووڕە بووە، شێخ بە باوکی عەریف عەلی دەڵێت «وەڵڵا مەگەر گووت بۆ بخۆم» ئەویش دەڵێت «بەخوا قوربان ئەگەر ئەمساڵیش نەیخۆی ئەبێ ساڵێکی کە ئیشەڵڵا بۆم بخۆی»

خەڵکی نادراوا هەموو دەیانزانی قسەکانی عەریف عەلی درۆیە، بەڵام هەر گوێیان لێدەگرت، حەیدەر زۆرجار گوتبووی «خوانەکردە ئەگەر عەریف عەلی تووشی موقەدەرێک ببێ کۆستی درۆ ئەکەوێ» لەبەرئەوە کەس نەیدەوێرا پاڵ بدات بەو کۆڵەکەیەوە کە ئەو پاڵی پێوەدەدا، ئەگەر مەلاش لەو شوێنەدا قسەی کردبا باوەڕی پێنەدەکرا...

خۆی بە ڕەفیقی هەموو کەس نەدەزانی، بە چاوێک لە خۆی دەڕوانی کە هەر ئەو توانیوێتی عەرەبستان ببینێت، لە هەڕەتی گەنجیدا ڕۆژێک غارغارێن بە کەرەکەی دەکات و لەپڕ بە سەرەوە کەوتبووە خوارەوە، هەتا نیوەڕۆ پێیان نەزانیبوو، دواتر بە بێهۆشی بردبوویان بۆ سلێمانی، لەوێش دکتۆرەکان نەیانزانیبوو چییەتی، ناچار عەریف عەلیان ڕەوانەی بەغدا کردبوو....

لەو وەختەوە کە کەوتبووە خوارەوە ئیتر بە بێهۆشی مابۆوە تا لەبەغدا هۆشی دەهێننەوە، لە سلێمانی ئامۆزایەکی پێیگوتبوو، ئەوە سواری کەرەبی دە بڕۆ بیخۆ، دە بڕۆ بۆ خۆت هەر عەریف بە...

کیسە توتنەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی پێچایەوە، زمانی پێداهێنا، وەک جگەرەی کارخانە لوولیکرد، خستییە ناو دارجگەرە، بە دوو ددانە زەردە کلۆرەکەی دارجگەرەی گرت بە لێوە باریکەکانیەوە، بە مقاشی بەردەم سۆپاکە پشکۆیەکی دەرهێنا و پێیداگیرساند، تووند پاڵیدا بە کۆڵەکەکەی خۆیەوە، جێی بۆ درۆیەکی نوێ خۆشکرد، ڕوویکردە ئەهلی مزگەوت:

- «جا ئێوە بڵێن چی؟»

هەموو پێکەوە گوتیان:

- «چی مامەعەریف؟»

- «پێرێ بەیانی نەجیبە نان و چایی بۆ پێچامەوە، ویستم بچم بۆ ڕەزبڕین، گەیشتمە نزیک کارێزی شەفەچاوهەنجیر، ڕێوییەکم بینی بوبوو بە تەڵەوە، بەزەییم پیاهاتەوە، وتم با ئەم بێزمانە نەجاتبەم، دەسم یایە قاچی پیرەڕێوی، وەڵڵا کاکە سەرتان نەیەشێنم قەپی لە چەناگەم گرت، مردم و سووتم دەمی لە چەناگەم بەرنەیا، هەر چەن کلکیم ڕاکێشا و قاچیم ڕاکێشا ئەو مردوومراوە دەمی بەر نەیا و نەییا، کەڵبەی چەقانبووە چەناگەم و بڕۆ بەخێراتی...

حاجی کەرەم بەدەم تەماشاکردنی چەناگەیەوە وەک ئەوەی بۆ شوێن کەڵبەی ڕێویەکە چاو بگێڕێ گوتی:

- «ئەی دوایی؟»

- «وەڵڵا ئیتر مەجبور پیرەڕێویم هەر بە تەڵەکەوە خستە باوەشم، هەڵتەک هەڵتەک گەڕامەوە، سوێنتان لەسەرم نیە ئەو ڕێویە حیزە دەمی لە چەناگەم بەرنەیا هەتا نەجیبە چەقۆیەکی هێنا بە ملیا، ساوەڵڵا بەیەنیشی پێوە نەمابوو، کەچی کەرەم باوگاوە دەمی لە چەناگەم بەرنەیا تا سارد بۆوە و تۆپی»

دەستیانکرد بە پێکەنین، لا حەولە وەلا قووەتە ئیلا بیلا، بەڵام میرزا تەیفور هەموویانی بێدەنگ کرد وەختێ بە ڕادیۆکەیەوە هاتە ناو مزگەوت بە شپرزەیی گوتی:

- «قەوما»

له پێش هەمووانەوە مەلا بەدرەدین  گوتی:

- « چی قەوماوە بۆخاتری خوا؟»

- «یەک دوو مانگی تر عەرەب ئەگاتە ئێرە»

یارئەحمەد لە ناو خەڵکەکەدا هاواریکرد:

- «ئەی قورمان بەسەر، هەر خوابکا حەرەس قەومی نەبن باشە، بیستوومە دەس ناپارێزن و یەک دنیا دێهاتیان سوتانووە»

حەیدەر وەک پیاو ماقوولێک پرسیاری کرد:

- «حەرەس قەومی عەرەب بوون؟»

- «ئەی قابیلە خۆ کوردیش نەبوون، ئەرەوەڵڵا عەرەب کوڕی عەرەبن»

- «ئەی کە ئەوە ئەزانن بۆ بە عەرەبی نوێژەکەن»

- «بیکە بە خاتری خوا حەیدەر کافرمان مەکە»

تالەتووتە... کە پیاوێکی زۆر ترسنۆک بوو، خێرا ڕوویکردە مەلا داوایلێکرد حەدیسێکی بەپەلە بخوێنێتەوە، مەلاش بە ترس و لەرزەوە دەستی پێکرد:

- «وەل سەلاتوو، وەل سەلامـوو عەلا خاتەمول ئەنبیا، وە عەلا ئەسحابیهی ئەجمەعین، خوای گەورە لە قورئانا زۆر باسی فیرعەونی کردووە، جا ئەو فیرعەونە بێشەرەفە هەر ئیمانی نەهێنا و نەهێنا، هەرچەن ئەو موسا داماوە ئەیوت «کوڕە بابە فیرعەون گیان یەک خوا هەیە و هەر ئەو خوایە» فیرعەون هەر ئینکاری

ئەکرد و ئەیوت «نەوەڵا هەر من خوام» فیرعەون هەر نەیبیست و نەیبیست، کەچی وەختێ ئەو سەگدینە کەوتە ناو بەحری نیلەوە، هاواریەکرد «موسا، کوڕە موسا گیان، بەو قەبرەی باوکمی تێچووە ئیمانم هێنا» ئەمما خوای گەورەیش بەقوربانیبم هاتەجواب و لە جیاتی موسا بە فیرعەونی فەرموو «دە بخۆ دەی سەگی سەگباب تازە ئیمانەهێنی هەی بێناموسی بێشەرەف»

قسەی ڕادیۆکەی میرزا تەیفوور ڕاست دەرچوو...

سەربازانی عیراق گەیشتنە تەواوی دێهاتە دوورەدەستەکان، کێوەکان پڕ بوون لە سەرباز، بە فڕۆکە دەهێنرانە سەر چیاکان، مەنزڵەکەی سامسام کرایە سەربازگەیەکی زەبەلاح...

پشت نادراوا بوو بەمۆڵگەی پیاوە ڕەشەکان، ئەو سەربازەی لە شاخی کەوتاویەوە بە دووربین چاودێری ناوچەکەی دەکرد وایدەزانی نادراوا چۆڵوهۆڵە...

دانیشتوانی نادراوا سێ شەوو سێ ڕۆژ بوو لە ترسا نەهاتبوونە دەرەوە، تەنانەت دەمی قەل و قاز و مریشک و کەڵەشێر و مراوی و کەرەکانیشیان پێچابوو، یەکەم کەس حەیدەر لە ماڵەوە بێتاقەت بوو، هەر چەند باوکی و دایکی

لێی پاڕانەوە بەقسەی نەکردن و لە ماڵ هاتە دەرەوە، وەختێ مەلا بەدرەدین حەیدەری بینی، غیرەت گرتی و یەکسەر چوو بۆ لای، پاشان یەک یەک و دوو دوو دەرگایان کردەوە بەرەو مزگەوت ڕۆیشتن، لەگەڵ دەرکەوتنیان هەواڵ درایە فەرماندەی مۆڵگەکە، کە ئەفسەرێکی تێکسمڕاوی نەوسن بوو، پێی ڕاگەیەنرا کە نادراوا چۆڵ نییە...

ئەفسەرەکە نەیدەزانی کێ بنێرێ بۆ لایان، چونکە دەیزانی کە عەرەبی نازانن، برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، کتوپڕ وەبیری هاتەوە کە یەکێک لە سەربازەکان کوردە، داوای لێکرد بەبێ چەک بەرەو نادراوا داگەڕێ و هێڵکەی بۆ بهێنێت...

عیدۆ... کوردی ئێزدی بوو، بەڵام لە عەرەبەکان باشتر عەرەبی دەزانی، بیر و باوەڕی ئاینی جیاواز بوو، قەڵەوێکی ورگنی کورتەباڵا، ڕیش و سمێڵی شتێکی ئەوتۆی فەرق نەبوو لەگەڵ حەیدەر، مل کولێکی لەپگەورە و ئێسک سووک بوو، لە ناخەوە خۆشحاڵبوو بەوەی دەچێتە خوارەوە و هاونیشتمانیانی خۆی دەبینێت، لە هەمان کاتیشدا لە مرۆڤی موسوڵمان زۆر دەترسا...

بە جلوبەرگی سەربازیەوە بەرەو نادراوا داگەڕا، وەختێ گەیشتە چنارەکانی پشت ئاوایی، یەکەم کەس

تۆفیقەسوور بینی، چونکە هەر تەماشای ئەو کەرەڕێیەی دەکرد، کە لە بنکەکەوە دەهاتە ناو ئاوایی، کە چاوی بە عیدۆ کەوت ئەوەندەی نەما بچێتە ناو جبەکەی مەلا بەدرەدینەوە، بەدەنگی بەرز هاواریکرد و گوتی:

– «بە ڕەسولوڵڵا هاتن بۆمان، دانەیەکیان وا گەیشتە کانیەکە»

هەموو بە بینینی عیدۆ شڵەژان، خۆیان خزاندە ناو مزگەوتەکە، هەتا عیدۆ گەیشتە بەردەم مزگەوت هەر یەک قسەیەکی دەکرد:

– «وتم با لەماڵ دەرنەچین ئاخریەکەی کەشف بووین»

– «براڕۆ ئەمە بەشەرە یا بەراز، تەماشا ئەو ڕیش و سمێڵەی ئەویش»

– «ساوەڵڵا تازە گیراین دنیا نابینینەوە»

– «بەخوا ئێستا پێش خۆیمانەیا، لەوانەیشە سواری یەکێکمان ببێ، باوەڕناکەم تازە بتوانێ سەرکەوێتەوە»

– «ئێ ئاخر ئێمە چیمان کردووە؟»

– «چۆن چیمان کردووە هەتیو، ئەی ئەوە نییە کوردین!»

– «بەخوا من عاقڵمبێ بۆ ژنەکانمان هاتووە، لەوانەیە بیانبا و سبحەینێ بیانهێنێتەوە»

- سا بە کەلامی خوا ئائەمە نەخەسێنین[٥٢] زۆر خەتەرە بۆ ئاوایی»
- « جا پیاو هەیە ئا ئەم بارگیرەی بۆ بخەسێنرێ؟

مام ڕەسوڵ کە زۆر ڕقی لە ژنەکەی بوو، هەر چەند تواناشی هەبوو حەج بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بە فاتەی ژنی نەڵێن حاجیژن نەدەچوو بۆ حەج، زۆر بە سادەیی گوتی:

- «کوڕە جا بۆ نەیانبەن»

پیاوێکی تر:

- «سیلاحیشی پێنییە، داماوە لەوانەیە ون بووبێ»
- «جا چۆن بیبەینەوە؟»

بە مزگەوتەکەدا دەیڕوانی، چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی کەسێک بوو، بەڵام کەس نەهات بەدەمیەوە، هیچ ڕۆح لەبەرێکی نەبینی، دەشیزانی کە ناو مزگەوتەکە پڕە لە خەڵک، پێڵاوەکانیان لە دەرەوە دیاربوون، بێخەبەر بوو لەوەی مەلاش جبەکەی داوە بەسەر خۆیدا و سەری خستۆتە سەرکۆشی عەریف عەلی، عیدۆ بە دەنگی بەرز گوتی:

- «وەرنە دەرڤە، ئەز مێڤانێ وەیمە، مە هێک ئڤێ[٥٣]»

٥٢- خەساندن: لەکارخستنی چالاکیە سێکسییەکان.

٥٣- وەرنە دەرڤە، ئەز مێڤانێ وەیمە، مە هێک ئڤێ: وەرنە دەرەوە، من میوانی ئێوەم، هێلکەم دەوێت.

شێخ تۆفیقە سوور لە ژێرەوە نوزەیەکی لێهات:

- «ئەمە چ زمانێکە مامۆستا؟»
- «وابزانم عیبرییە»
- «عیبری یەعنی چی باوکەڕۆ؟»
- «نازانم، دەنگ مەکە جارێ»

بەباشی گوێیان لە هاوارهاواری عیدۆ بوو، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، هەر یەک بە هێواشی لەبەرخۆیەوە شتێکی دەگوت:

- «براڕۆ نەکەم ئەمە ئەڵێ چی، هیک چیە میرزا؟»
- «لەوانەیە باسی عەلی کۆپتەر بکا کوڕم، منیش ئەمەم نەبیستووە»
- «ئەی ئەز چیە نەنکەڕۆ؟»
- «نازانم کوڕە وسبە»
- «من داخی وەیمە وەیمەکەی وا شێتەبم»
- «بڵێی ئڤێ جنێو نەبێ؟»
- «جا جنێویشبێ چیمان دەسەڵاتە؟»

عیدۆ دەنگی زیاتر بەرز کردەوە:

- «ئەز ئێزدیمە، کێفا ئامر ژ هێکا ڕەتێ[٥٤]»

مەلا... کە گوێی لە وشەی ئێزدی بوو شتێکی وەبیر هاتەوە، وەختی خۆی فێرکرابوو خەڵکێک هەن شەیتان

٥٤- ئەز ئێزدیمە، کێفا ئامر ژ هێکا ڕەتێ: من ئێزیدیم، فەرماندەکەم ئیشتیهای لە هێلکەیە.

دەپەرستن پێیان دەگوترێ ئێزدی، فێرکرابوو کە ئەوانە غەیرە دینن و کوشتنیان غەزایە، بە تەواوی ڕەنگی پەڕی و بە عەریف عەلی گوت:

- «شەیتان پەرستە، بە قەبری ڕەسولەڵڵا، کاتی خۆی مەلا حەمدون وتی یەزیدیەکان شەیتان ئەپەرستن لە جیاتی خوا»

- «یەزیدی یەعنی چی؟»

- «لەوانەیە ئینگلیز بێ»

- «ئەی هاوار هەی، جا ئینگلیز ئیشی بە نادراوا چییە؟»

- «بڵێی دەوڵەت بیەوێ بمانکا بە تابیعی ئیبلیس؟»

- «وەڵڵا سا بشمکوژن من نابم بە تابیعی ئیبلیس»

- «ئەی قوڕ بەسەرخۆم، کوڕە بە زاتی ئیلاهی، بەو پیاغەممەرە، بە پەڕەی قورعان، بەو شەخسی پیرخدرە، ئەتوانم سوێن و قورعان و تەڵاقیش بخۆم... لەو ڕۆژەوە ڕادوێکەی میرزا تەیفوور هاتە نادراوا ئەمزانی نەگبەتی ڕوومان تێئەکا»

- «جا تەڵاق ئەخورێ تخوا»

- کوڕە ئەی بۆ ناخورێ.. ئەرەوەڵڵا گوویش ئەخورێ»

- «نەمردین و شەیتان پەرستیشمان دی، بەخوا برا مەلا بەدرەدین ڕاستەکا، شەیتان دەسی خۆی لە نادراوا وەشان»

حەیدەر هیچی نەگوت، نەشدەترسا، بیری لە سامسام دەکردەوە، کەچی مەلا بیروهۆشی پچڕاند و گوتی:

– «ئادەی بە قوربانی ئەو ڕیشەتبم حەیدەر فریاکەوە، ڕیشی تۆ بۆ ئەمڕۆ بە کەڵکمان یەت، بڕۆ بزانە ئەو بەرازە چیەویٚ، من عاقڵمبیٚ لەبەر ئەو ڕیشەی تۆ عەفومانەکا، لەوانەیە لەگەڵ سامسام کەمکەم فێری ئینگلیسی بووبی، دە بڕۆ بە قوربان دەی»

هاتە دەرەوە، عیدۆ بە دیتنی سەر و گوێلاکی شادمان بوو، خەڵکەکە بەدەم لەپێکردنی کەوشی لاستیکەوە دوور و نزیک بە دوای حەیدەردا ڕۆیشتن، عیدۆ دەستی ڕاستی خستە ناو دەستی حەیدەر، تەوقەی لەگەڵ کرد، کەمێک لە سەر و ڕیشی یەکتریان ڕووانی و عیدۆ گوتی:

– «ئەز عیدۆیمە»

حەیدەر وایزانی سڵاوی لێدەکات:

– «عەلەیکە سەلام»

ئەو سەری بادەدا ئەمیش دەیلەقاند، هەردووکیان کورد بوون، لەیەکتریش تیٚ نەدەگەیشتن، دواجار عیدۆ دەستی حەیدەری گرت بەرەو ماڵی عەریف عەلی...

خەڵکەکەش هەموو بە دوایاندا، دەنگێک کە کەس نەیزانی دەنگی کێبوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– «بەخوا هەبیٚ و نەبیٚ بۆ نەجیبە هاتووە»

دەنگێکی نادیاری تر وەڵامی دایەوە:

- «کوڕە دە ناماقوڵت کرد نازانی نەجیبە پوورزامە بێشەرەف»

گەیشتنە نزیک گەورەکەی عەریف عەلی، عیدۆ چووە بەردەم کولانە قازەکان، تەماشای حەیدەری کرد و بە دەستی خۆی چوار هێلکەی دەرهێنا، هەموو حەپەسابوون، عیدۆ ڕوویکردە خەڵکەکە، پەنجەیەکی خستە سەرسنگی و هەمان پەنجەشی خستەوە سەر یەکێک لە هێلکەکان، واتە هێلکەم دەوێت...

خەڵکی ئاوایی هەر هەموو وەک کەڕولاڵیان لێهاتبوو، تەماشای دەمی حەیدەر و عیدۆیان دەکرد، میوانەکەیان میوانی هێلکە بوو، بزەیەک هاتە سەر لێوی عیدۆ، بە چاو سڵاوی لێکردن، کەچی تۆفیقەسوور لەبری ئەوەی وەڵامی سەلامەکەی بداتەوە، بە مەلای گوت:

- «تۆ بزانە ئەم بەرازە چەن زۆڵ و دایکەخۆگێیە، ئەیەوێ بەو پێکەنینە لە دینمان وەڵگێڕێ، وە دایکی ساحەبت بگێم بە کێری سەگ... باشە»

شێخ هەمبیل ڕوویکردە میرزا تەیفوور و گوتی:

- «باشە خۆ هێلکەی ئێمە هی مریشکی کوردییە، تۆبلێی بۆیان بخورێ؟»

- «کوڕە برا مریشک هەر مریشکە، کوردی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی عەینەن شتە، قسەی قۆڕ مەکە چۆن نایخۆن»

وەختێ خەڵکی ئاوایی زانیان عیدۆ بۆ هێلکە هاتووە، بەرچنەیەک هێلکەیان پێچایەوە خستیانە سەر پشتی عیدۆی داماو...

دوای چەند رۆژێک..

ڕیشسپی و پیاوماقووڵ و هەیئەتی ئاوایی نادراوا بڕیاریاندا بە خۆیان و دەستودیاری قورسەوە بچن بۆ مۆڵگەکە، بۆئەوەی وەک نیازپاکی بەخێرهاتنیان لێبکەن...

خولەچەکمە و تۆفیقەسوور و عەریف عەلی و فایەق میاومیاو، بە هێلکە و مێوژ و گوێز و هەنگوین و ماست و ڕۆنەکەرە و باسوق و سجوق و دۆی ترشەوە بە بناری (کوێرەگوێز)دا هەڵگەڕان...

عیدۆ ڕۆڵی وەرگێڕی دەبینی لەنێوان هەردوولا بەبێ ئەوەی یەک وشە وەک خۆی بگەیەنێتە هیچ لایەک، بەڵام هەموو لە ترسان زەردەخەنەیان بۆ ئەفسەرەکە دەکرد و سەریان دادەخست، ئەو هەرچی دەگوت ئەمان ڕازی بوون، بە سەر وەڵامیان دەدایەوە و دەیانگوت «بەڵێ بەڵێ»

لە کۆتاییدا ڕێگەیان پێدرا کاروکاسبی و کشتوکاڵی خۆیان بکەن و بچنەوە دەشتودەر و کێڵگە و باخەکانی خۆیان، بەو مەرجەی هەر چەکدارێکیان بە جلوبەرگی کوردیەوە بینی کتوپڕ ئاگادار مۆڵگەکە بکەن...

وەختێ خەڵکەکە زانیان حکوومەت کاری بەسەر گوندنشینانەوە نییە، شێوازی ژیانیان ئاسایی بوەوە، نەیانهێشت ماست و دۆ و هێلکە لە مۆڵگەکە ببڕێت، دیسان وەک هەمیشە مزگەوت گەرمداهاتەوە...

ئێوارەیەک شێخ هەمبیل بە پەلە لە مزگەوت هاتەدەرەوە، بەدەم لەپێکردنی کەوشەکانیەوە بە یارئەحمەیی گوت:

– «خۆزگە بە خۆزگایەتی ئەوخوایە، ماوەیەکیش من ڕسقورۆزیم تەقسیم کردایە!»

– «ئادەی با بزانم چۆن تەقسیمت ئەکرد؟»

– «ئەگەر لێرەوە تا سابڵاغ عایدی منبوایە ئەزانی چیمەکرد؟»

یارەحمەد سەرێکی بادا، وەک ئەوەی لە دڵی خۆیدا بڵێ «بەخوا شێتیەکە لێیداوەتەوە» گوتی:

– «ئادەی بزانم چیتەکرد؟»

– «هەر کەس زەوی بوێ فەلاحەتی پێئەکەم، بەعزێک لە خەڵک ئەکەم بە حەیواندار، بەعزێکیش بە قەتارچی، تۆقەنێ[٥٥] ئەکەم بە خزمەتکار، جەماعەتێ ئەنێرم بۆ ئەو گەرمێنە بۆ کرێداس، هەچیش لەمانە زیاد بوو ئەینێرم بۆ سواڵکردن!»

ئەمجارە یارئەحمەد خێراتر سەری بادا، تەماشای هەمبیلی کرد:

---

٥٥– تۆقەنێ: واتە بەشێک... وشەیەکی ناوچەیی کوردەوارییە، لە شارباژێڕ و شارەزوور و لە سلێمانیش بەکاردێت.

- «ئێ خۆ جەللە جەلالەهویش هەر وایکردووە»
چەند مانگێک تێپەڕی و...
فەرماندەی مۆڵگەکە عیدۆی نارد بە شوێن دەمسپی و پیاوماقوڵی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرەدا، میرزا تەیفوور بە نوێنەرایەتی نادراوا ڕۆیشت...

پەیامەکەی حکوومەتی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، خەڵک لە مزگەوت چاوەڕێبوون، میرزا تەیفوور کە بەدەم ڕێوە بایەکی لێبوەوە، دەستنوێژەکەی شکا، بەبێ دەستنوێژ خۆیکرد بە ژوورا، نەیدەزانی چۆن و لە کوێوە دەست پێبکات، بێتاقەتی و ترس بێزاری کردبوو، هەموو بە بێدەنگی لە میرزایان دەڕوانی، دواجار میرزا بە دڵی پڕەوە دەستیکرد بە قسەکردن و گوتی:
- «ئەبێ ماڵوحاڵ و بارگە و هەوار بپێچینەوە، دەوڵەت ئەمری فەرمووە بە چۆڵکردنی دێهاتەکان، باخ و باخاتمان لێئەکرنەوە، تەعویزمان ئەیەنێ، سوبحەینێ ئاوایی ناونووس ئەکەن، ساحێب موڵکەکان تەعویز وەرەگرن، پێنج ڕۆژیان بۆ داناوین، دوای ئەوە هەرکەس لەم کێوانە ببینن ڕەمی ئەکەن، وتیان ئەبێ نادراواییەکان ماڵوحاڵ بارکەن بۆ شارەزوور، لەوێ موجەمەعیان بۆ دروست کردووین، بەقسەی عیدۆبێ هەر ماڵە و خانووێکی ئەیەنێ ئیتر نازانم»

ڕەنگی هەموان ڕەش هەڵگەڕابوو، دەمیان بوبوو بە تەڵەی تەقیو، قەدەرێک تەماشای یەکتریان کرد، بەڵام حەیدەر بێدەنگیەکەی شکاند:

- «هێشتا لە کوێمانە، کوڕە بابە منەڵێم بە عەرەبی نوێژ مەکەن، کەچی ئێوە گاڵتەتان لێیە، هەر زوو دڵم لێیبابوو، هاتنی ئەم بنیایەمە ڕەشانە بەبێ هۆ نییە، زانیم لێرە دەرمانەپەڕێنن، هەر زانیم دوای سامسام ئەبین بە مەخسەرەی سەگ»

خەڵکەکە دیسان کەوتنەوە مقۆمقۆ، یەکێک پرسیی:

- «ئەرێ شارەزوور کوێیە قوڕ بەسەر باوکم؟»

- «ئەی موجەمەع چییە براڕۆ؟»

میرزا وەڵامی دانەوە:

- «شارەزوور لە بناری (سورێنە)، دەشتێکی کاکی بەکاکییە، بە قسەی عیدۆبێ خانووەکان وەکو یەک دروستکراون، دوو هۆدە و هەیوانێک لەگەڵ حەوشەیەکی گەورە، بانەکانی دار و حەسیرە، بە پێ دوانزە سیانزە سەعاتەڕێ لێرەوە دوورە، بە سواری کەر نۆ سەعات و بە ئێستر حەوت و بە ماینیش چوار سەعات»

- «ئەیی کە دوورە»

- «جا باشە بۆچی؟»

- «نازانم»

- «جا بە چی بگوێزینەوە، بە کۆڵ؟»
- «ئەی باشە عەرەب ئەم عەرز و ئاوەی بۆچیە، خۆ من بیستوومە بەرگەی سەرما ناگرن، لەشار پێیانەڵێن پێپەتی، سا بەخوا دڕکەپێکوڵ و چقڵەزەردە قاچوقولیان هەلاهەلا ئەکا»
- «دەی پیاغەممەر لەتوپەتی ئەکرد»
- «من حاڵی نابم نا، ئەم عەرز و ئاوە هی ئەوانە یا ئێمە؟»
- «واز بێنن بابە سیاسەتە سیاسەت»
- «سیاسەت یەعنی چی؟»
- «ئەی چی لەمەڕ و ماڵاتەکەمان بکەین؟»
- «نازانم»

میرزا کۆتایی بەو قسانە هێنا:

- «درەنگە با بپێچینەوە، ئەم قسانە سەلکێ تور نایەنن، درەنگەدرەنگ، ئەبێ زوو بگەینە (دەشتی بەهێکان)، بەقسەی عیدۆبێ حووکمەت یەت بە دوامانا، بە زیلی عەسکەری ئەمانبا»
- «زیلی عەسکەری یەعنی چی باوکەڕۆ نەکەم؟»
- «زیل سەیارەیە سەیارە ڕۆڵە، سەنعەتی ڕووسە»

لەماوەی سێ ڕۆژدا نادراوا چۆڵکرا و لە دەشتی بەهێکان هەڵیاندا، ئەو شەوە حاجی خواڕەحم گەڕایەوە

ئاوایی، هەنگەکانی خۆی ئازادکرد بۆ ئەوەی تیانەچن، سەربازانی عێراق چوونە نادراوا، هەموو خانووەکانیان تەقاندەوە...

شەشەمین ڕۆژ ماشێنە سەربازییەکان گەیشتنە دەشتی بەهێکان، هەموو خەڵکی نادراوایان بەرەو شارەزوور برد، دەشتودەر پڕبوو لە کەرەبەرەڵا و کەروێشکی ماڵی و کۆتر و قاز و قەل و مراوی و مریشکە بەکڕ، هەرچی مەڕ و ماڵاتیشیان هەبوو سۆفی مستەفا پێش خۆیدان بەرەو شارەزوور، دوای دوو شەوو دوو ڕۆژ بە خۆی و مەڕوماڵاتی نادراواوە گەیشتە ئۆردووگا و خێرا هەرزانفرۆشیان کردن...

مینەی حەکیمەگێڕ بەرگەی ڕاگواستنی نەگرت، چونکە بە ئاوو هەوای نادراوا ڕاهاتبوو، لە دوای یەک هەفتە مرد، هەرچەند وەسیێتی کردبوو لە نادراوا بینێژن، بەڵام نەیانوێرا تەرمەکەی ببەنەوە بۆ ئەوێ...

خەڵکی زۆر بێتاقەتبوون، تاقەتی قسەکردنیشیان نەبوو لەگەڵ یەکتری، ڕاگواستن تەنانەت عەریف عەلیشی بۆ چەند مانگێک لە درۆ خست، نەیاندەزانی چیبکەن، کچان و ژنان هەمیشە کز و زەردەڵە و منداڵان دڵیان پڕبوو لە هەنسک...
پاش ماوەیەک دەوڵەت قەرەبووی کردنەوە، خەڵکەکە

پارەیەکیان دەستکەوت لە خەونیشدا نەیان بینیبوو، هەر ماڵێک تەلەفزیۆنێکی ڕەشوسپی پێدرا، هێدی هێدی تێگەیشتن کە دنیا بریتی نیە لە نادراوا، پارەی کاغەزیان بینی، بە نیعمەتێک شادبوون کە ماندوو بوونی نەویست...

دەوڵـەت بەو پارەیە ڕەزبڕین و جووت و دروێنە و کێشە و گێرە و دەسکەنە و بژار و شەنکردن و گۆلهەڵدان و تووتنکردن و گۆرەوییبازی و گەڕەلاوژەی لەبیر بردنەوە، هاتووچۆی گـەرمـوگـوڕی جـاران کـاڵبوەوە، هەندێکیان شەوانە خەویان لێنەدەکەوت، بیریان لەلای کانی و کارێز و دێبەرەکان بوو، هەبوو وڕێنەی دەکرد دەیگوت حووکمەت وەتەنی لێسەندینەوە، هەشیانبوو تەنانەت بیری مار و دووپشکی کێوەکانی دەکرد...

هەبوو ئەسڵەن بە خەیاڵیدا نەدەهات و خێرا دەبوو بە جاشی دەوڵـەت، هەندێک لە فەرمانگە کشتوکاڵیەکان دامـەزران، هەندێک بە کرێکاری و بەشێکی کەم دەبوون بە پێشمەرگە بۆئەوەی لە سروشتی کوردستان دانەبڕێن، هەندێکیش بێئەوەی لە تەمەنیاندا سواری ئوتومبیل بووبن بە پارەی تەعویز ئوتومبێلیان دەکڕی، هەر ڕۆژەش خۆیان بە شتێکدا دەکێشا، یەکێک بە عەمودی کارەبادا و یەکێک بە دیوار و یەکێکیش کە زۆر بە زەحمەت فێری لێخوڕین بوو، لە هەموو دەشتی شـارەزووردا نەیتوانیبوو پێچ بکاتەوە بەرەو ئۆردوگاکە، چوبوو بۆ خورماڵ هەتا پێچبکاتەوە،

لەوبارەش لە چوارڕیانەکەی خورماڵ خۆی کێشابوو بە ئوتومبیلێکی تردا...

هەیئەتی ئاوایی نادراوا، وەک هەمیشە کاتیان لە مزگەوتی ئۆردوگاکە بەسەردەبرد، هەرچەند مزگەوتەکە کۆڵەکەی نەبوو، بەڵام عەریف عەلی شوێنی بۆ درۆکردن پەیدا کردبوو...

حەیدەر بیستبووی هێشتنەوەی ڕیش قەدەغەیە، قەت نەدەهاتە دەرەوە، هەمیشە لەماڵەوە خۆی حەشاردابوو، شەمشەمەکوێرە ئاسا تەنیا لە شەواندا دەبینرا، شەوێک سەرینە ڕەشەکەی خۆی برد بۆ لای میرزا تەیفور، داوای لێکرد لەسەر سەرینەکە بۆی بنوسێت (ئاخ وەتەن) ئینجا بردبوویەوە بۆ دایکی، ئەویش نووسینەکەی بە شلیلەی سوور چنیبوو...

مەلا بەدرەدین لە مەلایەتی خرا، چونکە بەعسی نەبوو، ئیدی وەک ئەوان ژیانی دەکرد، لەگەڵ شێخ هەمبیل و عەریف عەلی و یارئەحمەد هەمیشە لە مزگەوت بوو، عەسرە ڕەمەزانێک عەریف عەلی ڕووی تێکردن و گوتی:

- «تەح ئەم شارەزوورە کاول بووە مشک و جرجی عەجایەب عەجایەبی هەیە، بەڵام من ئەوانەی ماڵی خۆمانم بۆ ئاژداوو ئاباییان ئاقڵکرد»
- «کێت عاقڵکرد؟»
- «مشک و جرجەکان»
- «سوبحانەڵڵا، چۆن چۆنی عاقڵت کردن؟»

عەریف عەلی چاوی چەپی بۆ نووقاند، بە دوو پەنجەش سەری لوتی خوراند و قاچی چەپی خستە سەر قاچی ڕاست:

- «مشکێک بە گیرفانم فێربوو، کە بۆی مەعلوم ئەبوو خەوم لێکەوتووە، ئەهاتە ژێر لێفەکە دیناریکی قاقەزی لێئەدزیم ئینجا کرتەکرت و کرمەکرم قوزەڵقورتی ئەکرد، منیش دوێ شەو کەمینم بۆدانا و گرتم، وتم وەڵڵاسا وایناخۆی، جا ئینجا بڵێن چیتلێکرد؟»

- «چیتلێکرد؟»

- «مشکە بۆرم لە حەوشە بەستەوە، مشتێک پووشیشم ڕنییەوە، ئینجا پەنجەگەورەی قاچی ڕاستم خستە سەرکلکی، وتم نەجوڵێی مەلعوون، پەنجە گەورەی قاچەکەی ترم خستە سەر دەموفلقی، بە دەستوری نادراوا چۆن کەرەدێزم بارەکرد، بنبار و سەربارم لەسەر پشتی مشکەکە سازان، ئینجا ئاگرمنا بەو پووشەی سەر پشتیەوە و بەرەڵام کرد، مشکەبۆر وەک گوللەی گڕاوی بەرەو (مەعمەلی پەتاتە)کە تێیتەقان، جەیشە شەعبیەکان[٥٦] کە ئەو ئاگرەیان دی بەرەو مەعمەلەکە ئەچێ زۆر ترسان، فەقیرانە کردیان

٥٦- جەیشی شەعبی: بەشێک بوون لە هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی عێراق، کەسانێک بوون کە ڕاژەی سەربازییان تەواوکردبوو، یان خانەنشین کرابوون، حکوومەت لە چوارچێوەی هێزێکدا ڕێکیخستبوون، ناوی لێنابوون جەیشی شەعبی.

به تەقە، تۆقەنێ فیشەکی چاکیان پێوەنا، ساوەڵڵا خەریبوو نەجیبەی داماویش پێوەبێ، ئیتر لەو شەوەوە بڕای بە بڕای مشک و جرج لە ماڵم نزیک وەبن»

مەلاغەریب... وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی ئۆردوگاکە بوو، نوێژی عەسری ئەو ڕۆژەی بەڕێوەبرد، بە چاو بانگی مەلا بەدرەدینی کرد بۆ ئەوەی باسی دین و دنیا و حەڵاڵ و حەرام و سەرفترە و قیامەت و مارەبڕینی جاران بکەن، مەلا بەدرەدین گوتی:

– «ئەمڕۆ زۆر ناساغم تۆ شتێکمان بۆ وەگێڕە»

مەلاغەریب مێزەرەکەی دانا و گوتی:

– «تەقریبەن چل ساڵ پێش ئێستا لە مزگەوتی (نایب ئۆغڵی) لە کەرکوک»

عەریف عەلی خێرا قسەکەی پێبڕی:

– «نایب ئۆغڵی یەعنی چی قوڕ بەسەرم نەکرابێ؟»

کەس وەڵامی عەریف عەلی نەدایەوە، هەموان گوێیان شلکرد بۆ مەلاغەریب، ئەویش خۆی سازاند، دەستیکرد بە گێڕانەوەی ئەوەی دەیویست بیگێڕێتەوە گوتی:

– «لە مزگەوتی نایب ئۆغڵی فەقێ بووم، ڕۆژێکیان وەک ئێستا بەڕۆژو بووم، دوای نوێژی عەسر، کابرایەکی نوورانی لەناو خەڵکەکەیا وتی «قسەم هەیە مامۆستا، با موسوڵمانانیش گوێیانلێبێ، پێیانبڵێ نەچنە دەرەوە»

واقیعەن جلوبەرگی شڕوکۆنی لەبەرابوو، بەڵام دیاربوو پیاوێکی قسەزان و خانەیان و نەجیبزادەیە، بە ناتیقیەکەیا لە مەلای دوانزەعیلم ئەچوو، ئەوەڵجار ڕوویکردە خەڵکەکە، وتی»سەلاتوسەلامی خوا لە ڕەسولەڵڵا، عەمرم حەفتاویەک ساڵە، چل وحەوت ساڵە شتێ لە دڵمایە، هەر ویستومە بیڵێم و نەموتووە، ڕەجائەن بە جلوبەرگم تێمەکەون، پێتان ناڵێم ناوم چییە و خەڵکی کوێم و کوڕی کێم، هەر ئەوەنە ئەڵێم ئەمرۆ قەدەر هێناومی بۆ کەرکوک، من کوڕی دەوڵەمەنترین و لێهاتووترین پیاوی مەنتیقەی خۆمان بووم، لە ناز و نیعمەتا ئەژیاین، عومرم گەیشتە بیست و چوار، باوکم داوای لێکردم ژن بێنم، کچیان زۆر بۆ دۆزیمەوە، دڵم نەچووە سەر هیچیان، ڕۆژێکیان چووین بۆ دێیەکی دوور، نۆبەنێکیان لەبەرپێی باوکما سەربڕی، کچە گەورەکەی خاوەن ماڵ دۆی ساردی ناو گۆزەڵەی بۆ هێناین، زۆر خوێنشیرین بوو، خێرا حەزم لێکرد، بە چوار پێنج ڕۆژ هەموو شتێکمان بڕیەوە و ژنم هێنا، زیاتر کەوتمە ناو ناز و نیعمەتەوە، ژنەکەم خۆشویست، ئەویش خۆشی ویستم، دنیای لەبەر چاوم کرد بە جەننەت، وامەزانی دایمە خەوەبینم، دوای دوو مانگ باوکیشم ئەوەی هەیبوو کردی بە دوو بەشەوە و بەشێکیدا بە من، ئەیویست ببم بە پیاوێکی وەک خۆی، لەوپەڕ ئاوایی خانوێکی بۆ دروستکردم و جیا بوومەوە، ژنەکەم تەنیا یەک عەیبی هەبوو، زۆر زۆر ترسنۆک بوو، شەوان نەیەوێرا بە تەنیا بچێتە دەرەوە، ئەبوایە بۆ میزکردنیش لەگەڵیبم، دەسم لەسەر

سەری دائەنا تا میزەکەی ئەکرد، نەیەوێرا بەبێ من هەنگاوبنێ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جوانترەبوو، زیاتر یەکمان خۆشەویست، چوارساڵ و نیو ئاوا ژیاین، کە مەجبووریش ئەبووم بە لایەکا بڕۆم ئەو لە سەربان دائەنیشت تا ئەهاتمەوە، بووم بەخاوەن ئەرز و مەڕوماڵات و ئەسپ و ماین و جووتەگای خۆم، عادەتی لای ئێمە وابوو هەر خەرمانێک سوورەکرا ئەبوایە ئەو شەوە ساحەب خەرمان لەسەر خەرمانەکە بخەوێ، ساڵێکیان گەنمی زۆرم چاندبوو، وەختێ خەرمانم سوورکرا، تەنیا خەمی ژنەکەم بوو، کە چۆن بتوانم شەو لەلای نەبم، وتم ئەمشەو لای دایکم بخەوە ڕازی نەبوو، وتم دە باشە با دایکم بێ بۆئێرە، وتی «قەینا خۆ هەر ئەمشەوە، دەرگاکان دائەخەم و پوزەوانەت بۆئەچنم» دەمەو ئێوارە خواحافیزیم لێکرد، بەرەو خەرمان ڕێکەوتم، بەدەم ڕێوە دڵم داخورپا، غایەلەیەک[٥٧] تەنگی پێهەڵچنیم، لەدڵی خۆما وتم باشە خۆ ئەم ژنە ناوێرێ سەیری سێبەرەکەی خۆیشی بکا، خێرە وا ئەمشەو ئەوێرێ بە تەنیا بمێنێتەوە، دیسان ئەموت ئاخر خۆ ئەو ژنەی من لە مێروولەش ئەترسێ بۆچی ئەمشەو ناترسێ، کەوتمە شەڕکردن لەگەڵ خۆم، بەڵام غایەلەکە وازی لێنەهێنام تا وایلێکردم بگەڕێمەوە...

گەڕامەوە... بەسەر حەسارا سەرکەوتم، لە درزیی شانی پەنجەرەی ژوورەکەمانەوە بینیم لەبەر چراکەیا خەریکی

---

٥٧- غایەلە: شک، خورپەی خراپ، گومان، وشەیەکە لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکووک بەکاردێت.

پوزەوانەچنینە، خێرا پەشیمان بوومەوە، تفم لە خۆم کرد، بڕنەوەکەم کردەوە شان، ویستم بڕۆم بۆ خەرمانەکەم، دیسان غایەلەکە یەخەی گرتمەوە، غایەلەکە ئەیوت جارێ مەڕۆ، منیش ئەموت نەخێر ئەڕۆم، ژنەکەم منی خۆشەوێ و خیانەتم لێناکا، ئەونەمزانی تەقەی دەرگاهات، ژنە ترسنۆکەکەم بەو نیوەشەوە پوزەوانە تەواونەکراوەکەی دانا و دەرگاکەی کردەوە، پیاوێک هاتە ژوورەوە نەمزانی کێ بوو، ژنەکەم دەستیگرت و چوونە ژورەوە، کوڕی کوێخای دێکەی خۆمانبوو، لە ژوورەوە باوەشیانکرد بەیەکا، تا توانیان یەکتریان هەڵگوشی، تفەنگ و خەنجەری دەبانی ئەو زەمانەیشم پێبوو، چاوەڕێم کرد بزانم چیەقەومێ، خۆیان ڕووتکردەوە، تا توانیان بە قوربان و بە ساقەی یەکتر بوون و عەیبوعاری یەکیان لێسایەوە، یەک دوو جار ویستم بە گوللەیەک هەردووکیان بکوژم، بەڵام وتم نا... لەبەر چاوی خۆما زینایان کرد، دوایی خەویان لێکەوت، نەمتوانی لەوە زیاتر تەحەمولکەم، خەنجەرەکەم دەرهێنا و چوومە ژوورەوە، نەمهێشت ژنەکەم بزانێ توند توند دەسی چەپم خستە سەردەمی کابرا... خەنجەرەکەم چەقاندە ناو دڵی، بەناو دڵیا گێڕام هەتا بە دەسمەوە شلبوو، نەمهێشت نووزەی لێوەبێ، ئینجا چوومەوە شوێنەکەی خۆم، ژنەکەم خەبەری بۆوە، چەند جارێ بانگیکرد، کە زانی جواب نایاتەوە دەسی برد بۆ سنگی و دەسی کەوتە لینجاوی خوێنی دۆستەکەی، کەچی نەترسا و خێرا جلەکانی لەبەرکردەوە، جاجمێکی لە مەیتی دۆستەکە پێچا...

ئیماندارانی ناو مزگەوت بەسەرهاتەکەیان لە حەدیس پێخۆشتر بوو، کەس دەنگی نەدەهات، هەموو لە دەمی مەلاغەریب ورد دەبوونەوە:

- «بە مردوویی دۆستەکەی دا بەکۆڵیا، لە حەوشەش خاکەنازێکی هەڵگرت، بەو شەوە لە ماڵ چووەدەرەوە، منیش دوایکەوتم، مەیتەکەی برد بۆ شیوی خوارمالان، لەبن کەندرێکا داینا و کەندرەکەیشی ڕووخان بەسەریا، ئینجا ڕوویکردەوە ماڵەوە، هەر بەو شەوە لێفە و دۆشەکە خوێناویەکەی شۆرد و لێی خەوتەوە، دوو سەعات شەوی مابوو، ویستم ئەویش بکوژم بەڵام نەمکوشت... وتم بزانم سبەینێ چیەبێ... منیش چووم بۆ خەرمان، نوێژم کرد و زەکاتم لە گەنمەکە دەرکرد، بەو حاڵەوە حاسلاتم بردەوە بۆ ماڵ، کاتێ چوومە ژوورەوە ژنەکەم لە جاران توندتر و گەرموگوڕتر باوەشی پیاکردم، هیچ خۆی تێک نەیا، دەسیکردەوە بە نازکردن، وتی «بەخوا ئەمشەو بەبێ تۆ خەریبوو بمرم لەترسا، وەرە لەهەقی ئەمشەو بمخە باوەشت»... هیچ خۆم تێکنەیا، ئەیویست بە ماچومۆچ گێژمکا، وتم هەڵیگرە بۆ شەوێ، جارێ حەزم لە کولێرەی گەرمە، با بچین تەنوورەکە داخەین... پێکەوە تەنوورمان داخست، باوەڕ بفەرموون وەختێ شەوقی ئاگرەکە بەر دەموچاوی ئەکەوت ئەوەنەی تر جوانەبوو لە بەرچاوم، هەر ئەتوت چرایە چرا، سەرباری ئەوەیش لە بەرچاوما کردبووی، هێشتا لە تەماشاکردنی تێر نەئەبووم، خستمە باوەشم، بە هەموو قەوەتی خۆم گوشیم، بەڵام ئیتر... بۆئەوەی بەو

ئازارەوە لەگەڵی نەژیم و درۆی لەگەڵ نەکەم، بە سەرەوە خستمە ناو تەنوورەکە... تەماشامکرد تا بە تەواوی ئێسک و خوێن و گۆشت و جوانیەکەی بوون بە خۆڵەمێش، لەو کاتەوە ئیتر سەری خۆم هەڵگرتووە، ئیتر لەو ڕۆژەوە کەس نازانێ لە کوێم و کەسیشم نەدیوە بمناسێ یا بیناسم»

مەلا بەدرەدین و هەموو ئەوانەی ناو مزگەوت تا چەند ساتێکیش هەر چاوەڕێی قسەی تر بوون، بەڵام عەریف عەلی کە هەتا تەواوبوونی قسەکان وەک قوتابی لەحاڵەتی وریابووندا گوێیگرتبوو خۆی پێنەگیرا، سەری لوتە تیژەکەی خوراندەوە و گوتی:

- «ئەی لەو ژنە زاڵمە، ئەی ئەو دەسانەت نەڕزێ پیاو، سا بەو (لەم یەلید وەلەم یولەدە) لەوانەیە ئەو ژنە لە قەحبەخانەکانی فیرعەونی بێناموس گەورەبووبێ، ئەیی لەو بێعەیەبە خووا تۆبە، بە (زول جەلالی ئەحەد) ئەگەر ئەو پیاوە ئێستە مردبێ، سوێنەخۆم حاڵی حازر چل پەنجا حۆری لە باوەشیا سەوزەڵێ خانم ئەڵێن»

مەلا بەدرەدین لە مەلا غەریبی پرسی:

- «ئەی نەتانزانی بۆ کوێ ڕۆیشت؟»

- «نەوەڵڵا، نەمانزانی بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرت... ئیتر چاومان پێی نەکەوتەوە، دوای قسەکانیشی بە هەموومانی وت «پەنجاوحەوت ساڵە ئەو خەمەی لە دڵایە و بۆ هیچ ڕۆح لەبەرێکی باس نەکردووە»

هیچ کات خۆی نەدەخستە بەر چاوی حکوومەت، ڕیشی مووی سپی تێکەوتبوو، دایکیشی تەمەنی هەڵکشابوو، زیاتر لە هەموو کەسیش میرزا تەیفوور سەردانی دەکردن، لە یەکێک لەو سەردانانە بە حەیدەری گوت:

- «تا ئێستا داوام لێنەکردووی ڕیش بتاشی، بەڵام ڕۆڵە ئاخر جایزنیە هەر لە ماڵەوە بکەوی، پارەی تەعویز تەواوەبێ کوڕم»

- «بە خوا مامەگیان منیش حەزەکەم بچمەدەر، حەزەکەم دنیا ببینم، خەریکە مێشکم ئەتەقێ، ئەوەتە حووکمەت ڕۆژی چوار پێنجێک لەسەر ڕیش و جلی ڕەش سجنەکا»

- «خوا بیانگرێ یاخوا هەر خەریکی گرتن و بێسەروشوێن کردنی کوردن»

لەپڕ میرزا دەستی کێشا بە ئەژنۆی خۆیدا، بە حەسرەتەوە گوتی:

- «ئاخ مامەڕیشە[٥٨] لەکوێی؟»
- «مامەڕیشە کێیە؟»
- «پێشمەرگەیەکی بەوەفای ئەو گەرمێنەیە، ئەڵێن ناوی نەجمەدینە، سیاسەت و میاسەت و درۆودەلەسە نازانێ، شەو نییە چەن بەعسییەک وەکو سەگ نەتۆپێنێ»
- «بەڕاستە، ئەی بۆ من ناویم نەبیستووە؟»
- « جا تۆ لە ترسی ڕیش ئاگات لە دنیا ماوە؟»
- « دەی... دەی... بۆم باسکە بزانم مامەڕیشە کێیە؟»
- «ئەم میللەتە ڕەش و ڕووتە دڵی بەو خۆشە، زۆر ئازا و بەغیرەتە، بە خۆی و پێنج شەش کەسەوە تەنگیان بە حووکمەت هەڵچنیوە، هەر شەوە لە کونێکەوە زەفەریان پێئەبا و دەسیان لێئەوەشێنێ،

---

٥٨- مامەڕیشە: (نەجمەدین شکور ڕەئوف)ە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی تاڵەبان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٨ بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆ بوردوویی لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەبێت بە پێشمەرگە، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەهۆی سەرکێشی و چالاکییەکانیەوە لە دژی ڕژێمی بەعس، وەک پاڵەوانێکی کەموێنە و ئەفسانەیی ناوو ناوبانگی دەرکرد، لە ناوچەکانی هەمەوەند و جەباری و قادرکەرەم و دەوروبەری شاری کەرکووک، گورزە جەرگبڕەکانی لە حکوومەتی عێراق دەوەشاند، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەناو دڵی جەماوەری کوردستاندا زیاتر جێی خۆی دەکردەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ بە پلانێکی ترسنۆکانەی کۆمەڵێک بەکرێگیراوی کورد شەهیدکرا.

شەوێ لە گەرمیان، شەوێ لە کوێستان، شەوێ لە عەرەبستان، بەخوا ئەڵێن لەناوجەرگەی بەغا بەعسی ئەکوژێ»

لەگەڵ قسەکانی میرزادا... حەیدەر زیاتر سەرسام دەبوو، وەک مامەڕیشە خۆی دەهاتە پێشچاو، زیاتر شانازی بە ڕیشیەوە دەکرد، لە میرزای پرسی:

– «ڕیشی من درێژترە یا هی ئەو؟»

– «ڕیشی تۆ دوو ئەوەنەی ڕیشی ئەو درێژە، بەڵام ئەو ئازایە!»

– «ئەی بەقوربانی ئەو ڕیشەی بم»

بەو چەند وشەیە لە قووڵایی دڵیەوە مامەڕیشەی خۆشویست، سات لەدوای سات ڕیش خۆشەویستتر دەبوو لەلای حەیدەر، ئەگەر لەبەر دایکە پیر و نەخۆشەکەی نەبایە هەر ئەو ڕۆژە مامەڕیشەی دەبینیەوە، پەیوەندی پێوەدەکرد هەتا لە چالاکیەکاندا بەشداربێت...

لەو ساتەوە ئیتر خەبات و تیکۆشانی کوردایەتی لە پاراستنی ڕیشی خۆیدا بینییەوە، بە میرزای گوت:

– «شەرتبێ لەبەرخاتری ئەو مامەڕیشەیە، ئەم ڕیشەی خۆم لە مووسی دوژمنان بپارێزم»

– «چون چۆنی ئەیپارێزی، ئەبی بە پێشمەرگە؟»

– «نەوەڵڵا ئەبم بە جاش!»

بەم وەڵامە جووڵەی چاوەکانی میرزا تێکچوو، لە چرکەیەکدا چوارپێنج کەڕەت چاوی دەترووکاند، جارێکی تر سەرێکی لەقاند و گوتی:

- «جــــاش!»
- « ئا ئا جاش... بیستوومە جاشەکان بۆیان هەیە ڕیش وەهێڵن، ئەمەویٚ لەبەرخاتری مانەوەی ڕیشم ببم بە جاش!»

میرزا کەمێک هاتەوە هۆش خۆی، ئینجا گوتی:
- «ئاخر حەیدەر گیان خۆ تۆ تەسکەرە و شتت نیە، چۆن ئەبی بەجاش؟»
- «منیش وەک ئەو خەڵکە، ئەڵێم لە کاتی داگرتنی دێکەمانا تەسکەرە و شتەکانم فەوتاوە»

تا ڕادەیەک بیرۆکەی حەیدەری بەلاوە باشبوو، چونکە ئەوە تاکە زامنی مانەوەی ڕیشی بوو، ئەو دەمە تاکە بەڵگەنامەی ڕیش جاشێتی بوو...
حەیدەر لە ناخەوە دەکوڵا، ڕقی لە جاش و جاشایەتی دەبۆوە، بەڵام گوتی:
- «ئەڵێن سابیرەسڵقە.. سەرۆکی جاشگەلێکی زۆرە، دەسیشی زۆر ئەڕوا، با بچین بۆ لای ئەو»
- «ئەگەر لەبەر خاتری قەبری باوکت نەبیٚ، هەموو دنیام لەسەر تاپۆکەن قێزمنایە بچمە بەر دەرگای هیچ جاشێک»

سابیرەسڵقە...

کوڕی شازەمانی ڕەعناکوردە بوو، خەڵک لە ترسان هەر بەناوی باوکییەوە بانگیان دەکرد، کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا ناوی سڵق و سابیر بێنێت، هیچ دەمارێکی کوردبوون لە جەستەیدا نەمابوو، لە گەنجییەوە جاسوسی بۆ دامودەزگا سیخوڕییەکانی حکوومەت دەکرد...

قسەهێن و قسەبەرێکی باشبوو، هەتا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندبوو، کابرایەکی کەتە و چوارشانە، سمێڵ ئەستوور، هەمیشە بە شاڵی مەرەزی سوور و کڵاشی ئەبوبەکریەوە دەبینرا، جۆرەها مشکی و جامانەی هەبوو، نزیک لە شاری سلێمانی دەژیا...

دیوەخانەکەی یەکجار گەورەبوو، لە پشت سەری خۆیەوە وێنەیەکی گەورەی سەدام حوسەینی هەڵواسیبوو بۆ ترساندنی میوانەکانی، قایشێکی قاوەیی لەسەر پشتێنە پانەکەی دەبەست، دەمانچە چواردەخۆرەکەی بەلای چەپیدا شۆڕدەکردەوە، دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان نەخوێندەوار ئەوی دیکەش مامۆستا، زۆربەی شەوەکان لەگەڵ مامۆستاکە دەخەوت چونکە باشتر دەیزانی ناوگەڵی شازەمان ڕازی بکات...

چوار کوڕی لە ژنە نەخوێندەوارەکەی هەبوو، هەریەکەیان دوو جاش لە خزمەتیدا بوون، هەمیشە چوار ئۆتومبیلی شانسی بڵند لەبەر دەرگای ماڵەکەی ڕاگیرابوون، لە هەر شوێنێک سوسەی چەکدارێکی کوردی کردبا بۆی دەچوو، ئیتر پێشمەرگە بوایە یان تەنانەت ڕاوچی، بۆ ئەو جیاوازی نەبوو، گرنگ ئەوەبوو چەکی پێبێت، دوای هەر چەکدارێکیش کەوتبا، ئەگەر هەڵنەهاتبێ لە چنگی ئەوە یان دەیکوشت یان سەری دەبڕی، لە بەرامبەریشدا (بارەکەڵڵا) یەک بە زمانی عەرەبی، یان دەمانچەیەک، یان ئۆتومبیلێکی تازەی پێدەبەخشرا، دواهەمین چالاکیشیی ئەوەبوو، کە سەری شوانێکی بە قیمەتی سەری پێشمەرگەیەک فرۆشتبوو...

دیوەخانی شازەمان جمەی دەهات، هەر جاش و هەر نۆپڵان[٥٩] بوو لە ئاوازێک دەیزەڕاند، دوو جاش لە تەنیشت یەکتر چوارمشقی دانیشتبوون جگەرەیان دەکێشا، یەکێکیان گوتی:

- «باوەڕکە جارێکیان بە سوتفە، هەر بە سوتفە دەسمکرد بە گیرفانی کابرایەکی دراوسێمانا، کەچی بە ئیرادەی ئەوخوایە حەفتاوچوار دینار هات بەدەسمەوە»

جاشێکی تر:

- «جارێکیان ڕێمکەوتە بۆکان و لەماڵێک مامەوە، کابرای ساحەب ماڵ لێیپرسیم «خەڵکی کوێی» وتم سلێمانی، وتی «هەر سلێمانی سلێمانی» وتم بەڵێ، وتی «ئەرێ کاکە ئەوە ڕاستە ئەڵێن خەڵکی سلێمانی قەت قەت نەخۆش ناکەون» وتم نەوەڵڵا وانیە، وتی «دە بەو خوایە بیستوومە هەموویان عەنجەلیان بە گوللەدێ، هەرچەن نەخۆشبن و بە گیانەڵڵاوە بن تا گوللەیەکیان پێوەنەبێ ڕۆحیان دەرناچێ»

جاشێکی پلەدار دانیشتبوو، ئانشکی چەپی خستبووە سەر سەرین، بەوەی تەنیشتی گوت:

٥٩- نۆپڵان: کەری هاروهاج و تازە پێگەیشتوو.

- «شەش برا بووین، دایکمان لەگەڵ باوکم نەئەخەوت، باوکم خەریبوو هارەبوو بۆ یەکێک، ڕۆژی دە پانزە جار ئەیبۆڵان بە سەرمانا ئەیوت «توخوا ئاخر من کوڕم هەیە یا وەجاخکوێرم، شاڵڵا وەجاخم کوێر بوایە، سەیری کوڕەکانی حاجی سدیق بکەن، ئەو کوڕی هەیە خوا لێی نەسێنێ، بە دایکیان وتووە ئەگەر بە خۆشی خۆت لەگەڵ باوکمان ئەخەوی ئەوە باشە، نایشخەوی هەر چوارپەلت ئەبەسینەوە و فڕێت ئەیەینە باوەشی، منیش ئەوە مانگ زیاترە دایکتانم نەدیوە، بزانە یەکێکتان ئەڵێ ئەوە دایە بۆ ناچی بە لای باوکمانەوە، ئێمەیش لەتاو بۆڵەبۆڵی باوکم تەکلیفمان لە دایکمان کرد، خواهەڵناگرێ دایکمان قسەی نەشکانین، ئەو شەوە دایکم و باوکم هەر ویتەویتیان بوو تا بەیانی، بەیانیەکەی دیسان دەسیکردەوە بە بۆڵەبۆڵ، چونکە دایکمی کەنەفت[٦٠] کردبوو، داماوە خەبەری نەئەبۆوە، کەچی ئەمجارەیان باوکم ئەیوت ئاخر ئەگەر وەجاخکوێر نەبم توخوا قەتبووە لەسەر ئەم هەموو کوڕەیا کوڕێک نەچێ پارووە نانێک ببا بۆ ئەو پیرێژنەی دایکی، کوڕی خەڵکی ئەگەر پشیلەیش لەماڵیابێ تێرنانی ئەکا»

جاشێک بە جاشێکی تری گوت:

- «خۆزگەم بەو وەختەی ماڵمان لە دێی ڕاوگان[٦١] بوو، خەڵک و خوا دەسیانناییە دروسکردنی مزگەوت،

٦٠- کەنەفت: شەکەت، ماندوو.

٦١- ڕاوگان: ناوی گوندێکە لە باشووری کوردستان!

چوار ڕۆژ ئیشم تیاکرد، کەچی موسوڵمانی وامان تیابوو خۆی ئەدزیەوە، دایمە وەسا مەحموو بە خەڵکەکەی ئەوت «ئەرێ کاکە بۆ ئیش ناکەن» دەسی بۆ من ڕائەکێشا ئەیوت «تەماشای حەمەچکۆلکەن، بەکەلامی خوا نەباوەڕی بە مزگەوتە نە بە خاوەنەکەی، کەچی چوار ڕۆژ ئیشی تیاکردووە» مزگەوتەکە تەواوبوو، ئینجا وەستا مەحموو هات بۆلام وتی «حەمەگیان بەخوا مەگەر تۆ فریامان کەوی، تۆ زەینت ڕوونە بەشکو لەسەر قاقەزێک ڕەسمی مانگ و ئەستێرەمان بۆ دروسکەی، ئەیبەم بۆ سلێمانی لای ئاسنگەر بە دروسکردنی ئەیەم بۆ سەر منارەی مزگەوتەکە» منیش ڕەسمی هیلال و ئەستێرە و چەکوش و داسم بۆ دروستکرد، وەختێ چووبوو بۆ سلێمانی کابرای ئاسنگەر پێیوتبوو «کاکە ئەم عەلامەتانەت بۆچیە» وتبووی «بۆ منارەی مزگەوت» ئاسنگەرەکە بە پێکەنینەوە وتبووی «وامزانیوە بۆ سەربانی مقەڕی حیزبی شویعیت ئەوێ، ئەمە کێ بۆی دروسکردووی» کە وەسامەحموو گەڕایەوە یەکسەر هات بۆلام وتی «ئەرێ ئەوە تۆ لە خوا ناترسی، ئاسنگەرەکە وتی ئەمانە بۆ سەربانی مقەڕی حزبی شویعی ئەبێ نەک مزگەوت» منیش وتم جا فەرقی مزگەوت و مقەڕی حیزب چییە، داسەکە بۆ فەللاحی گەوواد، چەکوش بۆ کرێکاری نەگبەت و

ئەوانی تریش بۆ مزگەوت، وتی «کوڕە کەرەکەر مەکە» وتم کەرەکەری چی وەستا، مزگەوت ئەو توڕەبوونەی بۆچییە، خۆ هەمووی چوار پێنج کەری وەک تۆ نوێژی تیائەکا»

جاشەکەی تر لە جیاتی ئەوەی پێبکەنێت لێی پرسی:

- «باشە ئەوە کاکەحەمە کەلیمەی ڕاوگان لە چیەوە هاتووە؟»

- «قسەی قۆڕ مەکە ئەزانم ئەتەوێ بڵێی چی»

حەیدەر بێخەبەر بوو لە دیوەخانەکەی شازەمان، ئەو هەر لە خەمی ڕیشدا بوو، دیوەخان بە دەست کۆنەجاش و تازەجاشەوە تەپوتۆزی لێهەڵدەستا، شازەمان قاقا بە زەمەن پێدەکەنی و ددانە ئاڵتونیەکەی پیشان میوانەکانی دەدا، یەکێک لە پاسەوانەکانی بەردەرگا هاتە ژوورەوە، کەمێک سەری بۆ شازەمان دانەواند و گوتی:

- «قوربان گیان دوو کەس هاتوون بۆ خزمەتتان»

- «چکارەن؟»

- «یەکێکیان کابرایەکی ڕیشنە ئەیەوێ خۆی قەیدکا، وا بزانم ئەوی تریشان مامەیەتی»

- «با بێن»

به بینینی حەیدەر تەواوی جاشەکان سەرسام بوون، هەندێکیان تەنانەت ترسان، شازەمان بە سەرنجەوە لە سەروڕیشی حەیدەری ڕوانی، چرپاندی بە گوێی جێگرەکەیدا:

- «ئەم عەبو ڕیشە بۆ حیمایەی خۆم باشە، تۆ ئەڵێی چیی؟»

- «خراپ نییە قوربان»

شازەمان ڕوویکردە میرزا:

- «ئیشتان چیبوو؟»

میرزا شەرمی دەکرد، ئارەقە بە ڕوخساریەوە دیاربوو، قسەی بۆ نەدەکرا، ناچار دەستی بۆ حەیدەر درێژکرد و وەڵامی دایەوە:

- «ئەم کوڕە ئازایە ئەیەوێ لای جەنابت خۆی قەیدکا»

- «ناوی چیە و خەڵکی کوێیە؟»

هەر کە میرزا گوتی خەڵکی نادراوایە، کتوپڕ شازەمان ڕوویکردە حەیدەر:

- «سامسامت ئەناسی؟!»

حەیدەر جگە لەوەی شەرمەزار بوو، بۆ یەکەمین جار بە خاتری ڕیشی درۆیەکی کرد و گوتی:

- «نەخێر قوربان»

شازەمان وەک ئەوەی بیەوێ قسەی لێ دەربێنێ و بە گرتیبا گوتی:

- «سامسام ڕۆڵە بوو ڕۆڵە بە ناهەق کوژرا»

وەختێ زانی حەیدەر هیچ ناڵێ ئیشارەتی بۆ جاشێکی جوانکیلە کرد:

- «بیبە بۆلای کاتبەکە با ناوی بنوسێ و عەدەم تەعەروزی[٦٢] بۆبکا»

- «بەسەر چاو بەگم»

حەیدەر بە شەرم و ترس و لەرزەوە ڕوویکردە شازەمان:

- «من واجب و شت ناگرم؟

- «بۆچی؟»

- «ئەزانم عەیبیشە لە ڕووی جەنابتا، بەڵام خوا شایەدە تەنها لەبەر خاتری ڕیشم ئەمە ئەکەم، بۆ ئەوەی پۆلیس و شت پێم نەتاشن چونکە وەرەقەی جەنابت لە هەموو شوێنێ ئەخوا!»

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین، میرزاش تەریق بوەوە، مەجلیسی جاشەکان بە پێکەنین گەرمداهات، هەریەک لە خەیاڵی خۆیدا حەیدەری وەک شێت هاتە بەرچاوان، ئیتر بۆئەوەی

---

٦٢- عەدەم تەعەروز: پارچە کاغەزێکی لاکێشەیی بچووک بووە، وەختی خۆی حکومەتی عێراق بۆ جاشە کوردەکانی دروستدەکردوە، بۆ ئەوەی دەست نەهێنرێتە ڕێگەیان.

موچەکەی حەیدەریش وەک سەدان مووچەی تر بچێتە گیرفانی شازەمانەوە، ڕازیبوون بەبێ ئەرک عەدەم تەعەروز بۆ حەیدەر بکرێت و هەر پانزە رۆژ جارێکیش بۆی تازە بکرێتەوە...

دواجار شازەمان گوتی:

- «خەمی ڕیشت نەبێ ئیتر تۆ لای من قەیدبووی، کەس هەقی نابێ بەسەرتەوە، بەڵام هەرکاتێک خەبەرمان بۆ ناردی ئەبێ بگەیتە لامان»

یەکێک لە پاسەوانەکان هاتە ژوورەوە، بە ئەدەبەوە لە شازەمان نزیکبۆوە، دەمی خستە لای گوێچکەی چەپی و هەواڵێکی پێڕاگەیاند، شازەمان بە هەواڵەکە زۆر تاسا، وەک ئەوەی باوەڕنەکات، دوای کەمێک بێدەنگی جامانەکەی داگرت و دەستیکرد بە پێکەنین، ڕوویکردە جاشەکانی تر:

- «ئۆخەی... ئیتر پشتێنی لێبکەنەوەو بە ئیسراحەت لێی بخەون!»

میرزا و حەیدەر هاتنە دەرەوە، حەیدەر لەگەڵ هەر هەنگاوێک زیاتر هەستی بە شەرمەزاریی دەکرد، وەرەقەکەی گیرفانی بوو بە ئاگر و لە ویژدانی بەربوو، لەڕووی نەدەهات سەرهەڵبڕێت، وایدەزانی هەموو کەس پێیزانیوە...

بەدەم ڕێوە دڵی خۆی دەدایەوە و دەیگوت «کوڕە خۆ نیوەی عالەم جاشە، جا قەیچێکە ئەگەر منیش جاشبم، خۆ من عایدی کوشتن و دزی و ئەو شتانە نیم، هەموو ئەم خیانەتەی من لەبەر خاتری ڕیشمە، بە خوا ئەگەر کورد بیتوانیایە ڕیشم لە دەست و مووسی بێگانە بپارێزێ قەت نەئەبووم بە جاش، هەیەو نییە ئەو پارچە قاقەزەی گیرفانمە، ئەویش وا حسابکە ئیجازەی ڕیشە، ئیتر لە بەهانە و پەڵپی حووکمەت نەجاتمەبێ»

لە ڕێگەدا میرزا هەستی بەو بێتاقەتیە کردبوو، ویستی بە قسەیەک سەری پێهەڵبڕێت و بیهێنێتە پێکەنین:

– «حەیدەرگیان تۆ ئەزانی ئێستە چ جۆرە جاشێکی؟»

سەری هەڵبڕی، بە درۆ خۆی تووڕەکرد:

– «چ جۆرێ؟»

– «ئەو جاشانەی واجب ناگرن پێیان ئەوترێ....»

– «ئەوترێ چیی؟»

– «ئاخر تورە نابی؟»

– «دە توو خوا بەسە، ئەوە نییە جاشم ئیتر لەوە زیاتر چی؟»

– «وەڵڵا ڕۆڵە حالییەن بە تۆ ئەڵێن جاشە مێچکە»

– «چیی؟»

– «جاشە مێچکە»

- «قەینا ئەویشم قبوڵە، موهیم ئەوەیە ڕیشم سەلامەتبێ.. تۆ لەوەگەڕێ مام میرزا، باشە بە مەزەنەی عەقڵی تۆ، ئەو جاشە چی چرپاند بە گوێی شازەمانا، هەوەڵجار ئاگای لەخۆی نەما، کەچی دوایی ئەتوت مۆتەکەکەی سەر دڵی ڕۆیشتووە، ئەی باشە بۆچی بە جاشەکانی تری وت ئیتر پشتێنی لێبکەنەوە؟»

- وەڵڵا ئەو جۆرە سەگانە قەت کەیفیان بە شتێ نایە لە مەسڵحەتی کورد بێ... خوا ڕەحمکا!»

هەر بەدەم ڕێوە، لەدوورەوە مچە چاوچەقەنە دەرکەوت، بەرەو ڕوویان دەهات، زۆر بە پەلە هەنگاوی دەهاویشت، کاتێک گەیشتە بەردەمیان، پەژارە لەسەر ڕووخساری دەرکەوت، دڵی پڕبوو لە هەنسک، وەک ئەوەی کۆستی کەوتبێ زمانی لە گۆ کەوتبوو، حەیدەر تەریق دەبۆوە، وایدەزانی مچە چاوچەقەنە زانیویەتی کە بووە بە جاش...

دوای تەوقەکردنێکی سارد، میرزا لێیپرسی:

- «ئەوە چییە... چیبووە... چی قەوماوە؟»

- «ئەی نەتانبیستووە؟!»

- چیمان نەبیستووە... چیبووە مچەگیان بۆ قسەناکەی؟»

- ئەڵێن ئەمشەو مامەڕیشە شەهید بووە!»

# بەشی پێنج:

# کەر چوزانێ نرخی نوقڵ و نەبات چییە

به ڕاپەڕین و ئازادکردنی باشووری کوردستان، کەم کەس هەبوو هێندەی حەیدەر خۆشحاڵبێ، چونکە مەترسی بەعسییەکان لەسەر ڕیشی نەما، نیوەی مووەکانی ڕیشی سپی دەکردەوە، چاوەکانی دایکی توانای بینینیان نەمابوو، ڕۆژ بەڕۆژ پیربوون زیاتر بەرۆکی ڕەحمەی دەگرت...

یەکەمین کار کە کردی، دڕاندنی وەرەقەکەی شازەمان بوو، لە ڕۆژێکدا دەیان جار دەستی بە ڕیشیدا دەهێنا و دەیگوت «شکوور ڕیشی منیش ئازادبوو»

بەڵام... کەمتەرخەمیی و پەڕۆبازیی و بێسەروبەرەیی حزبە کوردییەکان، بەعسییەکانی والێکرد ڕێگە نەدەن دۆخی باشوور بەو شێوازە بمێنێتەوە، هەر زوو نەخشەی هێرشێکی گەورەی دانا بۆ داگیرکردنەوەی شار و شارۆچکە وناوچە

ئازادکراوەکان، بە بیستنی هەواڵی هێرشەکە، دانیشتووانی پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی بە سەڵتی لە ماڵەکانیان دەرچوون، لە شەوو ڕۆژێکدا ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهێشت و بەرەو سنورەکانی باکوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوا ڕۆیشتن، ئەوەی ئوتومبێلی هەبوو بە ئوتومبێل و ئەوەی نەیبوو بە پێ...

دیسانەوە هەر مانگی ڕەمەزان بوو!

دەشت و دۆڵ و گردەکان و چەم و شیوەکان پڕبوون لە کورد، ئەوەندە کورد ڕژابوونە کەژوکێوان باڵندەکان ترسیان لێنیشتبوو، سەدان گەواڵە هەوری چڵکن بە ئاسمانەوە خۆیان مەڵاسدابوو، وەک ئەوەی بیانەوێت جەماوەری باشووری کوردستان بخوسێنن، یاخود وەک هێزێکی پشتیوان بۆ عەرەبە بەعسییەکان ئازاری کوردەکان بدەن!

هەر کوردێک کۆڵێک بە کۆڵیەوە بوو...

دەستی منداڵێک یان دووانی گرتبوو، بەشێک لە دنیادیدە و قایمکاران بنۆڵە ئاردیان پێبوو، تا دەهات باران زیاتر خەڵکی وەڕەس و هەراسان دەکرد، میللەتێک هاتبووە دەرەوە، بەپێ ڕێیدەکرد، وەک ئەو قیامەتەی کە مەلا بەدرەدین بەردەوام لە مزگەوتەکەی نادراوا باسی لێوەدەکرد...

حەیدەر دایکی کۆڵکردبوو، ڕەحمە هەردوو دەستی توندتوند کردبووە ملی حەیدەر لاقەکانی بەسەر کەمەری کوڕەکەیدا شۆڕکردبۆوە ، بەهۆی ڕیشی حەیدەرەوە دەستەکانی تەڕ نەدەبوون، نایلۆنی لە سەر و شانومل و پشتی پێچابوو، هەرچەند چاوەکانی لە بینین کەوتبوون، بەڵام بە باشی هەستی بەو قیامەتە دەکرد...

تا دەهات باشتر خۆی قایمدەکرد بە سەرپشتی کوڕەکەیەوە، پـزووی دەرپـێ سپییەکەی لـە خـوار ئەژنۆکانیەوە دیاربوو، باران لە پووزە چرچ و باریکەکانی دەدا، بێئەوەی هەستیان پێبکات کەوشەکانی بەدەم ڕێوە کەوتبوونە خوارەوە...

حەیدەر پێج شەش نان و کەمێک خورما و شانە و ئاوێنەکەی ڕیشی خستبووە گیرفانی، پەتوویەکی خستبووە سەر دەفەی شانی، بۆئەوەی سمتی دایکی ئازاری پێنەگات، لە ترسی ئەوەی ڕیشی نەکەوێتە بەر مووسی بەعسییەکان ئازایانە هەنگاوی دەنا...

یەک لەدوای یەک خەڵکی پیادەی بەجێدەهێشت، وەک ئەوەی ئەو دەوڵەتە بێبەزەییەی عێراق بە تاقی تەنیا شوێنپێی حەیدەری هەڵگرتبێت، ئەوەندە خێرا دەڕۆیشت هیچ کەس نەیدەتوانی پێیبگاتەوە، نزیکەی حەوت سەعاتەڕێ بێوچان بە ژێر ئەو بارانەدا ڕێیکرد، بێئەوەی تەماشایەکی دوای

خۆیەوە بکات، لەم شیو بۆ ئەو شیو، لەو کەندڕ بۆ ئەم دۆڵ، لەم تولەڕێ بۆ ئەو لاڕێ، لەم کێو بۆ ئەو تەپۆڵکە...

قیژەقیژی منداڵ گوێچکەی درەخت و کێوەکانی کەڕوکاس کردبوو، هەر بن دار و بن بەردێک خانەوادەیەک بە خوساوی لە بنیا لایاندابوو، لێرەولەوێ وشکە گەڵایان لە باوەشی دار بەڕووەکان دادەگرت و دەیانسووتاند...

هەر ئوتومبێلێک پەکی دەکەوت کتوپڕ نەفەرەکانی ناوی دادەبەزین و بەپێ دەکەوتنەڕێ، سەدان کورد لە سەرما ڕەقبوەوە، سەدان لە پەڕینەوەی ڕووبارەکاندا ئاو بردنی، سەدانیش بە مین پارچەپارچە بوون...

حەیدەر و دایکی لە نزیک سنوور گەیشتنە گوندێکی وێرانکراو، چاوی بەملاولای خۆیدا دەگێڕا، ویستی بە هێواشی دایکی لەسەر بەردێک دانێت، وەک منداڵ بانگی ڕەحمەی کرد:

- «دایە... دایەگیان»

ڕەحمە وەڵامی نەدایەوە، دووبارە بانگیکردەوە:

- «دایە... دایە بەقوربان»

حەیدەر دەیویست بە دایکی بڵێ کە ماندووە و دەیەوێ پشووبدات، بەڵام ڕەحمە بێوەڵام بوو، کوڕەکەی نەیدەزانی دوو سەعات زیاترە دایکی هەر بە کۆڵیەوە گیانی دەرچووە...

وەک چۆن لە ئۆردوگاکە دابووی بە کۆڵیا بە هەمان شێوە مردبوو، بە هێواشی لەسەر بەردێک داینا تەماشای ڕوخساری دایکی کرد، ڕەحمە چاوە چکۆلەکانی نەدەترووکان، دیسان چەند جارێک بانگیکردەوە، دەستی دەدا لە کولمی شین هەڵگەڕاوی، ئەو هەر وەڵامێکی نەبوو، حەیدەر هاواریکرد، دایکی گووشی بە دڵیی خۆیەوە، پڕ بە کێوەکان قیژاندی:

– «دایــــــــە... دایـــــــــــــە»

هاواری حەیدەر باڵندەکانی دوور خستەوە، هەتا توانی بەسەر تەرمی دایکیدا گریا، لەسەر زەوی تەرمەکەی درێژ کرد و بە نایلۆن داپۆشی، خەڵک دەڕۆیشتن بێئەوەی هەڵوەستەیەک بکەن، نەیدەزانی چی لە تەرمەکە بکات، بگری بەسەریدا یان ئەویش بمرێت، هیچیش نەبوو هەتا گۆڕیچەیەکی پێهەڵبکەنێت بۆ دایکی...

ئێوارە داهات، باران تووڕەتر بوو، نە بواری بە حەیدەر دەدا بیر بکاتەوە، نە وازی لەو خەڵکە سەر لێشێواوەش دەهێنا، تراکتەرێک لە حەیدەر نزیکبۆوە، ئەوەندە خەڵک خۆیان پێوە هەڵواسیبوو شۆفێرەکەی دیارنەمابوو، یەکێک لەسەرنشینان کە حەیدەری بینی کتوپڕ تێگەیشت کە ئەوەی بەردەمی تەرمە، بۆیە هەر بەدەم ڕێوە لەژێر کورسی شۆفێرەکەدا پاچێکی بچکۆلەی دەرهێنا و فڕێیدایە خوارەوە بۆ حەیدەر و گوتی:

- «خێرا چاڵێکی بۆ هەڵکەنە و بیشارەوە، حووکمەت نزیک بۆتەوە»

دنیا زیاتر تاریک بوو، زوو زوو نێوان برۆکانی دایکی ماچ دەکرد و نایلۆنەکەی دەدایەوە بەسەریدا، دەستیکرد بە هەڵکەندنی قەبر، لەگەڵ بەرزکردنەوەی هەر پاچێک زۆراب دەهاتەوە یادی، لە ژێر چۆڕاوگەی ڕیشیدا چاڵێکی پڕ بە بەری دایکی هەڵکەند...

ئیدی نە ئایەتێک لە قورئانی دەزانــی... نە دێڕێک ئینجیل... نـە وشـەیـەک لـە تــەورات... نـە وشـەیـەک لە زەبوور... نە گاتایەک لە ئاڤێستا... نە یەک گوتەی مەسیح... نە محەممەد... نە موسا... نە بـودا... نە مەلا بەدرەدین... بۆئـەوەی بەسەر نەعشی دایکیدا بیخوێنێت، جارجارە سەری بەرزدەکردەوە و لە ئاسمانی دەڕوانی، بە بێدەنگی گلەیی لە خودا دەکرد...

دنـیـا تــەواو تـاریـکـبـوو، دەسـتـەوئـەژنـۆ دانـیـشـت، تەماشای تەرم و قەبرەکەی دەکرد، گۆڕەکە پڕ بوو لە باراناو، بە مشت ئاوەکەی دەردەدا، چەن جارێک ویستی دایکی بشارێتەوە، بەڵام هەموو جارێک باران چاڵەکەی پڕدەکردەوە لە ئاو، تا نیوەشەو ئاوی دەردا، باران بواری نەدا دایکی بشارێتەوە...

کە زانی فریای ئاو دەرهێنان ناکەوێت، تەماشایەکی ئەملاولای خۆی کردەوە، ئۆتومبیلێکی جۆری تەکسی لە

قوڕدا چەقیوی پڕ شتوومەکی بینی، مەنجەڵێکی فافۆنی دەرهێنا و بەپەلە گەڕایەوە بۆ لای تەرمەکە، ئەوەندەی نەمابوو ڕۆژ بێتەوە، دەستی کرد بە هەڵگویزانی[٦٣] ئاو، دڵی نەدەهات دایکی بە تاریکی بخاتە چاڵەوە، بە دیاریەوە دانیشت تا دنیا ڕۆشن بۆوە، حەیدەر وەک ئەو خەڵکەی کە لە سنوور پەڕینەوە بیری لە ڕاکردن نەکردەوە، ئەمجارەیان خەمی ئەو تەرمی دایکی بوو نەک ڕیش...

تاکوتەرا کەسانێک بە پەلە بەلای حەیدەردا تێدەپەڕین، هیچ کەسیش سڵاوی لێنەدەکرد، هەموو هەر بە پەلە دەڕۆیشتن و هێزی زمانیان نەبوو سڵاوی پێبکەن، لە ترسی حکوومەت ئەو حاڵەتە ئاسایی بوو، چونکە خەڵک وا هاتبوونە دەرەوە کە نەگەڕێنەوە...

باران خۆشیکردەوە... هێشتا هەڕەشە و گوڕەشەی پەڵەهەورەکان دەبیسترا، بۆ دواهەمین جار دایکی ماچکرد و نایلۆنەکەی لە تەرمەکە پێچایەوە، لە جیاتی سەرین تەختەبەردێکی لەناو چاڵەکەدا بۆ دانا و هێواش هێواش دایکی شاردەوە، دوو تەختە بەردی درێژکۆلەشی لەبری کێل بۆ چەقاند، دواتر وەک عادەتی نادراوابیەکان تەختە بەردێکی تری هێنا کە بچوکتربوو لەوان، لەلای قاچی دایکیەوە ئەویشی چەقاند بۆئەوەی بزانرێت کە مردووی ناو گۆڕەکە ئافرەتە...

٦٣- هەڵگویزان: هەڵێنجان یاخود دەرهێنان.

ئەو شەوەش دایکی جێنەهێشت، بەردەوام جلەکانی ئاویان لێدەچۆڕا و سەرمای بوو، برسی برسی و ماندوو ماندوو، ئەو چەند نانەی هەڵیگرتبوون لە گیرفانیدا بوبوون بە هەویر، چاوەڕێی دەرکەوتنی سەربازی حکوومەت و تۆپ و تانک و فڕۆکە بوو، بەڵام هیچیان نەهاتن...

دوای چەند ڕۆژێک...

بە هۆی فشاری دەوڵەتانی زلهێزەوە، حکوومەتی عێراق لێخۆشبوونی گشتی بۆ هەموان دەرکرد، جەماوەری ئاوارەبووش دوای ئەو لێبووردنە گشتییە، بە لێشاو گەڕانەوە بەرەو ماڵ و حاڵی خۆیان لە شار و شارۆچکەکاندا...

دوای ئەو لێبووردنەش هێندەی نەخایاند حکوومەت بە یەکجاری دەستبەرداری پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک بوو، تەواوی هێزەکانی خۆی کشاندەوە، حیزبە کوردیەکان لەو سێ پارێزگایەدا هەڵبژاردنیان ئەنجامدا و لە ئاکامدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە...

کەچی لە چاوترووکانێکدا حزبەکان لەناو خۆیاندا بەشەڕهاتن، چینە گەمژەکەی کورد بەربوبوونە گیان و سەروماڵی یەکتری، تەنیا لەبەر خاتری مانەوە و فراوانکردنی سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئاغاکانی

حزب، هـەزاران گەنجی وڵاتیان دا بە کوشت، هـەزاران کورد بریندار و شەلوکوێر بوون، دەیانیش لە زیندانی حزبە بەشەڕهاتووەکاندا بێسەروشوێن کران!

ئەو گوندانەی پێشتر ڕاگوێزرابوون، زۆر بە زوویی لەلایەن گوندنشینانەوە ئاوەدان کرانەوە...

ئەو جێگەیەش کە حەیدەر دایکی بە خاکسپارد تیایدا، یەکێک بوو لـەو گوندانەی کە ئـاوەدانـکـرانـەوە، کاتێک خەڵکەکە بینیان وا حەیدەر ژوورێکی بچووکی لە نزیک قەبرەکەی دایکی بە قوڕوبەرد هەڵچنیوە هیچیان نەگوت، خاوەنی ئەو زەویەی کە گۆڕی ڕەحمە کەوتبووە ناوی، ڕێگەی بە حەیدەردا کە هەتا بێتاقەت دەبێت دەتوانێت لەزەویەکەدا بمێنێتەوە...

چوار ساڵ لەو گوندە بە تەنیا لە نزیک قەبرەکەی دایکی مـایـەوە، بێئەوەی هیچ کـارێـک بـکـات، خەڵکەکە خواردن و جلوبەرگیان بۆ دابین دەکرد، حەیدەر ئەوێی پێخۆشبوو، چونکە هـەم هیچ خەتەرێک لەسەر ڕیشی نەبوو، هـەم نزیکبوو لە سرووشت، هەمیش خەڵکەکە خۆشیاندەویست، هەموو بەیانیەک دەڕۆیشت بۆ دەشتودەر و کێوەکان، تا خۆرئاوابوون نەدەگەڕایەوە، شەوانەش بەدەم یادەوەرییەکانی قوتەی کەرەهار و نادراواوە خەو دەیبردەوە...

بەڵام... لەپڕێکا بڕیاریدا ڕووبکاتە سلێمانی، هەرچەند دانیشتوانی گوندەکە داوایان لێکرد بمێنێتەوە، هەرچەند بەڵێنییان پێدا کە نەهێڵن پێویستی بە هیچ شتێک ببێت، بەڵام حەیدەر ماڵئاوایی لێکردن و ڕۆیشت...

دۆڵی هەسەنە گورگ...

دۆڵێکی تووڵانی و سامناک، هەورازێکی بەردەوامی هەناسەبڕ، بەبێ ماندوو بوونێکی کەمەر پچڕێن نەدەبڕایەوە، ئـاوی شـیـوەکـان دوانـزەمـانـگ خـوورەیـان دەهـات ، لە دامێنەوە تێکەڵ بە ڕووبارێکی تەسک دەبوون، لاپاڵەکان لەبەر دڕکەزی و پێکوڵ و چقڵە زەردە دیارنەبوون، قالۆر و کەرتەشی و شیلان و تووترک و دڕوو، ئاوی ڕووبارەکەیان داپۆشیبوو...

پشت دەوەنـەکـان باریکە ڕێیەک بوو بـەرەو (کێوی سوڵتان مەجی)، لقوپۆپی ببیە چەمیلە[٦٤] بۆ ناو شیوەکان شۆڕ بوبوونەوە، لـوورەی گورگ و چەقەڵ لەمسەر بۆ ئەوسەری دۆڵەکە دەنگی دەدایـەوە، زۆر کەس بە دۆڵی

٦٤- ببیە چەمیلە: بەو درەختانە دەگوترێ کە لە کەنار چۆم و شیوەکان خۆڕسکانە دەڕوێن.

بێمەحکەمە ناویان دەهێنا، ناوبەناو گورگەکان دادەگەڕان بۆ ئاوخواردنەوە...

گەیشتە دەروازەی دۆڵەکە، لەناو ئەو هەموو قامیش و زەل و پونگە و گژووگیایەدا توانی ڕێگەکەی سەڵتەزەلام بدۆزێتەوە، بەدەم ڕێوە تەماشای ئاوی شیوەکەی دەکرد، گوێی دابووە تەقە تەقی ئەو حاجی لەقلەقەی لەسەرڕاوە تەقەی دەهات...

حەیدەر زەردەخەنەی دەکرد، هەر بەدەم ڕێوە ئاوڕێکی دایەوە لە دڵی خۆیدا گوتی «دایەگیان بۆخۆت لەوێ بخەوە با باوکیشم لەو شارەزوورە بخەوێ، ئاگاتان لە یەکتربێ، خەمی من مەخۆن خەمتان زۆر بۆ خواردووم، ئیتر کۆڵ بە ڕیشمەوە هەڵمەگرن، ئێستا حوکم حوکمی کوردە، لە مەحفبوونەوەی ڕیشم ناترسم، شکور غەیرە کورد لەم ناوەیا نەماوە، ئێوە بخەون، من ئەچم بۆ شار ئیشەکەم، خەمتان نەبێ هەر کە گەیشتمە شار کڵاوو جامانەی تازە و قاتێک جلی کوردی قەنەواچە ئەکڕم و خۆیشم ئەشۆم»

ڕوویکردەوە پێشەوە، گەیشتبووە تەسکایی دۆڵەکە، ئاو خێراترو خووڕتر هاژەی دەهات، تەنیا شینایی ئاسمانی لێدیار بوو، تاوتاو ڕێی گومدەکرد و دەهاتەوە سەرێ، بە هەردوو دەست قامیش و زەل و قەلاس و گژووگیا و قامیشی لە خۆی دوور دەخستەوە...

دەمەو ئێوارە گەیشتە کێوی سوڵتان مەجی، دنیا تاریکبوو، لەناو دڕووە سوتاوەکاندا دەنگی ڕاکێشانی میلی تفەنگێک هاتە گوێی:

- «هەر بجوڵێی کوژراوی، دەسخە سەر سەرت زەلام»

لە شوێنی خۆی ڕاوەستا، کابرایەکی چەکداری چڵکن هاتە بەردەمی، لوولەی تفەنگەکەی خستە سەر سنگی، کە ڕیشی حەیدەری بینی هەنگاوێک چووە دواتر و هاواریکرد:

- «پێشمکەوە قەحبەباب»

- «بۆ کوێ؟»

- بۆ قەبری باوکت، بەس گووبخۆ، بەخوا بەو ڕیشە حیزەتا دیارە مەلاییت، درۆ نەکەی سەگباب بەخوا ئەزانم بۆ ئەو ڕیشە حیزەت نەتاشیوە، وا دیارە بە کەرمانەزانی هەتیوە جامانە قووتە»

- «ڕیشی چی و مەلای چی و مەلایی چی براکەم!»

- «بیدەنگبە قەحبەباب پێشم کەوە»

حەیدەر مامەڕیشەی وەبیردا هاتەوە، چونکە بەهۆی قسەی چەکدارەکانەوە تێگەیشت کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانن، لەدڵی خۆیدا گوتی» ئاخ مامەڕیشە تۆ لە کوێی، وەرە لە کونێکەوە تەماشای گەجەروگوجەری دوای خۆتکە» ڕووی دەمی کردە یەکێک لە چەکدارەکان:

– «ئێوە کێن ڕۆڵە بۆچی وا هاربوون... لە جەماعەتی مامەڕیشەن؟!»
– «دەمت داخە خوێڕی، ناوی کەس مەهێنە، نەخێر لە جەماعەتی مام جەلالین»

هەرچەند حەیدەر ئەو دەمانەشی وەبیر دهاتەوە، کە لەگەڵ سامسام ڕاوو ڕووتیان دەکرد، بەڵام بێخەبەر بوو لەوەی کەوتووەتە ناو بۆسەی هێزێکی چەکداری کورد، بێخەبەر بوو کە (یەکێتی و پارتی) شەڕیانە، نەیدەزانی دەور دەوری برا کوژییە و تەنانەت بەسەر دیلی یەکتریشەوە نارۆن، بێئاگابوو لەوەی کە ئەو حکوومەتی هەرێمەی دڵی پێیخۆشبوو ڕیشی بۆ بپارێزێت لە مووسی داگیرکاران، کەوتوەتە ناو شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوییەوە...

چەکدارەکە پێش خۆیدا بۆ لای سەردەستە، بێئەوەی گوێی لێبگرن، ڕیشیان کردە بەڵگە بۆ پارتیبوونی حەیدەر، سەردەستە چەند جارێک لەقنی ڕیشی برد، ئینجا بەدەست ئاماژەی بۆ پیرەدارێک کرد و ڕوویکردە یەکێک لە چەکدارەکان:
– «بەو دارەوە بیبەستەرەوە، دەمی قەپاتکە با هاوارنەکا، هەرچیشی پێیە لە گیرفانیا دەربێنە»
پاش کەمێک سەردەستەی بۆسەکە بە تووڕەیی لێیپرسی:

- «خەڵکی کوێی؟»
- «نادراوا»
- «نادراوا کوێیە؟»
- «نادراوا نادراوایە»
- «سەر بە کێی؟»
- «سەر بە خۆمم»
- «درۆ مەکە سەگباب، کێ هەیە لە کوردستانا سەر بەخۆی بێت!»

هەنگاوێک چووە دواوە، غافڵگیرانە بە هەموو هێزی خۆی یەک مستی کوتایە شەویلگەی چەپی حەیدەر، هەر لەجێدا دووبارەی کردەوە، ئەوەندەی نەما حەیدەر بێهۆش بکات، دەمولووتی خەڵتانی خوێن کرد و گوتی:

- «ئێستا پێمانبڵێ پارتیت یان نا؟»
- «نەخێر پارتی نیم، ئەچم بۆ سلێمانی، نە جاسوسم نە هیچ، هەچیم پێیە بۆخۆتان بەس وازم لێبێنن»

سەردەستە تەماشای ئەوانی تری کرد:

- «بەرەڵایکەن با ملی خۆی بشکێنێ»

هێشتا ئاسەواری مستەکۆڵەی یەکێتی بە شەویلگەیەوە مابوو، خوێنی لوتی نەگیرسابوەوە، کەچی چەند گوریسێک دوورتر لە یەکێتییەکان، کەوتە بۆسەی کۆمەڵێک چەکداری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە...

ئەو پارتیانەی دوو مستەکۆڵەی لەسەر خواردبوون، لەبن گابەردێکدا پارتیەکی چەکدار هەڵتۆقی، دیسان تێیاخوڕیەوە:

- «بۆستە قەحبەدایک»

ئەمجارەش ڕاوەستا، دەستەکانی هەڵبڕی و گوتی:

- «ئەی نەتانوت بڕۆ!»
- «ئەوە ئەڵێی چی هەتیو»
- «ئەڵێم ئەی نەتانوت بڕۆ، ئەی هەرچیم پێبوو لێتان نەسەندم، ئیتر بۆ ئەمگرنەوە»
- «کێ گرتیتی سەگباب»
- «ئەی ئێوە نەبوون»
- «دەمت داخە هیچوپووچ پێمبڵێ چیت پێیە»
- «لەولاتر ڕووتکرام»

چەکدارەکەی پارتی، حەیدەر بە جاسووسی یەکێتییەکان تێگەیشت، بۆیە پێش خۆیدا بۆلای بەرپرسەکەیان و پێیگوت:

- «با هەر ئەمشەو بیبەین بۆ بارەگای سوپا بەگم»
- «ئەم دەعبایە چییە گرتووتە»
- «دەعبا نییە قوربان جەلالییە!»

بێئەوەی پرسیاری لێبکەن، یەکسەر دەم و دەست و قاچ و چاویان بەستەوە، سواری ئۆتومبیلێکی سپییان کرد

و بردیان بۆ بارەگای سوپا لە شارۆچکەی قەڵاچوالان...

فەرماندەی سوپا دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو، هەموو شتێک خۆیبوو، کەس بۆی نەبوو لێی نزیک ببێتەوە، تازە بە تازە چەکدارەکانی یەکێتیان ڕاونابوون و بارەگاکانیان داگیرکردبوون...

حەیدەر گەیەنرایە سوپا، بە شەق و زللە و سوکایەتی کردن بە ڕیشی، بردیانە لای فەرمانەدەی سووپا، ئەو چوار چەکدارەی کە بە درێژایی ڕێگەکە چوار هەزار جار لە ڕیشیان برد، لە ژووری فەرماندەی سوپا حەیدەریان تەختی زەوی کرد، یەکێکیان گوتی:

- «ئەمە جاسووسی جەلالییەکانە قوربان»

- «چۆن زانیتان جاسووسە»

- «بە ڕیشیا دیارە بەگم، جەلالییەکان هەموویان ڕیشیان هەیە، ڕیشیان ئەڵێی ڕیشی ئەم سەگبابەیە»

گیرفانی فەرماندە بەشی یەک خانووی دووقات دۆلاری ئەمریکی تێدا بوو، تەماشایەکی حەیدەری کرد و بە نوکەپێ لە قەبرغەی سرەواند، دوای چەند نووکەشەقێکی تیژ بە خزمەتکارە تایبەتییەکانی خۆی گوت:

- «ئادەی ئەو حەبل و شتەی لێکەنەوە ئەڵێی بارگیرتان بۆ تەنگەکردووم»

دەست و قاچ و چاویان کردەوە، نەیدەتوانی بە باشی ببینێ، برسی و تینوو، نەشیدەزانی چ ڕۆژێکە تێی کەوتووە، نەیتوانی هەستێتە سەرپێ، لەسەر قون لە ژوورەکەی فەرماندە لێی دانیشت...

فەرماندە چاوی خستە ناو چاوەکانی حەیدەر، بە سەرنجەوە تەماشای دەکرد، حەیدەر دەستیکرد بە چاونوقاندن و چاوکردنەوە و سەربادان، ئەویش باوەڕی بەوە نەدەکرد کە دەیبینێت، چرۆچاوی فەرماندەی سوپا غەریب نەبوو لە پێشچاوی، مێشکی حەیدەر تەواو تێکەڵبوو...

ئەو تەماشای ئەمی دەکرد، ئەمیش بەهەمان شێوە لەوی دەڕوانی، نەیاندەزانی لەکوێ یەکیان بینیوە، دڵنیابوون لەوەی یەکتری دەناسن، بەڵام ناوی یەکتریان بیر نەمابوو، زیاتر سەریان لە یەکتر بردە پێشەوە، بەڵام حەیدەر ئەوی ناسیەوە، گوتی:

- «ئەرێ تۆ شازەمان نیت؟!»

- «بەرەوەڵڵا ئەوم، تۆیش حەیدەری توخوا وا نییە، باشە ڕیشت هەر نەتاشیوە، ئەی ئافەرین ساوەڵڵا تۆ زۆر سەگی، چۆن توانیوتە لەم هەموو بگرەوبێنەیا ڕیشت بپارێزی»

بەدەم تەماشا کردنی شازەمان و دەسەڵاتەکانیەوە لە دڵی خۆیدا گوتی «بڵێی هێشتا بەعس لەسەر حوکم مابێ، ئەی نەیانوت کوردستان عەرەبی تیانەماوە، خۆ ئەم سەگبابە هەر وەک خۆی ماوە، هەموو دەور و زەمانێک هەر شایە، جلەکانی هەر جلەکانی جارانە، وا بزانم ئەو حەلەیش هەر ئەو جووتە کڵاشەی لە پێیابوو، هەر ڕەسمی ژوورەکەی گۆڕیوە، لە سەدامەوە کردویێتی بە کاک مەسعود، ئەی باوکەڕۆ لەم زۆڵی کوڕی زۆڵـە، خۆ تەریقیش نابێتەوە، وەکێرم بە نەرمایی کوزی دایکت شازەمان، لە تام و بۆی ئەو شیرەبەم نایانە سەر ئەو دەمە حیزەت، ئەی خوایە بە قوربانتبم لە دەس داماویی و ساویلکەی گەمژەیی ئەم کوردە، ئاخر بڵێ بۆ ئەمەتان نەکوشتووە، یەعنی کەسێکی تر نەبوو لەجێی ئەم گـەووادە بیکەن بە مەسوولی ئەم سەگ و گورگە؟!»

شازەمان خەیاڵەکەی حەیدەری پچڕاند، بەپێکەنینەوە گوتی:

– «ناشێ ئێستا جەلالی بی عەبو ڕیش؟»

– «نەوەڵڵا نە جەلالیم و نە سەر بە جەماعەتی مام جەلالم، ویستم لە هەسەنە گورگەوە بچم بۆ سلێمانی و ئیتر گیرام، ئەمڕۆ ئەوە دوو کەڕت بگیرێم، پێش ئێوە جەماعەتێکی تر گرتیانم هەچیم پێ بوو لێیان سەنم»

- «دەی قەینا ئێستا من پارەت ئەیەمێ»

سەد دیناری عێراقی دەرهێنا، حەیدەر لە ترسا لێی وەرگرت، شازەمان بانگی چەکدارەکانی کرد، وایاندەزانی ئەمری کوشتنی حەیدەری دەرکردووە، بەڵام گوتی:

- «با بڕوا، ناسیاوی خۆم دەرچوو»

ڕزگاریبوو، وەختێ گەیشتە دەباشان هێشتا هەر تاسابوو، لەسەر کانییەک دەم و چاوی شۆرد و ئەو خوێنەی بە ڕیشیەوە مابوو لێیکردەوە، لە دڵی خۆیدا هەر دەیهێنا و دەیبرد و لێکیدەدایەوە، لە بەرخۆیەوە دەیگوت «باشە ئەمە یەعنی چی، خۆ شازەمان لە هەموو دەورێکا هەر شای زەمانە، لە هەموو زەمانێکیشا هەر شایە!

وەرەقەی ئەو ناکەس بەچەیە بۆ قیامەتیش ئەخوات، باشە خۆ زەمانی زوو کەللە سەری کوردی ئەفرۆشت، ئەی ئەبێ ئێستا چ کەسابەتێک بکا، دە لێیگەڕێ با بیخوا لە سایەی بێمێشکی میللەتەوە، بەخوا هەر ئەو لێیەزانێ، کە ئەمان ئەونە بێموبالات بن، ئیتر من بۆچی خەم بخۆم... وەڵڵاسا وامەزانی ئەگەر ڕۆژێک ئەو شازەمان و مازەمانە بکەوێتە دەس کورد هەلاهەلای ئەکەن، کوڕە بەخوا منیش کەرم، ئاخر بڵێ بۆ بیر لەم شتانە ئەکەمەوە، موهیم ئەوەیە ئەمجارەیش ڕیشم سەلامەت دەرچوو»

بەدەم ڕێوە دەستیکرد بە گیرفانیدا، سەد دینارەکەی شازەمانی دەرهێنا، هەر هەمووی دڕاند و پارچەکانی دایە دەم ئەو بایەی کە خەریکبوو لە ئەزمڕ هەڵیدەکرد، لەگەڵ خۆیدا دیسان کەوتەوە قسەکردن « ئەوەش پارەکەت لە دینار بەدیناری بەم، هەر خوا بۆ خۆی ئەزانێ قیمەتی سەری چ داماوێکە»

گەیشتە ناو (سنەوبەرەکانی دەباشان)

لەوێ... پیرەمێردێک کە خەریکی کۆکردنەوەی قوتووی بیرە بوو، لە دوورەوە حەیدەری بینی...

قالەتاژانی... ڕۆژانە دەچووە ناو سنەوبەرەکان بۆئەوەی قوتووی فڕێدراوی بیرە کۆبکاتەوە، ئەو قوتووانەی کە گەنجانی شار دوای مەستبوون فڕێیان دەدایە بن سنەوبەرەکان، قالەش دەیچنینەوە بۆ فرۆشتن، ناوبەناو ژنەکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد...

چۆغەکەی قالەتاژانی ڕەنگێک و شەڕواڵەکەی ڕەنگێکی تر، پشتێنەکەی بە پەلی سنەوبەرێکەوە هەڵواسیبوو، وەختێ حەیدەری بینی بە سەرخۆشێکی زۆر ترسناکی تێگەیشت، لە ترسا بە گەرمی بە دەمیەوە چوو، قالەتاژانی لە هەموو تەمەنیدا تەنیا لە ئاغاکەی تاژان ترسابوو، بەڵام حەیدەر زیاتر ترساندی و ئەژنۆکانی هێنایە لەرزین...

وەختی خۆی لە تـاژان لە دایک بوبوو، لە تاژانیش ژیا تا ئەو وەختەی لە سەر خواستی ژن و منداڵەکانی بە ماڵەوە هاتبوو بۆ سلێمانی، لە سابونکەران دوکان دادەنێت، گوزەرانیان خۆشتردەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی فێری بێگارکێشان[٦٥] و خزمەتکردنی ئاغاکانی تاژان بوبوو، دڵی بەو خۆشگوزەرانیەی سلێمانی خۆشنەبوو، هەمیشە بۆڵەی دەهات و دەیگوت «دەی کاولبی سلێمانی، یاخوا کاولبی وڵات بۆ خۆت و عادەتت، دە وەرە تووخوا قەت بووە دوو ساڵ لە شوێنێکابی و یەکێ نەڵێ ئا مامەقالە ڕۆژێک یارمەتیم بە، ئاخر تووخوا ئەمە کەی شوێنە یاخوا کاولبێ«

ژن و منداڵەکانی چەندین جار داوایان لێکردبوو واز لەو قسانە بهێنێت، بەڵام قالە هەر گوێیان پێنادات و دیسان بە ماڵەوە گەڕابوەوە تاژان...

هەر یەکەم شەوی دوای گەڕانەوە، یەکێک لە پیاوەکانی ئاغا لە سەربانی ماڵی ئاغاوە بانگی دەکات و دەڵێت «هۆ مامەقالە هۆو، سبەینێ زوو خۆت حازرکە هەرەوەزی ماڵی ئاغا خۆیەتی»

ئەو شەوە قالە لە خۆشیا خەو نەچووبووە چاوی، بە منداڵەکانی گوتبوو «ئا ئەمەیە مەملەکەت توو خوا سلێمانی کەی مەملەکەتە»

قالە بە ترسەوە لە حەیدەری پرسی:

– «زۆرت خواردۆتەوە ڕۆڵە؟»

٦٥– بێگارکێشان: واتە ئیش پێکردنی زۆرەملێ .

- چیم خواردۆتەوە؟»

- «عارەق»

- «جا عارەق ئەخورێتەوە؟»

قالە کە زانی بە هەڵەدا چووە ئینجا گوتی:

- « بۆ کوێ ئەچی برا؟»

- «بۆ سلێمانی، ئەچم کاسبی ئەکەم»

- «جا بەم گرانییە کاسبی کوا؟»

- «گرانیی چی، بۆچی لە شار گرانییە؟»

مامەقالە خواخوای شتێکی وایبوو بۆ ئەوەی قسەبکات، زانی حەیدەر ئاگای لە هیچ شتێک نییە:

- «ئەیچۆن برا، ئەرەوەڵڵا گرانییە، ئەی نازانی سەدام حەساری خستووەتە سەرمان و حووکمەتی خۆیشمانی برسی کردووە، بەخوا لە برسا ئەمری هەتا زووە وەگەڕێ.»

- «ئەی حووکمەتی خۆمان؟»

- «حوکمەتی چی برا، بڵێ یەکێتی و پارتی، ئەوانیش دایمە خەریکی ڕاونانی یەکترین، ئێمەیان لە فکر نەماوە»

- «یەعنی شت گرانە لە سلێمانی؟»

- «بەڵێ، بەخوا ئەوەنەی نەماوە خەڵک بکەوێتە فرۆشتنی ماڵ و مناڵی خۆی، تۆ ئاگات لەچییە برا، ئەی نابینی من قوتووی قوزەڵقورت کۆئەکەمەوە، بە پارەیەکی کەم ئەیفرۆشم، بە کەلامی خوا ئیشی مانگێکم

یەک کیلۆ ئارد ناکا، خۆ ئەوە یەک دوو ساڵە فەقیر چایی ناخواتەوە، شەکر لە کڕین نایە، مەگەر ئەو خوایە فریامانکەوێ ئەگینا پیاو پیاو ئەخوات لەبرسا»

بە بیستنی ئەم قسانە ناڕەحەت بوو، قسەکەی بە قالە بڕی:

- «من سەڵتم هەر چۆنبێ ئەژیم»
- « سا بەخوا بەخوا حەماڵیشت دەسناکەوێ هەتا زووە وەگەڕێ»

قالەتاژانی بەجێهێشت، ئەوەندەی نەخایاند گەیشتە گەڕەکی مەجیدبەگ، لەوێشەوە بە پرسیارکردن بەرەو مزگەوتی گەورە داگەڕا، هەتا ژێر پردەکەی شەقامی مەولەوی ڕانەوەستا...

لەوێ کەمێک تەماشای ئەو پەلەوەرانەی کرد کە خەڵک دەیانفرۆشن، هەستی بە برسێتی دەکرد و پارەشی پێنەبوو، ژێر پردەکەی بەجێهێشت، بەرەو بەلەدیە کۆنەکەی شار ڕۆیشت، لەو کاتەدا دەستەیەک چەکداری پارتی بەبێ هیچ هۆیەک کەوتنە تەقەکردن بەسەر خەڵکیدا، حەیدەر خۆیکرد بە یەکێک لە چایخانەکاندا، داوای چایی نەکرد، بۆنی چایەکە زۆر خۆشبوو بە لایەوە، چونکە زۆر ماندووبوو، لەسەر کورسیەک دانیشت...

شاگردی چایخانەکە هات بەدەمیەوە:
- «شیرین یا دیش»
- «هیچیان»
- «ئاخر نابێ ئەبێ یەکێکیان هەربخۆی»
- «بابە گیان ناخۆم نا»
- «دەی کە چایی ناخۆی فەرموو بڕۆ دەرەوە»
- «باشە با تۆزێ بحەسێمەوە»

خاوەن چایخانەکە لە دەرەوە بوو، چاوی بۆ ئەو کەسانە دەگێڕا کە دەست ڕێژەکەیان کرد، گوێی لە دەمەقاڵێی حەیدەر و شاگردەکە بوو، بەرەو ڕوویان ڕۆیشت، وەختێ خاوەن چایخانە سەروڕیشی حەیدەری بینی، تەزوێکی گەرم بە کەللەیدا هات، زیاتر تەماشای سەروگوێلاکی کرد، لێی دەچووە پێشەوە و چاوەکانی زیاتر دەکرانەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی «وەڵڵا ئەوە... تەڵڵا ئەوە... بیللا خۆیەتی... بە ناموسم خۆیەتی»

شاگردەکەی بێدەنگ کرد، بە ڕێزەوە دەستەڕاستی خستە سەرشانی حەیدەر:

- «فەرموو کاک حەیدەر دانیشە ڕجات لێئەکەم، ئەم شاگردە مناڵە هێشتا نایئاوزێ[٦٦] ئیحترام چییە، لێی مەگرە!»

بەلایەوە سەیر بوو کە لە دەم خاوەن چایخانەکە گوێی لە ناوی خۆیبوو، باوەڕی نەدەکرد هەتا دەستی گرت و گوتی:

٦٦- نایئاوزێ: عەقڵی پێناشکێت، وشەیەکە لە سلێمانی دەوروبەری بەکاردێت.

- «چی ئەخۆیتەوە... چا، ماستاو، ئاو، ئەمرکە کاک حەیدەر، هەرچی داواکەی عایدی خۆمە»
- «سەلامەتبی، وەڵڵا لەتێک نان بە چاییەوە ئەخۆم برسیمە»
- «ئەی بەسەر سەر، ئادەی کوڕە نانێکی گەرم و چایەکی شیرین بێنە بۆ مامەت!»
- «من ئەناسی؟»
- «تۆ جارێ نانەکەت بخۆ جا پێتەڵێم»

لە بری یەک نان، سێ نانی خوارد بە چاییەوە، ئینجا پرسیاری کرد:

- «توو خوا تۆ کێی براکەم؟»
- «دە تۆ جارێ پێمبڵێ چۆن بوو هاتی بۆ سلێمانی؟»
- «هاتووم بۆ کاسبی کردن»
- «ڕیشەکەشت هەر وەک خۆیەتی، هەروەک ئەو ڕۆژەیە»
- «چ ڕۆژێ»
- «باوەڕ بفەرموو کاکە حەیدەر، هەتا ئێستا دانی خێرم بە پارتییەکانا نەناوە، بەڵام ئەمڕۆ مەمنوونیانم، لەوەتەی پارتی پارتییە بەقەدەر ئەم دەستڕێژەی ئەمڕۆیان خزمەتیان بە کورد نەکردووە، باشە جا ئەگەر پارتی نەبوایە چۆن بمتوانیایە جارێکی تر تۆ ببینمەوە حەیدەرگیان!»
- «ئێ ئاخر تۆ کێی کاکە؟»
- «تۆ هەستە با بچینە بەر چایخانەکە جا پێتەڵێم»

چوونە دەرەوە، خاوەن چایخانەکە بانگی شاگردەکەی کرد، داوایلێکرد تابلۆی سەر چایخانەکە بۆ حەیدەر بخوێنێتەوە، شاگردەکەش بەدەم خوێندنەوەی تابلۆکەوە ڕوویکردە حەیدەر:

- کاکە گیان ئەوە نوسراوە ((چایخانەی حەیدەر!))

پاشان خاوەن چایخانە گوتی:

- «ئێستا زانیت چەنم خۆشەوی، ئەوەتە چایخانەکەشم بە ناوی تۆ ناوناوە!»

- «ئاخر تۆ کێی، ئەی نابێ بزانم؟!»

- «من شەفیقم، شەفیق شەقاوەی جاران و حاجی شەفیقی ئەمڕۆ، ئەو شەفیقەی بە کەللەیەک لە شەقاوەییت خست و کردت بە پیاوی ناو پیاوان، ئەها ئەوەی ئەو ڕۆژە لەبەردەم مزگەوتی گەورە زنجیری هەڵەسوڕان و گاڵتەی بە ڕیشت کرد، تۆش بە یەک کەللە دەم و لوتیت شکاند!»

کتوپڕ حەیدەر میرزا تەیفور و کاک ئەحمەدی شێخ و کوڕەکەی حەمەباوە و عەبەدووسەرە و قومری و ڕەزا کەر تۆقێنی وەبیر هاتەوە، بەرامبەر شەفیق کەمێک شەرمەزاریی نواند و گوتی:

- «خەجاڵەتخۆم کاک شەفیق کە نەمناسیتەوە»

– «قەینا گوێ مەیەرێ تۆ عەزیزی لەلای من، ئیتر تۆ میوانی منی هەتا لەم شارەیابی، ئێستا وەرە بچین بۆ حەمام، پاک پاک خۆت بشۆ، هەتا تەواوەبی جلوبەرگی تازە و کڵاوو جامانە و جلی ژێرەوە و پشتێن و پێڵاوت بۆ ئەهێنم، خەمی هیچت نەبێ، دواییش ئەڕۆینەوە بۆ ماڵی خۆمان»

یەکەم جاربوو بۆ خۆشۆردن بچێتە گەرماوی بازاڕ، وەختێ چووە شوێنی خۆ ڕووتکردنەوە شەرمیکرد، بەهەر حاڵێک بوو جلەکانی دانا، پەشتەماڵێکی سپی لە کەمەر ئاڵاند و چووە شوێنی خۆشۆردن، بەو هاڵاوە گەرمەی کە دەهات بە سەریدا زۆر ناڕەحەتبوو...

چەند ژوورێکی بێدەرگای یەک نەفەری لە حەمامەکەدا بە شێوازێکی بازنەیی بەرامبەر یەکبوون، هاڵاوی گەرماوەکە بە ئاسانی چڵکی لە جەستە دادەماڵی، ئەوانەی کۆڵنجیان کردبوو لەسەر پشت درێژ دەبوون و ناتری[٦٧] گەرماوەکە پشتی بۆ دەشێلان، هەرچەند لەبەر زۆری هەڵم و بوخار خەڵکەکە بە ئاسانی یەکتریان نەدەبینی، بەڵام حەیدەر هەتا گەیشتە ژوورێک لە ژوورەکان ڕووینەهات خاولیەکە لە کەمەر بکاتەوە، ئاوی ساردوگەرمی تێکەڵکرد و دانیشت...

---

٦٧– نـاتر: بەو کەسانە دەگوترێت کە لە گەرماوە گشتییەکاندا پشتی بەساڵاچووان یان نەخۆش دەشۆرن، یان ئەگەر پێویستیان بە شێلانبێت دەیانشێلن.

سێ چوار گەنج لەو بەرەوە وەک ئەوەی بۆ تەماشاکردنی گەڵووگونی ئەو هاتبن بێشەرمانە بە ناو حەمامەکەدا دەهاتن و دەچوون، ڕووی دەمیان دەکردە ژوورەکەی حەیدەر و هەر یەکەیان شتێکی دەگوت...

یەکەمیان گوتی:

- «پەلەی لێمەکەن با جوان بیخوسێنێ حەیاتم»

دووەم:

- «جا خۆ مووسی ئەم شارە بەشیناکا لالۆ»

سێهەم:

- « خێرا خۆتان بشۆن، نەوەک خوانەکردە زێرابی ئەم حەمامە تووک بیگرێ»

هێشتا خۆی تەڕ نەکردبوو، دەشیزانی ئەو گەنجانە گاڵتەی لەگەڵ دەکەن، چڵک بە لەشیدا دەهاتەخوارەوە، جارجارە تەماشای ژوورەکانی تری دەکرد، یەکێک خەریکی پاکردنەوەی مووی بنباڵ بوو، یەکێکی تر مووەکانی سەر سنگی دەتاشی، یەکێک ڕانی و یەکێک ملی شۆڕ کردبووەوە خەریکی بەر تاشین بوو...

حەیدەر لەدڵی خۆیدا دەیگوت «باشە ئەم عالەمە بۆ ئەونە دوژمنی تووکن، بۆ خۆیان لووسەکەن، ئاخر ئەو مووانە چ ڕێیەکی لێگرتوون، خۆ قەیدار ئەیوت ژن زۆر حەزی لە مووی پیاوە، ئەی ئەم شێت و وێتانە بۆ ئەیتاشن»

خۆی شۆرد، یەکەم جاربوو بەو شێوەیە پاکوخاوێن دەرکەوێت، شەفیق جلە تازەکانی بۆ هێنابوو، بەدەم تەماشاکردنی حەیدەرەوە دەستیکرد بە پێکەنین:

- «وەی ماشەڵڵات لێبێ زۆر قۆزی ڕیشەگیان»

حەیدەریش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

- «چیە گاڵتەم پێئەکەی، وادیارە بێزوو بە کەللەیەکی ترەوە ئەکەی»

- «نە بە قوربانتبم باسی کەللە هەر مەکە ناماقوڵم کرد»

ماڵی حاجی شەفیق... لە گەڕەکی (پیرمەسوور) بوو، وەختێ لەگەڵ حەیدەر چوونەوە بۆ ماڵەوە شەفیق بە ژنەکەی گوت:

- «ئا ئەمەیە ئەو حەیدەرەی کە دایمە باسیەکەم»

خانمەکەی شەفیق زۆر بەماریفەت بوو، بە بینینی میوانەکەی کەمێک لە ڕیشی ترسا، بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی «وەی بە ساقەی ئەو ڕیشەت بم، بەخوا ئەگەر تۆ نەبویتایە قەت قەت ئەم مێردەم عاقڵ نەئەبوو، تۆ نەبویتایە ڕۆژێک لەبەردەم مەکتەبەکەمانا بە چەقۆ ورگیان ئەدڕی»

بە ئەدەبەوە دەستی خستە سەرسنگ، سەری دانەواند و بە گەرمی بەخێرهاتنی لە حەیدەر کرد، خێرا دۆشەکێکی لۆکەی بۆ ڕاخست، دوو سەرینی لەسەر دانا، حەیدەر

ئاغایانە ئانیشکی ڕاستی خستە سەر پشتیەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆر زۆر ماندوو بوو، هەتا ژنەکەی شەفیق چووە دەرەوە، پەرداخێک ئاوی بۆبێنێت حەیدەر خەوی لێکەوت...

دەرگایان داخست و بەجێیان هێشت بۆ ئەوەی پشوو بدات، شەفیق گوتی:

– «با بخەوێ، مەگەر هەر خوا بزانێ چەن هیلاکە، بە خوا لەوانەیە دوو سێ رۆژ بێ خەو نەچووبێتە چاوی»

تا ئێوارە خەبەری نەبوەوە، کە زانیان هەستاوە شەفیق چوو بۆلای:

– «سلێمانیت ڕووناک کردەوە حەیدەر»

– «لەوە زیاتر خەجاڵەتم مەکە، ئەم چاکەیەی تۆم لەبیر ناچێتەوە»

– «جا چیمکردوە برای خۆم، یاخوا بەخێربێی»

شەفیق بانگی هەر چوار منداڵەکەی کرد، پێی گوتن « کە ئەو میوانە لە مامیان خۆشەویست ترە، دەبێ ڕێزی لێبگرن، بە هێواشی پێشی گوتن نابێ تەماشای ڕیشی بکەن، هەر کامتان گاڵتە بە ڕیشی بکات بە شەق دەمی ئەشکێنم»

حەیدەر کە هەرگیز ئەو هەموو ڕێزەی نەبینیبوو لێی بگیرێت بە ژنەکەی شەفیقی گوت:

– «بەسە براژن، بەسە کاک شەفیق، ئەم هەموو ئیحتیرامە بەسە، من حەزم لە ماڵان نیە و نەبووە،

نامەوێ هیچ کەس بە هۆی منەوە تووشی عەزێتبێ، ئەوەی ئێوە ئەیکەین زۆر زۆرە»

- «ماڵ ماڵی خۆتە، حەدی ساحەب ماڵیمان نییە، تۆ پێمبڵێ ئەتەوێ چیبکەی لەم شارە؟»

- «بۆ کار و کاسبی هاتووم، دایکم و باوکم بە ڕەحمەتی خوا چوون، ئێستا هەر ساحەبی خۆم و ڕیشم و هیچی تر»

- «خوا عەفویانکا ئیشەڵڵا»

- «بەڵام پێش ئەوەی بگەمە شار کابرایەکی پیرم دی خەریکی قوتوو کۆکردنەوە بوو ئەیوت گرانییە»

- «ڕاستەکا، گرانییە، هەموو کەس بەم گرانییە ناوێرێ»

- «چی گرانە؟»

- «هەموو شتێک گرانە، کرێی سێ ڕۆژ کرێکاری یەک کیلۆ شەکر ناکا»

- « وەڵڵا من بۆ کرێکاری هاتووم، ئەی باشە حووکمەتی کوردی ئەڵێ چی و ناڵی چی؟»

- «حووکمەتی چی حەیدەر شاڵڵا هەر نەبوایە، جارێ حووکمەتەکەی سلێمانی ڕایکردوە با بێنەوە بزانین چیەڵێ»

- «بۆ کوێ ڕایکردووە... حووکمەت چۆن ڕائەکا؟»

– «چووزانم، کەراوکەر کەوتن و یەڵڵاویەحەی، کورە خۆزگەم بەخۆت کە ئاگات لە هیچ نیە، لە سلێمانی یەکێتی حووکمەت بوو، ماوەیەک لەمەوپێش پارتی و حووکمەتی عێراق یەکێتیان هەڵبڕی و برۆ بەخێراتی»
– «جا چۆنەبێ حووکمەت کەراوکەر کەوێ... ئەی نایەنەوە؟»
– «دیعایە گەرمە ئەڵێن ئەمڕۆ یا سبەی پەیائەبنەوە، تۆ خەمی ئیشت نەبێ ئەتخەمە سەر ئیش، ئەمشەو تێرتێر بخەوە خوا کەریمە تا بەیانی»

بۆ بەیانی دیسان بەدەنگی دەستڕێژی گوللە هەموو لە خەو هەستان، وەختێ هاتنە دەرەوە، دەرکەوت کە هەر ئەو شەوە یەکێتیەکان بە پاڵپشتی ئێران پارتیان لە سلێمانی دەرکردووە، چەندین کەسیش لە هەردوولا کوژراون...

حەیدەر و شەفیق دوای بەرچایی کردن ڕۆیشتن بەرەو بازاڕ، جارجارە گەنجێکی کڵاو سەوز لە خۆشی گەڕانەوەی یەکێتییەکان لوولەی کڵاشنکۆفەکەی لە پەنجەرەی ئوتومبیلەوە دەردەهێنا و بە پێکەنینەوە دەستڕێژێک فیشەکی بە ئاسماندا دەپرژاند، دوکان و بازاڕ کرانەوە، شەفیق بەدەم ڕێوە بە حەیدەری گوت:
– «ئەمەوێ مێزێک بکڕم»
– «مێز چییە، بۆچیتە؟»

- بۆ تۆ... ئێستا ئەچین مێزێک و چەند کیسەیەک خەنە و وسمە و تەزبێحی شووشە ئەکڕین، بۆ خۆت لەبەردەم چایخانەکەیا دانیشە، ئەو شتانە بفرۆشە، ئەمشەو زۆر بیرمکردەوە لە ئیشێک دەسمایەی کەمبێ»

وەک ئەوەی قسەکانی شەفیق ئازاری بدەن، کەمێک ڕوخساری تێکچوو، هەستیکرد بەڕاستی پێویستی بە یارمەتییە، لە لایەکی تریشەوە زۆری پێخۆشبوو، بۆیە گوتی:

- «باشە بەڵام بە شەرتێ»
- «شەرتی چی؟»
- «ئەو پارەیەی خەرجیەکەی ئەبێ ناوی قەرزی لێ بێنین»

شەفیق لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە حەیدەر چ قیر سچمەیەکە، بەبێ بیرکردنەوە گوتی:

- «باشە بابە باشە، با قەرز بێ بە لاتەوە، ئەگەر بە ماڵی ئێمەش ڕازیەبی لە خزمەتتاین، ئەگەر حەزیشت لە ماڵمان نییە، ئەوە پێخەفت بۆ ئەهێنم بۆ چایخانەکە و بۆخۆت لەوێ بخەوە، بەخوا کرێ ئوتێل بە تۆ نایرێ»
- «بابڕۆین و ناوی خوای لێبێنین»

چایخانەکەی شەفیق... بە ناوی حەیدەرەوە ناونرابوو، دوکانێکی درێژکۆلە، نزیکەی بیست کەسی دەگرت، دوو ڕیز کورسی بەرامبەر یەک دانرابوون، لەگەڵ چەند تەپڵەکێکی

له پلێت دروستکراو، دیوارەکانی هەمووی کرابوو بە تابلۆ خەیاڵیەکانی عومەری خەییام، لەوبەری دیوارەکە، وێنەی نالی شاعیر بەدەست و پەنجەی خالید زامداری هونەرمەند کێشرابوو... لەژێر وێنەکەش نوسیبووی:

«له باتی خوێنی خۆم ڕازیم بە ماچێ
دەســـا بیدە هەتا زیندووم و ماوم»

لەمبەرەوە ئەم دوو دێڕەی لە شیعری مەلا حسەینی ڕەنگێنە[٦٨] نوسیبوو:

«ڕەحمەت لە گۆڕی بە مەردیی ژیاو
کلکە سووتەکێ کەس ناکا بەپیاو»

وەجاخ[٦٩] و سەماوەر و قۆری و پیاڵە و نان و کیتەڵە ماست و قەیماغ و گوێز و پەنیر و هەنگوین لە دوای دواوە بوون، شاگردێکی بێدایک و باوکی هەبوو، شەفیق پارەی وەردەگرت، لە ناو چرەدووکەڵی جگەرە و تەقەتەقی پوولی دۆمینە و خرەخرِی زاری تاوڵەدا، هەندێک لە مشتەریەکان تەماشای تابلۆکانی خەییام و پەریەکانی باوەشیان دەکرد...

٦٨- مەلا حسەینی ڕەنگێنە: شاعرێکی میللیە، ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی (ڕەنگێنە) سەر بە قەزای شارباژێڕ لە دایکبووە، ساڵی ٢٠١٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

٦٩- وەجاخ: شوێنێکە لە چایخانەکاندا قۆری لەسەر دادەنرێت بۆئەوەی چاییەکە سارد نەبێتەوە.

خەڵکی جۆراوجۆر ڕوویان دەکردە ئەویٚ، پیر و گەنج و کاسبکار و خوێندکار، مامۆستا و حاکمی بێکار، و پۆلیس و ئەندازیاری خانەنشین، ئەو منداڵانەش کە تازە فێری جگەرەکێشان دەبوون...

بەدەم تەماشاکردنی خەنە و تەزبێح و ملوانکەی مێخەکەوە حەیدەر گوێی لە دەنگوباسی چایخانەکەش ڕادەگرت، جارجارە لەبەر خۆیەوە دەیگوت «ئاخ حاجی ناشەفیق چۆن توشتکردووم بە ترِوتفاقی ژنانەوە، ئاخر من لەکویٚ تاقەتم هەیە هەموو ڕۆژیٚ لەسەر خەنە بە زەعیفەیەکا بتەقیمەوە»

زۆربەی مشتەریەکانی چایخانەکەی دەناسییەوە، هیچیشیان تەماشای ڕیشیان نەدەکرد چونکە شەفیق تێی گەیاندبوون کە نابیٚ تەماشای ڕیشی بکرێت...

دکتۆر عەلادین... فرِی بەسەر کاری پزیشکیەوە نەبوو، کەچی خەڵکی بە دکتۆر بانگیان دەکرد، هەمیشە لەگەڵ حاکم سوبحان کە ئەویش کۆنەدزێکی کەموێنە بوو، بەڵام لەلایەن خەڵکەوە نازناوی حاکمی پێبەخشرابوو، پێکەوە دەهاتنە چایخانەکە بۆ دۆمینەکردن، هەموو جارێک سڵاویان لە حەیدەر دەکرد و دەچوونە ژوورەوە، زۆریان قسە دەگێڕایەوە، ڕۆژێک بەدەم هەڵدانی زاری تاوڵەوە، دکتۆر عەلادین گوتی:

- «جا قسەکەی دوێنێم بۆ تەواو نەکردی»
- «ئێ فەرمووو تەواویکە»
- «کرێکارەکە، هەر ئەو کوڕەی هەبوو ئەویش مرد، بردمان بۆ سەرقەبران، مەلا نەریمان زۆر بە پەلەپەل تەڵقینێکی کرد، بۆ ڕۆژی دوایی کوڕە شێتەکەی سالاراغا سەیارە لێیدا و کوشتی، ئەویشمان برد بۆ سەرقەبران، کەچی سەیرەکەم دیسانەوە مەلا نەریمان لەوێیە، ئەو بێئیمانە ئەوەنە تەڵقینەکەی درێژکردەوە هەمووومانی سڕکرد، بێقیمەتە هەر کوشتینی، لە داخا خەریبوو لە کەوڵی خۆم بێمەدەرەوە، لە ناو خەڵکەکەیا پەلیمگرت و هێنامە نزیک قەبرێکی تر، وتم ئەرێ ئەوە پێم ناڵێی بۆچی تەڵقینی ئەمڕۆت وەک ئەوی دوێنێ نەبوو، وتی «تەڵقین هەر تەڵقینە ڕۆڵە فەرقی دوێنێ و ئەمڕۆی بۆ نییە» وتم ئاخر پیاوی درۆزن حیز و دزبێ، دوێنێ کەس نەیزانی چۆن تەڵقینی کوڕی ئەو کرێکارە داماوەت کرد، کەچی ئەمڕۆ لە لای سەری کوڕەکەی سالاراغاوە تەڵقینێک، لای قاچی دانەیەکی تر، لای ڕاست و لای چەپیشەوە هەر خەریکی تەڵقینبووی، دوێنێش تەنها وتت ئەی فلانی کوڕی فلان تۆ مردوویت دنیات بەرە و دارولبەقا بەجێهێشت، بە حاڵ فریای فاتیحایەک کەوتین، کەچی ئەمڕۆ سی جزمەی قورئانت بەسەر کوڕەکەی سالاراغایا خوێند»

حاکم سوبحان ئەوەندە پێکەنی ئاگای لەو فێڵە نەما کە دکتۆر عەلادین لێیکرد، دوو پولی گواستەوە، لە

دوای پێکەنین حاکم سوبحان گوتی «دە با منیش باسی مەولوونامەکەی پیرێ شەوت بۆبکەم»

– «دەی فەرموو»

– « بێتۆناخۆش نیوقاپ عەرەقم خواردەوە و چووم بۆ مەولوونامەکە، تێروپڕ نان و گۆشتم خوارد و لە مەلا نزیک بوومەوە، وتم مامۆستا سوئالێک، وتی «فەرموو رۆڵـە» وتم ڕاستە ئەڵێن لە بەهەشت بەحرێک هەیە پێیەڵێن بەحری عەرەق، وتی «بەڵێ ڕاستە» وتم ئەی بۆچی ئێوە ئەڵێن حەرامە، وتی «وەڵڵا بڵێم چی منیش تیاماوم، بەڵێ لە بەهەشت بەحری خەمر و خمووری وای لێیە، لێرەوە تا هەولێر ئەبێ، جا خوا ئەفەرموێ عارەقی ئەو بەحرە زۆر خۆش و بەلەزەتە» وتم بۆچی ئەویش ئەخواتەوە، وتی «نازانم» وتم ئەیچۆن ئەزانێ عارەقی ئەو بەحرە خۆش و بەلەزەتە، وتی « کافرم مەکە بێشەرەف، بۆنی دەمت کوشتمی لاچۆ»

ئـەویـش لەفرسـەتێک دەگـــەڕا کـە دکـتـۆر عـەلادیـن سەرگەرمی پێکەنین بێت و شوێنی چوار پول بگوێزێتەوە بۆئەوەی یاریەکە بباتەوە...

هەرچەند ریشی حەیدەر ناوبەناو دەکەوتە بەر تانە و تەشەری ئەو ڕێبوارانەی بە بەردەم چایخانەکەدا تێدەپەڕین، بەڵام ئەو هەر بە کاری خۆیەوە خەریکبوو، وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبێت...

شاعرێکی شێتۆکەی خێڵ... کڵاوێکی سووری لەسەر دەکرد و ملپێچێکی پرتەقاڵی لە مل دەئاڵاند، هاتووچۆی چایخانەکەی شەفیقی دەکرد، هەموو جارێک سڵاوی لە حەیدەر دەکرد و بە پەلە خۆیدەکرد بە ژوورا، فەقیرە لە ناوەندە ڕۆشنبیریەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەی هۆڵەکاندا، کەس گوێی بۆ شیعرەکانی شلنەدەکرد، ناچار چایخانەکەی شەفیقی کردبوو بە هۆڵێکی پڕ ژاوەژاو بۆ خوێندنەوەی هەناسە شپرزەکانی...

لەناو تەقەتەقی پوولی دۆمینە و زاری تاوڵە و دووکەڵی جگەرە و چکەچکی کەوچکەکاندا، ئەوەی تازە نوسیبووی بۆ مامۆستا سەلاحی مینەخوری دەخوێندەوە، ئەو بێچارەیە دەبوو هەموو جارێک دوو سێ چایی بۆ مامۆستا بکڕێ بۆئەوەی گوێی لێڕاگرێت...

مامۆستا سەلاحی مینەخوری... یەکێک بوو لە مشتەریەکانی شەفیق، سەرقاڵی فیلمسازی بوو، قژە درێژە سوورەکەی بە کڵاوێکی فەڕەنسی دەشاردەوە، بە حسابی خۆی لە لینین دەچوو، ڕیشێکی تەنکی بە چەناگەیەوە هێشتبووەوە، زۆر لەمێژ بوو بیری لەوە دەکردەوە، کە حەیدەر لە گرتەیەکی سینەماییدا بەکاربێنێت، بەڵام زاتی ئەوەی نەدەکرد پێیبڵێت، ئێوارەیەک بە شەفیقی گوت:

- «دەمێکە ئەمەوێ شتێک بەو خەنەفرۆشە بڵێم، بەڵام جورئەتم نییە»
- «ئەتەوێ چی پێبڵێی؟»
- ئەمەوێ لە فیلمە تازەکەما دەوری بەمێ، دەوری پیاوێکی ئەنفالکراوی پێ ببینم، تەنیا دوودەقە پێویستیم پێیەتی، ئەمەوێ لە گرتەیەکی کورتا بەعسییەکان بە شمشێر ڕیشی بتاشن، چەنیش پارەی بوێ ئەیيەمێ»
شەفیق قسەکەی پێبڕی:
- «نەبابە شتی وانەکەی ، بە زاتی خوا باسی تاشینی ڕیشی بکەی بەلەسە ئەبێ و لەوانەیە بیقەومێنێ، لەبەر فلیمێک خۆت بەکوشت مەیە»
- «کوڕە وانیە ئەزیزم ئا تۆ بانگیکە بۆم»
- «بانگی ناکەم خۆت بانگیکە من ئەڕۆم بۆ نوێژ»

سەڵاح، حەیدەری بانگکردە ژوورەوە، سەرەتا کەوتە پیاهەڵدان بە شانوباڵی شانۆ و سینەما و کاری هونەریدا، گوتی شانۆ ئەمەیە و ئەوەیە، ئاوێنەی شارستانی و ڕەنگدانەوەی ئەمەیە و پیشاندانی ئەوەیە، بەڵام وەک گوێز بۆ حەیدەر بژمێرێت وابوو بۆیە قسەکانی بە کاکی دەرهێنەر بڕی و گوتی:
- «کورت و موختەسەر چیتەوێ؟»
- «ئەمەوێ لە گرنگترین کاری هونەری نەتەوەکەمانا دەورت هەبێ»

- «من!»
- «بەڵێ تۆ»
- «چۆن چۆنی، حەزەکەم خزمەتی کورد بکەم، بەس نازانم چیبکەم؟»
- «تۆ لە فیلمی ئەنفالدا دەرەکەوی، دەوری پیاوێکی کوردت ئەیەمێ کە دوای چەندین ساڵ زیندانیکردن، بەعسیەکان بە شمشێر ڕیشی ئەتاشن، ئەمەوێ موو بەمووی ڕیشت زووم بکرێ، تا هەموو دنیا ببینێ کە بەعس چەن زاڵم و زۆردار بووە بەرامبەر میللەتە ستەم دیدەکەمان»

حەیدەر هەر چەند لە هیچ تێنەگەیشت بەڵام پرسی:

- «زووم چییە و بەعسیەکان ڕیشی کێ ئەتاشن؟»
- «یاخوا سەلامەتبی، ئەی من لە بەیانیەوە باسی چیەکەم، ئەبێ ڕیشی تۆ بتاشرێ و پێنج سەد دۆلاریش هەقی ئەوە وەرەگری»
- «یەعنی ئەتەوێ بە پێنج سەد دۆلار ڕیشم پێبتاشی و ڕەسمم بگری!»
- «بەڵێ بەڵێ»

شەفیق کە بە بەهانەی نوێژەوە چایخانەکەی بەجێهێشت، بەبێ هۆ نەبوو، لە گۆشەی چایخانەکەوە تەماشای دەکردن، چونکە دەیزانێ حەیدەر ئەوەی پێقبووڵ ناکرێت...

لەپڕ حەیدەر وەک هەورەبروسکە ڕاچڵەکی، تاکێک لە پێڵاوەکانی خۆی گرت بە دەستەوە، ئەوەندەی نەمابوو چرۆچاوی سەلاح بە پاژنە پێلاو بشکێنێت و پێلاوەکەش بخاتە دەمیەوە، هەستایە سەرپێ، بە تاکە پێلاوەکە دەرگای چایخانەکەی پیشاندا و بەدەنگی بەرز هاواریکرد بەسەر سەلاحدا گوتی:

– «بڕۆ دەرەوە هەی بێقیمەتی خوێڕی، بڕۆ سەگی سەگباب، لە کوزی دایکی ئەو کەسەش بەم فێری فلیم و فلیمکاری کردی، بڕۆ هەتا نەمکردوی بە کاڵەکی گەنیو، هەی زۆڵی کوڕی زۆڵ، بڕۆ دەرەوە حییز، ساوەڵڵا جارێکی تر بێیتەوە بەم چایخانەیا بەشەق قنت ئەدڕم، ئەتەوێ لەبەر خاتری پێنج سەد دۆلار ڕیش بتاشم، یەعنی ڕیشم بفرۆشم بە پارەی ئەمەریکی، بچۆ بۆ لای حووکمەتە کوردییەکەت با فریای ئەنفالکراوەکان بکەوێ، بڕۆ هەی خوێڕی، فلیمیان بۆ دەرمەکەن، فلیم چۆن ئەتوانێ برینی ئەوان تیمارکا، بڕۆ دەرەوە سەگی سەگباب، تف لەخۆت لە فلیم و لەو کەسەیش کردیتی بە مامۆستا»

شەفیق بەپەلە سەلاحی بردە دەرەوە، لەو وەختەدا شاعیرەکە پەیدابوو، کاتێک بینی بە چوار پێنج کەس پاڵ بە گوێگرە تاقانەکەیەوە دەنێن، دەستی برد بۆ ئەو پارچە شیعرەی کە ئەو شەوە نوسیبووی، لەدڵی خۆیدا گوتی «هەر ئەم سەلاحە گوێی بۆ هەناسەکانم ڕائەگرت ئەویشیان چاخانەبەدەر کرد»

هێشتا هەر سووربوو لەسەر داواکەی بە شەفیقی دەگوت:

– «بەرییە خۆ نامخوا، بۆی ئەکەم بە شەش سەد دۆلار»

– «بیکە بەخاتری خوا سەڵاح، بەخوا هەرچی دۆلار لە ئەمەریکا هەیە بۆی بێنی و بیخەیتە باخەڵی ئەو ڕیشەی ناتاشێ، جارێکی تریش مەیەرەوە بۆ ئەم چایخانەیە بەخوا ئەتکوژێ، بڕۆ لەوبەر چا بخۆرەوە هەرچیشت خواردەوە با لەسەر من بینوسن، بەو شەرتەی نەیتەوە بۆ ئێرە، بڕۆ با قەتڵێک نەکا»

بە نەڕەنەڕی شێرئاسای حەیدەر هەموو ئەوانەی ناو چایخانەکە تف لەناو دەمیاندا وشکبوو، بە ترسەوە تەماشایان دەکرد، کە خەڵکەکەی بینی هەموو چاوی لێدەکەن توندتر نەڕاندی بەسەر ئەوانیشدا:

– «چایەکەتان بکەن بە زەهری مار، بەس تەماشامکەن»

کتوپڕ ئەوەی پیاڵەی لەبەردەم دانرابوو هەڵیگرت... ئەوەی پوولی دۆمینەی لە دەستدا بوو داینا...ئەوەی زاری تاوڵەی گرتبوو هەڵیدا... ئەوەی جگەرەی بە دەستەوە بوو بردی بۆ دەمی... ئەوەش کە پارووی لە دەمدا بوو قووتیدا...

بەهۆی (شەفیق)ەوە، حەیدەر پێویستی بە یارمەتی هیچ کەسێک و تووشی ئازار و مەینەتی نەدەبوو، چەند جارێک ویستی ئەو پارەوپوولە بداتەوە بە شەفیق کە پێشتر بۆی خەرج کردبوو، بەڵام شەفیق لێی وەرنەگرتەوە...

بۆ خۆی جلوبەرگی تازەی دەکڕی، پۆشتەتر دەهاتە پێشچاوان، مووە سپیەکانی ڕیشی ژمارەیان زۆرتر بوون، ئەوانەی حەیدەریان نەدەناسی وەک ئەو سۆفیانە لێی تێدەگەیشتن، کە سوێندیان خواردبوو بۆ هەتاهەتا عەشق لەگەڵ خودا بکەن، لە کاتی تەڕکردن و خەوتن و دەستهێنان بە ڕیشیدا هەر تاڵەموویەک لە ڕیشی هەڵوەریبا هەڵیدەگرتەوە، تەنانەت بەیانیایش بە باشی سەرینەکەی خۆی ئەمدیواودیو دەکرد، بۆ ئەوەی مووی هەڵوەریوی ڕیشی کۆبکاتەوە...

مووی ڕەش و سپی بۆ ئەو جیاوازی نەبوو، خێرا

دەیخستە ناو ئەو کیسە بۆرەی کەساڵهابوو مووەکانی ڕیشی تێدا دەپاراست، نەیدەهێشت یەک تاڵەمووی لەبەین بچێت، مەگەر تەنیا ڕەشەبا تاڵێک مووی لێ دزیبێت، زۆر حەزی لە برنج بوو، نیوەڕۆیان لە چێشتخانە تێروپڕی دەخوارد، ناوبەناویش شەفیقیشی دەبرد لەگەڵ خۆی، شارەزاییەکی تەواوی لە جۆرەکانی خەنە و وسمە و ملوانکەی مێخەک و قەزوانی جۆراوجۆر پەیداکردبوو، هەر لە قەزوانی دارەبەنەکانی کوردستان و تەزبێحی شوشە و دار و دەنکەخورماوە تا دەگاتە قەزوانی ئەبڵەق، ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر لە کەسانی گوندنشین هەبوو، جۆرەها تەزبێحیان بە ئامادەکراوی بۆ دەهێنا، ئەمیش لێی دەکڕینەوە...

مشتەریەکانی زۆربەیان ژن بوون، ئەوەندە ملوانکەی مێخەکی دانابوو هەر ژنێک بەو ڕێگەیەدا گوزەری کردبا بۆنی مێخەک گێژی دەکرد، ئەگەر پارەشی پێ نەبایە دەستی بۆ ملوانکەیەک دەبرد و بەدەم مامەڵە کردنی نرخەوە بە بۆنی مێخەک خۆیان سەرمەست دەکرد...

هەموو بەیانییەک پێخەفەکەی لەناو گوێنییەکدا دەپێچایەوە، لە ژێر یەکێک لە کورسیە درێژەکانی چایخانەکە دایدەنا، شەوانە زوو دەخەوت، زۆریش خەوی سوکبوو وەک دایکی، کە وەختی خۆی خەڵکی نادراوا گوتبویان «پورەڕەحمە ئەوەنە وریالکەیە ئەگەر مێشوولەیەک بە دزییەوە بەسەر ئاواییدا بفڕێ پێی دەزانێت»

ئێواران دوای ئەوەی شەفیق دەڕۆیشتەوە بۆماڵەوە، حەیدەر بەتەنیا دەمایەوە، شەوێک بە دەنگی بڕینەوەی قفڵی

دەرابەی چایخانەکە لەدیوی دەرەوە وەخەبەرهات، بەدەم دۆزینەوەی ئەو کوتەکەی لە ژێر کورسیەکدا حەشاریدابوو لە دڵی خۆیدا دەیگوت «باشە ئەم داماوانە ئێرە بە کوێ ئەزانن»

بڵێی وا بزانن دوکانی ئاڵتوون چییە، ئاخر ئێرە چیی لێیە، قابیلە بۆ پیاڵە دزین هاتبن» ... بە کوتەکەوە خۆی لێداگرتن، قسەی نەکرد تا دزەکان قفڵەکەیان بڕییەوە و هاتنە ناو چایخانەکە، تارمایی دوو کەسی بینی لەسەر سک هاتنە ژوورەوە، چایخانەکە زۆر تاریکبوو، دزەکان چرا دەستیەکەیان پێکرد و ڕوویانکردە ئاگردانەکە، لە پڕ ڕۆشنایی چراکە بەر ڕیشی حەیدەر و کوتەکەکەی دەستی کەوت، بە بینینی حەیدەر زمان و ئەژنۆیان شکا، ئەوەندەی نەما بە دەردی ئەو کەرە بچن کە ڕەزا کەرتۆقێن تۆقاندبووی، لەجێی خۆیان بە چۆکداهاتن...

چەکەکانی شانیان کەوتنە خـــوارەوە، بە ئاسانی حەیدەر لایتە دەستیەکەی لێوەرگرتن، وەختێ دزەکانی بینی حەیدەریش خەریکبوو لاڵ ببێت، تەماشای دەکردن و سەری بادەدا، بەدەم دەستهێنان بە کڵاوە خورییەکەی یەکێکیانەوە گوتی:

- «ئەمە ئێوە پۆلیسن کافرباوکانە، هەتیو چۆن ئەبێ پۆلیس دزی بکات، یاخوا کرمەڕێزبن بۆ خاتری ئیمامی زامن، خەڵکیش دڵیان خۆشە پۆلیس هەیە، ساوەڵڵا لەبەر قەبرەکەی دایکم نەبێ ئا ئێستا بەم کوتەکە وەک خوری ئەتانکوتم، ئەوە بۆچی هاتوون، تا ئەم کوتەکەم نەبڕیوەتە قونتان پێمبڵێن»

پۆلیسەکان خۆیاندا بەسەر کەوشەکانی حەیدەردا، دەستیانکرد بە پاڕانەوە:

– «بیکە بە خاتری قورعان، بیکە بە خاتری ئەو ڕیشە جوانەت، قسە مەکە و چەکەکانمان بەرەوە منالّ وردین، قفلێکی تازەت بۆ ئەکڕینەوە»

– «ئەگەر پێمنەلێن بۆچی هاتوون حەیاتانەبەم، خۆ ئێرە دوکانی ئالّتوون فرۆش نییە بۆچی هاتوون ها؟»

– «معاشمان زۆر کەمە، بەشی قەرز و قۆڵە و کرێ خانوو ناکا، بە گۆڕی شەهیدان دە دانە ڕۆژەبێ شەکر لە مالّمانا نییە، چایی بە خورماوە ئەخۆین، سەگەسەگەی دنیامان پێئەکەن و منالّیشمان برسین»

– «باشە هەتیو سوێن مەخۆن، ئەوەی سوێن بخوا من باوەڕی پێناکەم، ئەو سوێنەی ئێوەش خواردتان بۆ درۆکردن نەبێ هیچ کەسێ نایخوا»

– «هەموو سالێ حووکمەت سێ چوار معاش لووشەیا»

– «باسی سیاسەت و شت مەکەن لە قەبری باوکتان بەم، یەکی بە دوو کیلۆ شەکر ڕازی ئەبن؟!»

– «کورە وەڵلا بە ڕوعبە کیلۆیەکیش ڕازین»

– «ئاخر جارێکی تر مەچن بۆ دزی عەیبە ئێوە پۆلیسن»

– «تۆبە، ئیتر تەواو قەت دزی ناکەین»

هەر یەکەو دوو کیلۆ شەکریان وەرگرت، حەیدەر هێلکە و ڕۆنیشی دەرخوارد دان، ئەیزانی کە برسیانە، پێش ئەوەی پۆلیسەکان بڕۆن دەستیانکرد بە ماچکردنی ڕیشی، لە پڕ

حەیدەر بانگی کردنەوە، پۆلیسەکان وایانزانی شەکری تریان بەشدەدات، وەلێ گوتی:

– «دەڕابەکە دایەنەوە، قوفڵ و شتیش مەهێنن خۆم ئەیکرِمەوە»

وەختێ شەفیق بەمەی زانی زۆر پێکەنی و گوتی:

– «پۆلیسەکان ڕاستەکەن، چەکداری ئەم وڵاتە دایمە شەڕیان پێئەکرێ، زۆر داماون، هەموو لەتاو بێئیشی بوون بە چەکداری حیزبەکان، ئەگینا یەک تۆزیش باوەڕیان بە کوردایەتی و موردایەتی نەماوە، دەستت خۆشبێ ئەو خێرەت کرد، پێشمەرگە و پۆلیس سەرفترەیان پێ ئەشێ»

– «باشە بۆ معاشیان نایەنێ؟»

– «قسەم پێمەکە حەیدەرگیان، سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە بۆ خەڵک نییە، بۆ ئەوانە برای من»

– «ئەوان کێن؟»

– «کوڕە بابە بۆ حیزبەکانە حیزبەکان»

– «باشە ئەی ئەوان کەراوکەر نەکەوتبوون؟»

– «کەراوکەری چی بەقوربان، مێش میوانیان نییە، شەڕەکە بە فەقیروهەژار ئەکەن و خۆیشیان دایمە بەیەکەوەن»

– «باشە یەعنی مامەڕیشە ئا ئەمانەی لەدوا بەجێماوە؟!»

– «ئەرەوەڵڵا... مامەڕیشە کردی و ئا ئەمانە ئەیخۆن»

خەڵک لە دەست بێکاریی سەریان کردبووە سەر چایی خواردنەوە، هەمیشە چایخانەکان پڕبوون لە عاشقانی چایی و دۆمینە، سلێمانی لە نەزەر حەیدەردا لە نادراوا بچووکتر بوو، هەمان عەقڵ لە کەللەکاندا بوو، بەڵام دیوی دەرەوەی خەڵکی شار جلەکانیان پینەی پێوە نەبوو، قسە هەر قسەی کۆن و بیرکردنەوەش هەر هەمان بیرکردنەوە...

شەفیق و حەیدەر چووبوونە تەمەنەوە، بوون بە دوو پیرەهاورێ، شەفیق بۆ حەیدەر لەجێی هەموو کەس بوو، زۆر جاریش شەفیق داوای لێدەکرد ژن بێنێت، بەڵام حەیدەر بە باسی ژنهێنان تووشی ژانەسەر دەبوو..

مووەکانی ڕیشی حەیدەر تاڵی ڕەشیان تێدا نەمابوو، جگە لە شەفیق هاوڕێی تری نەبوو...

بەرەو بێهێزیی دەڕۆیشت، دەستەکانی عادەتیان بە لەرزینەوە گرتبوو، هیچ یادەوەرییەکی خۆشی نەبوو هەتا بیری لێبکاتەوە، گوێی بە سیاسەت نەدەدا، هەواداری خەنە و مێخەک و وسمە و تەزبێحی قەزوان بوو، ڕەنگ و بۆنی خەنە و مێخەکی گرتبوو ...

سلێمانی پڕبوو لە حیزب و حیزبۆکە، لەوسەر بۆ ئەمسەری چەپ، لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی ڕاست، لەوبەرەوە بۆ ئەمبەری ئیسلامی، حیزب گەلێکی بێشومار خزابوونە شارەوە، هەموو جارێکیش لە هەڵبژاردندا دوو حیزب دەیانبردەوە!

حەیدەر بۆی نەبوو دەنگ بدات، چونکە هەم ناسنامە و هەمیش تاقەتی نەبوو، لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا هێندەی خەڵکی دەنگدەر، کادری حیزبەکان بڵاو دەبوونەوە، دەستییان دەکرد بە درۆ و دەلەسە کردن بۆ خەڵک، حیزبە ئیسلامیەکانیش لەو هەڵمەتی درۆکردنە بەدەرنەبوون، کادرەکانیان ڕوویان لە خەڵکانی گێژ، یان گەمژە، یان ڕوخسار ناشرین، یان قەیرەکچ، یان نەخوێندەوار، یان بێئومێدەکان دەکرد...

کادرێکی ئیسلامیەکان کە بە قەولی خۆیان نزیکەی هەشت نۆ مانگێک بوو گەڕابوەوە، شەڕواڵ کورتێکی ڕیش تەنک، قولاپەی پێیەکانی دیاربوون، وەختێ لە دوورەوە چاوی بە حەیدەر کەوت لەدڵی خۆیدا گوتی «دۆزیمەوە،

بەخوا دۆزیمەوە ئائەمە خۆیەتی، ئەمەش دەنگێک خوا نەیبڕێ، ئەمە بابەتی ئێمەیە، شەرتبێ کەسبتکەم مامەی ڕیش درێژ، بەو ڕیشەیا دیارە لە حەوت ساڵییەوە نوێژ و ڕۆژوی نەچووە، ڕوبەما سۆفیشە، بەڵام بەو قورئانە لە سۆفیش ناچێ، کوڕە خۆ ئەمە ئەڵێی ئایەتەل کورسی سوتاندووە»

کاکی کادر لەبەردەم حەیدەر ڕاوەستا، بە بیانووی هەڵگرتنی کیسەیەک خەنەوە دانیشت، زۆر بە ئەدەب و بە دەنگێکی قەبە و جیاواز و قورسەوە گوتی:

– «سەلاموولڵاهی عەلەیکە برای دینیم»

حەیدەر ئاشنا نەبوو بەو جۆرە سڵاوکردنە، بەڵام لە ئاماژەی دەستی تێگەیشت، وەڵامی دایەوە:

– «بەخێر بێی کاکە، ئەوەی دەستت خەنەی هیندیە، ئەوی تریش ئێرانی، ئێرانیەکە باشترە ئەگەر بۆ ژنەکەت ئەوێ»

کیسەکەی دانایەوە، دەستیدایە تەزبێحێک، بەدەم تەماشاکردنی دەنکە قەزوانەکانەوە گوتی:

– «ناوی بەڕێزتان چییە؟»

– «حەیدەر»

– خودای گەورە جەزای بەخیرت باتەوە، کاسب خۆشەویستی خوایە»

– «ئەزانم، ئەی تۆ ناوت چییە؟»

- «موصعەب»
- «جا ئەوە ناوە برا؟»
- «ئەیچۆن ناو نییە براکەم ئیسمە ئیسم»
- «ئیسم چییە؟»
- «ئیسم ناوە»
- «حاڵی نەبووم»
- «بۆ حاڵی نەبووی براکەم، ئاخر ئەگەر ئەو خەڵکە ترسیان لەخوا هەبوایە مناڵەکانیان بە ناوی شاخوداخ و دار و بەردەوە ناو نەئەنا، ناوی موسوڵمانان فەرقی هەیە حاجی گیان»

حەیدەر بە وشەی حاجی قەڵس بوو، کەمێک بە توڕەیی وەڵامی دایەوە:

- «حاجی نییم کاک مەسعووب»
- «مەسعووب نا براکەم موصعەب»
- «جا فەرقیان چیە سەعب و مەعب و کەعب، هەر یەکێکە، خەنەت ئەوێ یا تەزبێح؟»
- «هیچیان، براکەم ڕاستیەکەی پرسیارێکم هەیە»
- «دە بیکە و بڕۆ»
- «تۆ دەنگ بەکام لایەن ئەدەیت؟»
- «هیچ لایەنێک»
- «بۆچی»

- «تاقەتی ئەو شتانەم نییە»
- «ئاخر چۆن؟»
- «کاکە من تەسکەرەم نییە دەنگ نایەم»
- «تەسکەرە موهیم نییە ئەگەر دەنگمان پێبەی بۆت پەیائەکەم!»
- «لە کوێ؟»
- «تۆ هەقت نەبێ»
- «نە بابە وتم دەنگ نایەم و تەواو»
- «دەنگ بە هەقیش نایەی»
- «هەق چییە ئەویش حیزبە؟»
- «نە کاکە هەق دینی خوایە، دەنگ بە خوا نایەی؟»
- «بۆچی خوایش حیزبی هەیە؟»
- «نە کاکە ئەستەغفیروڵڵا، دینی خوا ئەڵێم»
- «ئاخر برا خۆ من تا ئێستا سەرم بەفەرزی خوایا نەیاوە و نایشی یەم، یەک دەقە بە ڕۆژویش نەبووم و نایشبم، حاڵی بووی؟

موصعەب بە بیستنی ئەم وەڵامە هێندەی نەمابوو کفرێک بکات، بەڵام خۆی هێمن کردەوە:

- «ئەی بۆ تەوبە ناکەیت و ناگەڕێیتەوە»
- «بۆ کوێ بگەڕێمەوە، بۆ نادراوا؟»
- «نادراوا و مادراوای چی ئەیهاوار، بۆ لای خوای جەللە جەلالوهو»

- «نابیەم برا نابیەم ، من دەنگ نایەم»
- «یەعنی تۆ لەخوا ناترسی؟»
- «نەوەڵڵا، جا بۆچی لێی بترسم، چیمکردوە!»
- «ئەستەغفیروڵڵا ئەوە کوفرە براکەم کوفر»
- «بڕۆ برا بڕۆ وازم لێبێنە، ئێوە خواتان لەم عالەمە کردوە بە جەلاد، ناخۆشتان کردووە»

خوێن بەری چاوی گرت، ئەگەر بە تەنیا بوونایە هەر لەوێدا وەک مریشک حەیدەری سەر دەبڕی، بەو قسانە دین و ئیمانی ڕاچڵەکی، هەستایەوە سەرپێ، چەند هەنگاوێک ڕۆیشت، حەیدەر بە دەنگی بەرز بانگی کردەوە، موسعەب وایزانی حەیدەر ڕازی بووە کەچی بە زەردەخەنەوە پێیگوت:

- «داینێرەوە مەصعووب، مەیدزە، ئەو تەزبێحەی دەستت دانێرەوە!»

کزەبایەکی سارد سەمای بە ڕیشی دەکرد، ئەو ڕۆژە هیچی نەفرۆشتبوو، سەرنجی ملوانکەکانی دەدا، گوێی لە دەنگی هەنگاوی ڕێبوارانی جادەکە نەبوو، یەکەم جاربوو بەو شێوەیە بەدیار بازاڕە چکۆلەکەی بەردەمیەوە ڕابمێنێت... دەستبداتە ملوانکەی مێخەک و... بەدەم تەماشاکردن و بۆنکردنییەوە سەری دابخات... دواتریش بکەوێتە ناو قوولایی گێژەنی خەیاڵێکی سپییەوە...

لە ناکاو تارماییەک بەری خۆری لە چاوە سیسەکانی گرت، ملوانکەکەی دانایەوە، سەری هەڵبڕی، خانمێکی باڵابەرز، هاوتەمەنی خۆی، چاوە سەوزەکانی بەسەر ملوانکەکاندا دەگێڕا، بە پەنجە باریکەکانی عەباکەی لەسەر سنگی بە توندی گرتبوو، لەچکە سپییەکەی لە پشت برۆکانییەوە وەک بەفری یەکشەوەی قەدپاڵ دەینواند...

لاواز، بەڵام هێشتا بە گوڕ، نەرمە گۆشتی ژێر چەناگەی هێشتا سافولووس دەردەکــەوت، چەند خەتێکی درێژکۆلە لەپشت برۆکانیەوە وەک زەوییەکی تینوو، لەسەر تەختی نێوچاوانی دەبینرا، نەیدەهێشت مووە سپیەکانی نزیک گوێچکەی دەرکەوێت، دەستیدایە هەمان ئەو ملوانکەی کە حەیدەر بۆنی پێوەدەکرد، بە دەنگێکی پڕ لە نەشئەی کچانە گوتی:

- «ئەم ملوانکەیە بایی چەندە؟»

حەیدەر زیاتر سەری هەڵبڕی، تەماشای چاوی خانمە بەتەمەنەکەی کرد، وەک ئـەوەی دەنگەکە غەریب نەبێ لەلای، وەختێ چاوەکانیان ڕژانە چاوی یەکترەوە، شان و باسک و مەچەک و دەست و پەنجەی خانم بە عەباکەوە شلبوون، کراسە ڕەشەکەی دەرکەوت...

ئەژنۆکانی بۆ لەحزەیەک نوشتانەوە و دەستیانکرد بە لەرزین، گێژ بوو، باوەڕی نەدەکرد، تا دەهات چاوەکانی زیاتر دەکرانـەوە، دەنگی دڵی خۆی دەبیست، ملوانکەکە لەدەستی کەوتە خوارەوە، زیاتر سەرنجی دەدایە حەیدەر...

کزەبای ئـەو ڕۆژە زەردەخـەنـەیەکی هێنا و تێکەڵ بـە هـەنـاسـە بێهێزەکانی کـرد، بـزەی خستە سەرلێوە درزبردووەکانی، شوێنی ئەو دوو ددانەی دەرکەوتن کە دوو سـاڵ پێشتر کەوتبوون، دەیویست پڕ بە سلێمانی هاواربکات و وەک کچۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوو بقیژێنێت...

لەسەرخۆ... بەدەم تەماشاکردنی ڕیشی حەیدەرەوە بە دەنگێکی نەرم گوتی:

- «حەیدەر گیان ئەمە تۆی؟!»

وەک هەمیشە دەستێکی هێنا بە ڕدێنە سپییەکەیدا، هەستایە سەرپێ، لەو باوەڕەدا نەمابوو جگە لە شەفیق کەسێک لە ژیاندا مابێت و بیناسێتەوە، حەپەسا، خانمەکە دەستیکردەوە بە قسەکردن:

- «تۆ حەیدەری، بە کاکەحمەیی شێخ تۆ حەیدەری، بە ڕیشتا ئەزانم»

- «بەڵێ بەڵێ من حەیدەرم دایکەکەم، ئەی تۆ کێی؟»

- «زانییم... کە ئەو خاڵەم بینی لەسەر لووتت زانیم... خۆم کوتاومە خۆم... من... نارنجم... نارنج، نارنجی خاڵەعیسا!»

چەخماخەیەک دڵی هەردووکیانی تەزاند، پڕبوون لە بروسکە کوڵهاتووەکانی ڕۆح، هەناسەی سیسیان لێهەڵدەوەری، خۆزگەی بەساڵاچوویان لێچۆڕایەوە... دەستی هەردووکیان لە لەرزین کەوت، وەک ئەوەی لاڵ بووبێتن و لەسەر یەکێک لە خەرمانەکانی نادراوا دانیشتبێتن، پچڕپچڕ حەیدەر وەڵامی دایەوە:

- «نا... نارنج... نارنج گیان... ئەمە تۆی؟!»

وەک چۆن پێشتر لەسەر بانیژەکە مەکرونازی دەکرد، نارنج بە هەمان شێوە، بە هەمان نازی دەورانی جەوانی، وەڵامی دایەوە:

- «ئەی بێوەفا... نەتناسیمەوە؟»
- «ئاخر چۆن بتناسمەوە بە قوربانتبم!»
- «ئەی من بۆ تۆم ناسیەوە؟»
- «ئاخر من هێشتا ڕیشم نەتاشیوە»
- «دەک دەردوبەڵای ئەو ڕیشەت لە منکەوێ»
- «جا هێشتا مەیلت ماوە، دوای ئەو عەزێت و عەزابەی تووشی ئێوەم کرد، هێشتا دڵت نەگۆڕیوە؟»
- «ئەیەڕۆ جا ئەوە قسەیە، چۆن مەیلەگۆڕم، ئەم دڵەی من هەر هی تۆیە، بەخوا هێشتا شوویشم نەکردووە، هەر دوعامەکرد بتبینمەوە، شکور مرادیشم حاسڵبوو، وەی خوایە شووکر، ئیتر بیشمرم قەینا»
- «یەعنی شووت نەکردووە؟»
- جا چۆن شووەکەم، بەخوا دوان سیانێکیشم ئیزن یاوە، وتم ئیللا و بیللا من شوو ناکەم و نایکەم لە دوای حەیدەر، بیستم ژنت هێناوە و ژنەکە ئەووەڵ شەو مردووە ڕەببی خوا عافویکا»
- «کچێ ژنی چی بە قوربانی ئەو لەچکەی سەرتبم، بە کەلامی خوا دەسم بەری نەکەوت، عەنجەلی هاتبوو،

هێشتا بوخچەی نەکراوەم نەکراوە، هێشتا بەر ژن نەکەوتووم»

- «دەمێکە لە سلێمانیت؟»
- «زۆر دەمێکە»
- «ئەی دایکت و باوکت؟»
- «هەردووکیان مردن»
- «دایک و باوکی منیش مردن، ئێستا لەگەڵ کەمالی برامم»
- «ئەی ماڵتان لە کوێیە؟»
- «لە مەڵکەنی، ئەی تۆ حەیدەرگیان؟»

حەیدەر ڕووی وەرگێڕا و چایخانەکەی شەفیقی پیشاندا:

- «لەم چاخانەیە ئەژیم و ئەخەوم»
- «وەی کوێربم بۆت، جا چۆن ئیدارە ئەکەی»
- «ئەیکەم»

نارنج خەریک بوو دڵی پڕبێ و لە پێش چاوی حەیدەر دەست بکات بە گریان، بەڵام بینین و زانینی شوێنی حەیدەر دڵخۆشی کرد و نەگریا، عەباکەی لە ملی توووند کردەوە، تەماشای ئەملاولای خۆی کرد:

- «دەباشە... چاوو دڵم ڕۆشن بۆوە، ئێستا ئەڕۆم، ئیتر هەموو ڕۆژێ یەم بۆلات»
- «دەی باشە... بڕۆ با کەمال لێت تووڕە نەبێ».

شەو داهات، نارنج خەوی لێنەکەوت، ئاوێنەکەی گرت بە دەستەوە، لەچکەکەی لابرد، هەرچەند تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵبوو، بەڵام لە شەوانی ڕابردوو نەدەچوو، خۆی بە گەورەکچ دەزانی، زوو زوو شکوورانەی خودای دەکرد، بەدەم تەماشاکردنی خۆیەوە، بەو شەوە درەنگە مووەکانی سەری شانەکرد، دەرگای ژوورەکەی داخست و دیسان لەبەر ئاوێنەدا لە خۆی دەڕوانی...

دەستی خستە سەر مەمکە پووچەڵ و چرچەکانی، هێواش هێواش کەوتە تەماشاکردنی جەستەی خۆی، مووی سپی بە ڕانە باریک و زەرد هەڵگەڕاوەکانیەوە دەبینی، بیری لەحەیدەر دەکردەوە، لە ناو خەیاڵی عاشقانەدا نغرۆبوو، بەڵام دواجار مووە سپیەکانی فەرامۆشکرد و دەستیکردە ملی تارمایی حەیدەرەکەی...

ئەو شەوەش حەیدەریش خەوی لێنەکەوت، پەلەیبوو ڕۆژ بێتەوە، گەڕایەوە بۆ ناو قوڵایی ڕابردوو... بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە هەرەوەزی ماڵی خۆیان بوو، بە تورەگەیەک دۆ و کیتەڵەیەک ماست و شەمامەیەکەوە چوو

بۆلایان، بەچاو نارنجی تێگەیاند، کە شەمامەی بۆهێناوە، بە شاپەلی دارێکەوە تورەگە دۆی هەڵواسی، دڵۆپ دڵۆپ ئاو لە توورەگەکە دەچۆڕایەوە سەر ئەو شارە مێروولەیەی لەبن دارەکـەدا بوو، هەر لەبەرخاتری نارنج دەستیکرد بە کۆکردنەوەی چیلکە و سپلۆکین[٧٠] و ئاگری کردەوە، بەخاتری ئەویش لەکانیەکەی (مام شەوەڵان) ئاوی هێنا و چایی دەمکرد...

نارنجیش... بیری لەو شەوە دەکردەوە کە باوکی لەماڵ نەبوو، ئەو شەوەی بەفرە زۆرەکە بارییبوو، حەیدەر سێ جار بەفری سەربانی خانووەکەیانی بە وەروەرە[٧١] ماڵیی...

بیری لەو شەوە دەکردەوە کە دایک و باوکی حەیدەر لە ماڵی ئەوان میوان بوون، کاکەمین زوو زوو دەیگوت هەستە ڕەحمە با بڕۆین درەنگە، حەیدەریش دەیگوت «نا باوە گیان خۆ هێشتا مریشک نەنیشتووە»

بیری لەو شەوە دەکردەوە بۆ یەکەمجار دەستی حەیدەر بەر مەمکی ڕاستی کەوت، ئەو شەوەی بەدەم دەستبازییەوە چەند تاڵێک مووی لە ڕیشی حەیدەر هەڵکێشا بۆیادگاری، کەچی لە نزیک سەلوێنکەکە[٧٢] مووەکانی لێ ونبوو...

٧٠- سپلۆکین: دار و چیلکەی زۆر باریک بۆ خۆشکردنی ئاگر.

٧١- وەروەرە: بەفرماڵ، لە دار و تەنەکە دروست کراوە، بەفریان پێماڵیوە.
٧٢- سەلوێنک: سەرەنوێلک یاخود سەلوێنک، شوێنی فڕێدانی پاشەڕۆی ئاژەڵە.

بازاڕ جمەی دەهات ، لەناو هاتوهاواری میوەفرۆش و شیرەی ماتۆڕی سێ پێچکە و فرۆشیارە دەستگێڕەکاندا نارنج دەرکەوتەوە، بەرامبەر چایخانەکەی شەفیق دوکانێکی کوتاڵفرۆش هەبوو، بە پارچەیەک قووماشی کرێمەوە خۆی خەریککرد بۆ ئەوەی حەیدەر بیبینێت، هەر کە حەیدەر نارنجی بینی کێچ کەوتەکەوڵی، خەریکی نانخواردن بوو، خێرا پاروەکەی ناو دەمی قووتدا و هەستایە سەرپێ ، گەیشتە ئەودیو دەرگای چایخانەکە و شەفیق بانگیکرد:

- «بۆ کوێ وا بە پەلە؟»
- «پیاسە ئەکەم»
- «بەرەو بەردەرکی سەرا مەڕۆ، نزیک خۆپیشاندەرەکان مەکەوە، تۆ نەگبەتی با تووشی بەلایەک نەبی»
- «نا نا بۆ ئەوێوە ناچم»

بەرەو ڕووی نارنج ڕۆیشت، نارنج نەیدەویست کەس هەستیان پێبکات، وەک ئەو کوڕ و کچە گەنجانەی تازە فێری چاوبڕکێ و دڵداریکردن دەبوون، نارنج کەوتەڕێ، حەیدەریش دووراودوور دوایکەوت، تا دەهات عەباکەی زیاتر لە ملی توند دەکرد، ڕوویکردە جادەی مەولەوی، لە چاوی خەڵک زۆر دەترسا وایدەزانی هەموو خەڵکی شاری سلێمانی سەرنجی ئەوان دەدەن، داخۆ چی دەکەن و چی ناکەن، ئاگایان لە ڕیشی سپی و پەلکی سووورباوی خۆیان نەمابوو، چونکە عەشق داگیرسابوو، نارنج دەدگوت مەڕاڵی کێوانە و حەیدەری حەفتا و هەشت ساڵانیش وەک کەڵە کێوی، لە پڕێکا حەیدەر لە دوایەوە گوتی:

- «کچێ تۆزێ هێواش بڕۆ بە قوربانی ئەو قونەقون[٧٣] و لەنجەولارەت بم، هێواش برۆ با نەپچڕێی»
- « لە نزیکمەوە مەڕۆ با فەرقمان پێ نەکەن»
- «بۆ کوێ ئەچی بۆستە؟»
- «ئەچین بۆ ئا ئەو باخە»
- «کام باخ»
- «ئەوەی بەرامبەر قەسرە بەرزەکە»
- «ئـەی بۆ ناڵێی باخی گشتی لـە دەوری باخی جوانیت گەڕێم»

٧٣- قونەقون: بە ڕۆیشتن و لارولەنجەی سوێسکە یاخود کەو دەگوترێت.

گەیشتنە باخی گشتی، جێیەکی نەدیویان بەدیکرد و لەسەر چیمەن دانیشتن، چەند گەنجێک پیاسەیان دەکرد، هەندێک کتێبیان دەخوێندەوە، کارگوزارەکان توێکڵی گوڵەبەڕۆژە و ناوکەکولەکەیان دەماڵی، چەند کوڕ و کچێکی خوا پێداویش لەبن درەختەکاندا پێدەکەنین...

هەندێک کامێرەوان بە کامێراکانیانەوە لە دەوروبەری پەیکەری شاعیرەکان دەسووڕانەوە، حەیدەر و نارنج پشتیان کردبووە پەیکەرەکەی مەولەوی شاعیر، تەماشای یەکتریان دەکرد، نەیاندەزانی چی بڵێن و چۆن باسی کەفوکوڵی دڵی خۆیان بکەن، لە ناکاو حەیدەر بانگی ئەو منداڵەی کرد کە بەستەنی دەفرۆشت، دوو چلوورەی لێکڕی، نارنج گوتی:

- «ئەیەڕۆ حەیدەر خۆ ئێمە منداڵ نین ئەمە چیبوو کڕیت؟»

- «کچێ بیخۆ، پیرەکانیش حەزیان لە چلورەیە، بیخۆ بەقوربانی زمانتبم»

نارنج بەدەم تامکردنی چلوورەوە کەمێک بەرۆکی کراسە زەیتوونیەکەی هێنایە خوارتر هەتا حەیدەر گەردنە چرچ و لۆچەکەی ببینێ، بەڵام خێرا حەیدەر چرچاوی دا بەیەکدا، خۆی مڕوومۆچ کرد، بەچاو پێیگوت سنگی بشارێتەوە، ئینجا گوتی:

- «کچێ نارنج بە تاق و تەنیایی ئەو خوایە تۆم زۆر زۆر خۆشەوێ»

– «منیش... ئا بەو قەبرەی باوکمی تێچووە، بە حەزرەتی غەوس وا ئاگرم تێبەرەبێ بۆت، ئیتر شەرمی بۆچییە، ساوەڵڵا سا یەک جار لەو باوەشەتا بخەوم ئیتر هیچم لە دارەی دنیا ناوێ، خۆزگە نەمردمایە و تێر تێر بۆنی ئەو ڕیشەتم بکردایە!»

– «کچێ عەیبە تۆ کەی ئەونە بێعەیەب بووی، خۆ منیش وا زیڕە ئەکەم، ئەمما ئا لێرەیا چۆن شتی وا ئەبێ»

– «ئەی چیبکەین خۆ بە مەرقەیی غەوس تازە ئەبێ هەموو ڕۆژێ بوبینم»

– «ئەمجارەیش یەمە خوازبێنیت خەمت نەبێ»

– «جا بڵێی کەمال ڕازیبێ، بڵێی ئەویش نەڵێ ڕیشت بتاشە ئینجا»

– «ڕازیەبێ کچێ بۆ نابێ، نە داوای ڕیش تاشینەکا و نە هیچ، خەمت نەبێ، ئەمڕۆ لە دواتەوە ئەڕۆم... با ماڵەکەتان شارەزابم»

– «با کەس پێمان نەزانێ، بەخوا حەیا و شەرەفمان ئەچێ»

کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان بە پەنجە چەند چڵێک چیمەنی هەڵکێشا، حەیدەر پێیوابوو نەخۆشە، خێرا لێی پرسی:

- «ئەوە چییە نەخۆشی؟»

- «نەوەڵڵا، بیر لەم هاتووهاوارەی سەرا ئەکەمەوە، باشە بۆ نابڕێتەوە، ئەو عەشاماتە چیانەوێ!»

- «کچێ چووزانم، داوای هەقی خۆیانەکەن، وابزانم داوای عەداڵەت و مەداڵەت ئەکەن، هەموو ڕۆژێ لە دوای نیوەڕۆوە ئەو ناوە قەرەباڵغ ئەکەن، هەڵبەتە شتێک هەیە نارنج گیان، بەڵام بەینی خۆمانبێ من لەیەک شت زۆر پەستم»

- «لەچی پەستی عەزیزەکەم؟»

- «کە ئەبینم لەبەر دەرکی سەرا نوێژی جومعە و جەماعەت ئەکرێ، بە دەس خۆم نیە زۆرم پێناخۆشە، نازانم بۆ ئەم کوردە واز لە لاسایی کرنەوە ناهێنێ، ئەو ڕۆژە لە تەلەفزوێنا خەڵکی شوێنێکم دیی لەسەر جادە نوێژی جومعەیان ئەکرد، ئیتر ئەمانیش لاسایی ئەوانیان کردەوە، دەی وەڵڵاهی ئەگەر من لە جیاتی خوابم ئەو نوێژە لە کورد قبووڵ ناکەم!»

گوێی دابووە قسەی خۆشەویستەکەی، چونکە وەک خۆپیشاندەرێک، یان وەک ئەوانەی بەردەرکی سەرا قسەی دەکرد، حەیدەریش بەردەوامبوو لە دەربڕینی ناڕەزایی و دەیگوت:

- «ئەم حووکمەتە نمەک حەرامە دەسی نەپاراست لەو خەڵکە، شەلم کوێرم ناپارێزم تێیان کەوت، وابزانم هەشت نۆیەکی لێ کوشتوون تا ئێستا، لە هەموویشی عەجایەبتر ئەوەیە حووکمەت جوابێکی ئەو خەڵکە نایاتەوە، نە بە باش و نە بە خراپ، هەر بە خەیاڵیشیا نایە»

نارنج ئاوڕێکی دایەوە، چاوی کەوتە سەر پەیکەری مەولەوی، پەنجەی بۆ پەیکەرەکە درێژکرد:

- «ئا ئەمە کێیە حەیدەر؟

- «کچێ تۆ چیت داوە بە سەریەوە، خوا ئەزانێ چ مەلایەکە»

- «مەلا نییە، ئەم بتانە بۆ مەلا و شت دروست ناکرێ»

- «ئەی قابیلە کێیە خۆ باوکم نییە»

- «لەوانەیە ئەولیا بێ»

- «کچێ هەر کەس هەیە، تۆ عەلاقەت چییە بە سەریەوە، ناشێ حەزت لێکردبێ»

- «دڵت لێم پیسە»

- «بەڵێ دڵم پیسە و ئەولاتریش، نابێ بە بەردیش بڵێی جوان!»

- «ئەیهـــای... ئەوە چییە، تازە کێ حەز لە من ئەکات، ئەی باشە پێم بڵێ ئەو کوڕ و کچانە بۆ ڕەسم لە پەنای ئەو بتەیا ئەگرن، بەخوا هەبێ و نەبێ کابرایەکی

موهیمە، خۆزگە ئەمزانی کێیە، دەدەی حەیدەر گیان با ئێمەیش بچین ڕەسمێکی لە پەنایا بگرین»

دڵی نەشکاند، چوونە بەردەم پەیکەرەکە، حەیدەر بانگی کامێرەوانێکی گەڕۆکی کرد، پێش ئەوەی وێنەکە بگرن، نارنج لە کامێرەوانەکەی پرسی:

– «ئەوە ئەم پیاوە کێیە ڕۆڵە، ئەم خەڵکە بۆ ڕەسمی لەگەڵ ئەگرن؟»

– «ئەمە پەیکەری حەزرەتی مەولەویە؟»

– «مەولەوی کێیە، ئەویش پیاغەممەر و شتیوا بووە؟»

– «نە دایەگیان ئەمە شاعیرێکی گەورەی کوردە»

– «چووزانم، ئەی ناڵێن سەد و بیست وچوار هەزار پیاغەممەر هەیە؟»

حەیدەر هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە فیزەوە گوتی:

– «ئادەی کوڕە ڕەسمێکی ملەووەنمان بۆ بگرە»

دیسان شەو هاتەوە...

حەیدەر بیری لەوە کردەوە بچێت بۆ کوچەکەی ماڵی نارنج و چەند ساتێک تەماشای ماڵەکەیان بکات، هەتا سەبووری ببەخشێت بە دڵ و دەروونی خێر لەخۆنەدیوی خۆی...

کیسەیەک خەنە بۆ نارنج و تەزبێحێکی لاسووری دەستنەخشی خۆی بۆ کەماڵ خستە ناو کیسێکی نایلۆن، پارچەیەک خەڵوزیشی هەڵگرت!

لە چایخانەکە هاتە دەرەوە، بەرەو مەڵکەندی بەڕێکەوت، چەند دەقیقەیەک دوای نیوەشەو حەیدەر گەیشتە کۆڵانە باریکەلەکەی ماڵی نارنج، بەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەی نارنج ڕاوەستا، هێشتا چرای ژوورەکە ڕۆشنبوو، تا قاچەکانی ماندوو بوون تەماشای پەنجەرەکەی کرد، چووە نزیک دەرگای حەوشە، دیاریەکانی دەستی هەڵدایە ئەودیو بۆ ناو حەوشەکەیان...

بێخەبەر بوو لەوەی کە نارنج هێشتا نەخەوتووە، بە دەنگی کەوتنەخوارەوەی کیسەکە نارنج هاتە بەرپەنجەرە، تەماشای کۆڵانی کرد، تارمایی کەسێک هاتە بەرچاوی، یەکەمجار بە پیاوخراپی تێگەیشت، بەڵام وەختێ ڕۆشنایی چرای ئوتومبیلێک کۆڵانی ڕووناک کردەوە چاوی بە ڕیشی خۆشەویستەکەی کەوت و چوو بە دەمییەوە...

دەرگای حەوشەی کردەوە، بینی وا حەیدەر بە پارچە خەڵوزێک خەریکی کێشانی تابلۆی دڵێکی خواروخێچە لەسەر دەرگای ماڵەکەیان!

ئاگای لە نارنج نەبوو، ئەو دەیویست کارە هونەرییەکەی تەواوبکات و تیرێکیش لە ناوەڕاستی دڵەکە بچەقێنێت، بۆ ئەوەی کە ڕۆژ بۆوە مەعشووقەکەی بیبینێت، بەڵام بەر لەوەی کارەکە تەواو بکات، نارنح بانگیکرد:

– «حەیدەر ئەوە چییەکەی، چییەنووسی، بۆچی هاتووی؟»

پارچە خەڵوزەکەی دەستی فڕێدا و وەڵامی نارنجی دایەوە:

– «نارنج گیان ئەوە تۆی، نەخەوتووی، هاتووم تەماشای ماڵەکەتان بکەم!»

– «وەی بەخێر هاتی... وەرە حەوشە وەرە، وەرە بەساقەی ریشت بم»

بێئەوەی قسەیەک بکەن، لە حەوشە یەکتریان لە باوەشگرت، تا هێزیان تێدابوو بە دەستی لەرزۆکیان یەکتریان گوشیی بە خۆیانەوە، گوێیان لە کڵپە و ناڵەی هەناسەی یەکتری گرت، بۆنیان بە خۆشەویستییەوە دەکرد، لە کۆنەعەشقێکی سادەوساکار ئالاّن، چەند ساتێک بە بێدەنگیی مانەوە، دواتر دەستیان شلبوو، هەردووکیان بە دڵی پڕەوە لە یەکیان دەڕوانی، نارنج گوتی:

– «بۆچی بەم شەوە هاتووی، نازانی وەزع خراپە، بەیانی خۆم ئەهاتم بۆلات»

– «چی بکەم فکرم لای تۆ بوو، خەوم لێنەئەکەوت، وتم با هیچ نەبێ چاوێکم بە ماڵەکەتان کەوێ»

– «ئەی ئەوە چیبوو فڕێتدایە حەوشە؟»

– «کیسەیەک خەنە بوو بۆ تۆ، لەگەڵ تەزبێحێکی دەسنەخشی خۆم بۆ کەمال، لێرەیشا ویستم ڕەسمی دڵ دروسکەم بۆ ئەوەی بەیانی بیبینی، نیوەی مابوو تەواویکەم ئیتر خۆت هاتی»

– «بە قوربانتبم حەیدەر خۆ ئەڵێی منالی، ئەی لە پۆلیس نەترسای لەم کۆلاّنەیا بتگرن؟»

– «نەوەڵلاّ»

– «دە باشە بڕۆ حەیدەرگیان سبەینێ یەمەوە بۆ لات»

– «نا... تۆ مەیە... خۆم یەمەوە، تازە بەبێ تۆ نازانم بژیم، سبەینێ یەم بۆ لای کەمال خوازبێنیت ئەکەم!»

لە خۆشیا هیچی بۆ نەگوترا، کەمێک لە جێی خۆی ڕاما، لەپڕ وەک منالێکی لاسار چووە باوەشی حەیدەر، چەند ماچێکی سەروڕیشی کرد و پاشان گوتی:

- «ئۆخەی، حەمدوسەنا بۆ تۆ خوایەگیان»

کەڵەشێرێک لەژێر پردەکەی جادەی مەولەوی بانگی بەیانیدا، حەیدەر وەخەبەر هات، کاسبکارانی بەر بەلەدیەکە پەیدابوونەوە، وەختێ شاگردەکە گەیشت حەیدەر قۆریەکەی نابووە سەر ئاگر، چایخانەکەی ڕێکخستبوو، پاش کەمێک حاجی شەفیقیش گەیشت، سەر و دیشلەمەیان هەڵقوڕاند، شەفیق کەمێک گلەیی لێکرد چونکە لە مێژبوو نەچوبوو بۆ ماڵیان، بەڵام حەیدەر گوێی بە گلەییەکان نەدا و گوتی:

– «وەختی گلەیی نییە ئەمڕۆ ئیشم پێتە»

– «یا ئەڵڵا خێر، هەر ئیشێکی تۆ بە من بکرێ سەرم پێوە نییە»

– «سەلامەتبی»

– «ئیشەکە چییە؟»

– «ئەچین بۆ خوازبێنی!»

شەفیق وایدەزانی گاڵتەی پێدەکات، قاقا دەستی بەپێکەنین کرد:

- «تخوا بەم بەیانیە زووە کەی وەختی نوکتەیە حەیدەر»
- «نوکتە نیە شەفیق بە ڕاستمە»
- «ئێ باشە، خوازبێنی کێ بکەین بۆ کێ؟»
- «خوازبێنی نارنج ئەکەین بۆ من»

پێکەنین تەواوبوو، شەفیق چاوەکانی زەقبوونەوە، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات حەیدەر داوای ژن بکات، بۆیە وەڵامی دایەوە:

- «ئەمزانی کە شتێک هەیە، بەڵام عەقڵم بۆ ئەمەیان نەئەچوو، زۆرباشە کەوایە خۆت هەموو شتێکت بڕاندوەتەوە»
- «نارنج یەک برای هەیە، تەئکیدم پێیوتووە، تەئکیدم براکەیشی ڕازیبووە، تەئکیدیشم ژنی براکەیشی هەر ڕازییە»

خوازبێنی زۆر بە ئاسانی و بەبێ هیچ گرفتێک کۆتاییهات، کەمال نقەی لێوەنەهات، نە باسی ڕیشی حەیدەری کرد نە مارەیی، ڕوویکردە شەفیق:

- «کچ کچی خۆتانە، لە حەیدەری لای خۆشمان بترازێ کەسی تر موستەهەقی نارنج نییە، ئیشەڵڵا خوا هەقی ئەو هەموو ئازارەی ڕابردوویان بۆ ئەکاتەوە، یاخوا پیرۆزتان بێ»

حاجی شەفیق پیرە مێردێکی زۆر ناشرین بوو، بەڵام زۆر جوان هەستایە سەرپێ و لە جیاتی حەیدەر دەستی کەمالی ماچکرد، چونکە لە ڕێگەدا حەیدەر پێی گوتبوو کە هیچ دەستێکی ماچ نەکردووە و ماچیشی ناکات، دواتر حەیدەر ڕوویکردە کەمال:

– «وا بزانم پێویست بەوە ناکا عەلام[٧٤] و شت دەربێنین»

کەمال... کە باش حەیدەری دەناسی بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

– «عەلامی چی خۆ تەسکەرەت نییە، هەر عێراقیش نیت، عەلامیش بەبێ ئەو شتانە دەرنایە، لە مزگەوتی گەورە لای مەلایەک مارەیکە»

– «ئەی تۆ نایەی لەگەڵمان»

– «چۆن نایەم، جا من لە نارنج زیاتر کێم ماوە، یەڵڵا فەرموون با بڕۆین»

بەردەرکی سەرا ورووژابوو، لەناو فڕکەفڕک و ڕاکەڕاکی پۆلیس و خۆپیشاندەراندا... لەبەردەم مزگەوتی گەورە نارنج و شەفیق و حەیدەر و کەمال دەرکەوتن، تەقە

٧٤– عەلام: ئەم وشەیە لە باشووری کوردستان زۆر باوبووە، تا ئێستاش خەڵکانێک بەکاری دەهێنن، بەڵگەنامەی یاسایی هاوسەرگیری.

دەستی پێکردبوو، خەڵک ڕایاندەکرد و پۆلیس بەدوایانەوە، هەندێک لە پۆلیسەکان بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران دارلاستیکیان بە دەستەوە بوو، بەرد و هەڵماتی شوشەیان تێدەگرتن...

ئەوەندەیان نەمابوو بگەنە مزگەوتی گەورە، گەنجێکی خۆپیشاندەر بەرەو ڕوویان ڕایکرد، ئەو پۆلیسەی کە بە دوای گەنجەکەوە بوو، بەدەم ڕاکردنەوە هەڵماتێکی خستە ناو دارلاستیک و ڕووە و گەنجە هەڵاتووەکە تەقاندی، بەڵام هەڵماتەکە ڕاست بەر پەنا گوێی نارنج کەوت...

نارنج قیژاندی، خوێن بە شان و ملیدا هاتەخوارەوە، بە بینینی ئەو خوێنە حەیدەر چاوی سوور بوو، وەک ئەوەی پاڵەوان و ڕێبەری خۆپیشاندەران بێت پۆلیسەکەی گرت، خستیە ژێر خۆیەوە، هەردوو ئەژنۆی خستە سەرسنگی، دەستی نایە بینەقاقای، ئەگەر شەفیق و کەمال بیانهێشتبا پۆلیسەکەی دەخنکاند...

حەیدەر هەر لەسەر جادەکە، خڕە بەرێکی هاوێژراوی هەڵگرت، چەند جارێک بەردەکەی کێشا بەو پەنجانەدا کە هەڵماتەکەیان پێهاویشت...

لەولاترەوە... چەند پۆلیسێک هێرشیان هێنا بۆ حەیدەر، بە هانای هاوڕێکەیانەوە هاتن، کەوتنە وێزەی حەیدەر، جامانە قوتەکەیان خستە خوارەوە، بە شەق و زللە و مستەکۆڵە حەیدەریان گێژ کرد...

شەفیق و کەمالیان گرتبوو بۆ ئەوەی ناوبژی نەکەن، زۆر لە حەیدەریاندا، دەمیان پڕکرد لەخوێن، وایاندەزانی خۆپیشاندەرێکی توندڕەوی ئیسلامییە، ئەوان بێخەبەر بوون لەوەی کە حەیدەر لە تۆڵەی مەعشوقەکەی وایکرد، ئیدی بێئەوەی حساب بۆ ڕەنگی ڕیشی بکەن، هەتا توانیان لێیاندا، لەتاو حەیدەر نارنج ئێش و ئازاری پەناگوێی لەبیر نەمابوو، هەر هاواری دەکرد:

- «توخوا لێی مەیەن، گوناحە، پیرە، لەبەر من وایکرد، خەتابار نییە»

پۆلیسەکان گوێیان بە تکاوڕجای کەس نەدا، کەوتنە ڕاکێشان و گاڵتە پێکردنی ڕیشی حەیدەر، نارنج و شەفیق و کەمال بەردەوامبوون لە تکاکردن، یەک لەدوای یەک دەپاڕانەوە:

- «توو خوا ڕیشی ڕامەکێشن، بیکەن بەخاتری خوا عەزێتی مەیەن، ئەو پیاوە ئاژاوە گێڕ نییە، بۆ مارەکردنی ژن هاتووە، خۆپیشاندەر نییە، بەرییەن بیکەن بەخاتری خوا، بەرییەن یاخوا غەوری غەزەب بن، بۆ وای لێئەکەن؟

وەختێ پۆلیسەکان لە تەمەنی حەیدەر و نارنجیان ڕوانی گاڵتەیان بەو قسانە هات، ئەوانە لەکوێ و هاوسەرگیری و مارەبڕین لەکوێ...

لەناکاو چەند کەسێکی دەمامکدار پەیدابوون، کەوتنە سووکایەتیکردن بە حەیدەر و ڕدێنە سپییەکەی، یەکێکیان گوتی:

- «بیگرن بۆم»

دیمەنەکە بۆ ئەوان فیلمێکی زۆر کۆمێدی بوو، حەیدەریان هەستاندە سەرپێ، هەردوو دەستیان تووند لەدواوە گرت و بەرامبەر ئەو پۆلیسە ڕایانگرت کە گوتی بیگرن بۆم، پاڕانەوەی نارنج و شەفیق و کەمال سوودی نەبوو...

پۆلیسەکە گوتی:

- «باش بیگرن با ڕیشی بسووتێنم!»

حەیدەر کە گوێی لەم قسەیە بوو، سەرەڕای ئەو هەموو ئێشوئازارەی دەم و لووت و شان و مل و پشتی، بۆ یەکەمجار پاڕایەوە:

- «نا... توخوا ڕۆڵە نەکەن... ئیشی وا مەکەن... هەرچی ئەکەن بیکەن، بەڵام ڕیشم نا... بەخوا ئەم ڕیشەم لە مووسی بەعسییەکانیش پاراست... هیچ حوکمەتێک نەیتوانی ڕیش بەمن بتاشێ... تووخوا خۆ ئێوە کوردن... بۆ ڕیشم ئەسووتێنن ڕۆڵە!»

جووڵەیان لە حەیدەر بڕیبوو، نەیانهێشت کەس بێتە پێشەوە، یەکێک لە چەکدارە دەمامکدارەکان هەر بەو چەرخەی کە جگەرەی پێدادەگیرساند، بە چەند چرکەیەک تەواوی ڕیشی حەیدەری هەڵپڕووزاند!

وەک مردووی لێهات بەدەستیانەوە...

جەستەی ساردوسڕ بوەوە، ماسولکەکانی لەشی شلبوون، بێدەنگیەکی بێوێنە باڵی بەسەر جیهانی پڕئەندێشەی حەیدەر و دەوروبەری مزگەوتی گەورەدا کێشا، بۆنکڕوزی ڕیشی حەیدەر... گەیشتە مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ و تێکەڵ بە کەشوهەوای ئەو ڕۆژە شوومە بوو...

بۆ یەکەمجار چەناگەی حەیدەر دەرکەوت، شوێنی ڕیشە تەمەن درێژەکەی سوور هەڵگەڕا، ڕوومەت و چەناگەی کزانەوە، هێزی نەما، وەک ئەوەی قسە لەگەڵ خودا بکات، چاوی بڕییە منارە بەرزەکەی مزگەوتی گەورە، دڵنیابوو کە هیچ دەرمانێک نەما بۆ تیمارکردنی ڕیشی، خوێن و فرمێسک ڕژانە ناو چاوەکانی، لەسەر جادەکە دانیشت، قاچەکانی ڕاکێشا و دەستەکانی خستە سەر ئەژنۆ، سەریشی خستە سەر شانی نارنج...

شەفیق دەگریا، کەمال دەستی چەپی خستبووە سەر چاوەکانی و سەری داخستبوو، چونکە باش دەیانزانی ئەو ڕیشە بۆ حەیدەر چ مانایەکی هەبوو، هەر لەسەر جادە و پێش ئەوەی هەستێتەوە، کیسە پڕ لە مووەکەی باخەڵی دەرهێنا، تەماشای ئەو مووە وەریوانەی ڕیشی خۆیکرد کە پێشتر هەڵی گرتبوون...

نارنج نەیدەزانی چۆن حەیدەر ژیر بکاتەوە، نەشی دەوێرا دەست ببا بۆ شوێنی ڕیشی، بەدەم هەنسک هەڵکێشانەوە گوتی:

- «لە دەوری سەرت گەڕێم... هەستە با بڕۆین، هەستە بە قوربان، تازە خۆ من هی تۆم، تۆ ئیتر منت هەیە کزەی جەرگم، ماوەیەکی تر ڕیشت یەتەوە ئیشەڵڵا، دە توخوا هەستە بەس بگریی»

هێشتا خوێنی برینەکەی نارنج نەگیرسابوەوە، بەڵام بەهۆی ڕیشی خۆشەویستەکەیەوە هەستی بەئازار نەدەکرد، بە هێمنی دەگریا، لەناکاو حەیدەر سەری هەڵبڕی، تەماشای نارنجی کرد، بە گەروویەکی پڕ بۆن کڕووز و دەروونێکی پڕ خۆڵەمێشەوە گوتی:

- «مەگری... مەگری نارنج»

بە پێشچاوی کەمالی برایەوە سەری حەیدەری ماچکرد، شەفیق دەستی خستە سەرشانی حەیدەر، بە جامانەکەی فرمێسکی چاوەکانی وشککردەوە، بەو هەموو خەمە قورسەوە، لەناو تەقوتۆقی ئەو ڕۆژەدا دیسان حەیدەر هەستایەوە سەرپێ و ڕوویکردە نارنج:

- «ئیتر هیچ نەما خەفەتی بۆ بخۆم، با بڕۆین نارنج گیان، نەوەک بمانکوژن، وەرە با بگەڕێینەوە!»

- «بۆ کوێ بگەڕێینەوە، ئەی نەچین بۆ لای مەلا؟»

- «نەخێر، ناچین بۆ لای مەلا، مەلامان بۆ چییە»

- «ئەی بۆ کوێ بچین گلارەی دییەم؟»

- «لەمڕۆ بە دواوە ناتوانم یەک هەناسەی تر لە هەوای ئەم شارە هەڵمژم، ئەگەر هەموو شارەکانی

کوردستان بکەن بە ناومەوە نامەوێ... چونکە جێی ڕیشی منیان نەکردەوە، تازە سلێمانی بەمن چی، ئیتر چ دڵێکم بەم وڵاتە خۆشبێ... هەزار ڕەحمەت لە قەبری (فەرەج کەرانی) کە دایمە ئەیوت « بەینایەتی کەر و کورد زۆر کۆنە... ئەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئادەم و حەوا!»

بە کیسەی مووە وەریوەکان، خوێنی سەر ملی نارنجی پاککردەوە، شوێنی هەڵماتە شووشەکەی ماچکرد، دواتر تەماشای شەفیقی کرد و گوتی:

- «ئەوەڵ ئەچین بۆماڵی ئێوە، خواحافیزی لە براژنم و مناڵەکان ئەکەم»

شەفیق ئەوەندە بێتاقەت بوو نەیتوانی وەڵامی بداتەوە، دواجار حەیدەر ڕوویشی کردە کەمال:

- «تۆیش بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆتان، خەمی نارنجت نەبێ، ئیتر ماڵی نارنج لەناو دڵی منایە، ئێمە ئەڕۆین، لەم شارە نامێنین، سلێمانی شوێنی من و نارنج نییە»

کەمال سەری بەرزکردەوە، بەچاو ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ڕۆیشتنیان، دەستی ڕاستی نارنج لە سەرشانی حەیدەر بوو، کەمال و شەفیق هاتنە پێشەوە، حەیدەر وایدەزانی لێی دەپرسن داخۆ فەرەج کەرانی کێیە و چییە و لەکوێیە و خەڵکی کوێبووە، بەڵام هیچیان نەگوت... ئەوەی

کەمال دەیویست بیڵێت، لەسەر زمانی حاجی شەفیق بوو، پێش ئەوەی کەمال پرسیارەکە بکات شەفیق گوتی:

- «بۆ کوێ ئەچن حەیدەر؟»

- «ئەگەر نارنج بێ لەگەڵم ئەچینەوە بۆ نادراوا !»

حەیدەر قسەکەی تەواو نەکرد... نارنج وەڵامی دایەوە:

- «ئەیچۆن نایەم لەگەڵتا... یەڵڵا با بڕۆین... هەر لە شوێنە کۆنەکەی ماڵی باوکم خانوێکی تازە دروست ئەکەینەوە لە نادراوا».